رووداو
RÛDAW
ژمارە (496) دووشەممە 2018/3/5 – 14ی ڕەشەمێ 2717 (750) دینار

## لە دهۆک چەند پارچەیەکی شوێنەوار دەدزرێن

**رووداو- دهۆک**

هەفتەی رابردوو ناوچەیەکی گرنگی شوێنەواری لە دهۆک کەوتە بەر پەلاماری قاچاخچیانی شوێنەوار و چەند پارچەیەکی شوێنەواری لەو شوێنە دزران.

هەوڵەکانی دزینی شوێنەوار لەدوای هێرشی داعش بۆ سەر شاری مووسڵ زیادیان کردووە و چەندین باندی قاچاخچێتیش دروستبوون کە بازرگانی بە شوێنەوارەکانی کوردستان و عێراقەوە دەکەن.

ئەشکەوتی هەڵامەت کە دەکەوێتە ناوەڕاستی چیای زاوا لە باشووری سەنتەری شاری دهۆک، ئۆتۆمبێلی ئاسایی نایگاتێ، بەڵام هەفتەی رابردوو چەند دز و قاچاخچییەکی شوێنەوار توانییان بە ئۆتۆمبێلێکی هەمەر خۆیان بگەیەننە ئەشکەوتەکە و چەند پارچەیەکی شوێنەواری ئەشکەوتەکە بدزن. رۆژی 2018/2/29 دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوە لە دادگای دهۆک بۆ ئەم مەبەستە کرایەوە، بەڵام هێشتا کەس دەستگیر نەکراوە.

بەرپرسی بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک بە (رووداو) راگەیاند، ئەو پارچە شوێنەوارەی کە دزراوە پێیدەگوترێ شوێنەواری سەنحاریب.

تا ئێستا هیچ کەسێک لەسەر دزییەکەی ئەشکەوتی هەڵامەت دەستگیر نەکراوە، بەڵام ساڵی رابردوو 10 کەس لەسەر دزینی شوێنەوار لە پارێزگای دهۆک دەستگیرکراون.

«2

### ئەمریکا تانکە ئابرامزەکانی سوپای عێراق چاک ناکاتەوە
14

هاوسەرۆکی هەدەپە بۆ (رووداو):
### پەکەکە ئامادەبوو چەک دابنێ
6

مەرجەعێکی شیعە بۆ حیزبە کوردستانییەکان:
### ئامۆژگاریی عەبادی دەکەین
7

داوا دەکات کۆتایی ئەم مانگە ببەسترێ

# ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی کاتی کۆنگرە دیاری دەکات

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی:
**ئەنجوومەنی ناوەند دەسەڵاتی دیاریکردنی رۆژی کۆنگرەی نییە**

3



کۆمەڵایەتی 13

### گومان لە مردنی زاواکەی رۆڤیا دەکرێ



راپۆرتە هەواڵ 2

### دوو پۆلیس لەسەر گرتە ڤیدیۆییەکە دەستگیر دەکرێن

راپۆرت 4

### لەسەر نەوتی کەرکووک سکاڵا لە دژی بەغدا تۆمار دەکرێ



5

خۆشەویستە یۆنانییەکەی سەددام حوسێن بۆ (رووداو):

# بەو کۆتاییە تراژیدییەی سەددام دڵتەنگ بووم

سەددام نەیکوشتم بەڵام ژیانی لێبردم

عودەی دەستدرێژی کردە سەر هەردوو کچەکەم




کۆمەڵایەتی 13

### شەش کور باوکە بە تەمەنەکەیان فڕێدەدەن



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 496 ) - دووشەممە 2018/3/5



## لە گولاڵە داعش سێ ماسیگر دەکوژێ

**ڕووداو - هەولێر**

لە گوندێکی سەر بە شارۆچکەی گولاڵە لە سنووری گەرمیان، چەکدارانی داعش سێ ماسیگری عەرەب دەکوژن، بۆ دانەوەی تەرمەکانیشیان داوای 40 هەزار دۆلار دەکەن. رائید سمکۆ عەلی، بەڕێوەبەری ئاسایشی شارۆچکەی کۆکسی سەر بە قەزای کفری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2018/3/4، چەکدارانی داعش سێ هاووڵاتی گوندی عیونیان کوشتوون، بۆ دانەوەی تەرمەکانیشیان داوای 40 هەزار دۆلار دەکەن". بەگوتەی رائید سمکۆ، سێ هاووڵاتییەکە لەسەر دەریاچەی حەمرین لەکاتی ماسیگرتندا لەلایەن کۆمەڵێک چەکداری داعشەوە دەستگیرکراون، دواتر گوللەبارانکراون، بۆ دانەوەی تەرمەکانیشیان داوای پارە لە کەسوکاریان دەکەن.

### نە کەس کوژراوە و نە کەسیش خۆی کوشتووە

# دوو پۆلیس لەسەر گرتە ڤیدیۆییەکە دەستگیر دەکرێن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو - هەولێر**

دوای بڵاوبوونەوەی گرتەڤیدیۆیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بریتییە لە دانپێدانانی ژمارەیەک گەنج لە ژن و پیاوی دەستگیرکراو لە ماڵێکدا گوایە خانەی لەشفرۆشی بووە ، ئەو گرتەیە کاردانەوەی زۆری بەدوادا هات و پاشان دەنگۆی ئەوەش بڵاوبووەوە کە یەکێک لەوانەی لە ڤیدیۆکەدا دەرکەوتووە خۆی کوشتووە و یەکێکیشیان کوژراوە، بەڵام قایمقامی هەولێر هەموو دەنگۆکانی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند کە هیچ یەکێک لەوانە نە خۆی کوشتووە و نە کوژراوە.

### دوو پۆلیس دەستگیرکراون

نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر دوایین زانیاری لەبارەی ئەو دۆسیە بە (ڕووداو) ڕاگەیاند و گوتی: "دوای بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆییەکە، داواکاری گشتی سکاڵای تۆمار کرد و بە بڕیاری دادوەر دوو پۆلیسی ڕێککاری کە تۆمەتبارن بە تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییەکە، دەستگیرکراون. هەروەها بە بڕیاری وەزیری ناوخۆ ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوە بۆ بەدواداچوونی کەیسەکە پێکهێنراوە و لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە دەستپێکردووە".

قایمقامی هەولێر گوتیشی: "ئەوانەی لە ماڵەکە بوون بەپێی ماددەی سێی لەشفرۆشی دەستگیرکراون. ئەوانەشی کە گرتە ڤیدیۆییەکانیان گرتووە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان کردووەتەوە، هێشتا دیار نییە کە بۆچی ئەو کارەیان کردووە و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەردەوامە، ئەوانیش دەبێت بەپێی یاسا سزای خۆیان وەربگرن".

ڕۆژێک دوای بڵاوبوونەوەی ئەو گرتەیە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە یەکێک لەو گەنجانەی دەرکەوتووە، خۆی کوشتووە، یەکێک لە ئافرەتەکانیش لەلایەن کەسوکارییەوە کوژراوە. نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی هەولێر ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "بەداخەوە بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەک ئەم جۆرە هەواڵە ناڕاستانە بڵاودەکرێنەوە، ئەوانەی باس دەکرێن تەنیا دەنگۆیە و دوورن لە ڕاستییەوە، چونکە هیچ کەسێک نە خۆی کوشتووە و نە کەسیش کوژراوە، بەڵکو ئەوانە ئێستا بە بڕیاری دادوەر ڕاگیراون و بەپێی یاساش سزا دەدرێن".

> **سزای پۆلیسەکان تا پێنج ساڵ بەندکردن دەڕوات**
>
> پارێزەرێک

### سزای پۆلیسەکان چییە؟

ئارام گەردی، پارێزەری ڕاوێژکار، لەبارەی سزای ئەو کەسانەی گرتە ڤیدیۆییەکەیان تۆمار کردووە و بڵاویان کردووەتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "بڵاوکردنەوەی ئەو گرتەیە، ئەگەر ناوی لێنەنرێت کارەسات، ئەوە ڕووداوێکی یەکجار جەرگبڕە، بەپێی یاسای ژمارە 6ی ساڵی 2008 لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، ماددەی دوو کە ئەم حاڵەتە دەگرێتەوە، ئەو کەسانەی ئەو تاوانەیان کردووە، بەندکردن و غەرامەکردنیش دەیانگرێتەوە، بەندکردنەکە بە 6 مانگ تا 5 ساڵ دەبێت، غەرامەکەش لە یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت".



### سزاکەیان قورسترینە

ئەوانەی گرتە ڤیدیۆییەکەیان بڵاوکردووەتەوە پۆلیسن، بۆیە ئەو پارێزەرە دەڵێت "ئەگەر کەسەکان سەر بە پۆلیس یان سەر بە هێزەکانی ناوخۆ بن، ئەوە هەر بەپێی ماددەی 5ی هەمان یاسا سزا دەدرێن کە تێیدا هاتووە، ئەو کەسەی ئەو تاوانە دەکات، ئەوا بە بارێکی توندکراو سزاکەی بەسەردا دەسەپێنرێت. هەروەها بەپێی یاسای جێبەجێکردنی یاسای سزای سەربازی ژمارە 19ی ساڵی 2017 کە لە هەرێمی کوردستان بەرکارە، پێویستە لە دادگای هێزەکانی ناوخۆش سزا بدرێن، ئەمەش دوای ئەوەی وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەک پێکدەهێنێت و لێکۆڵینەوە دەکات و دادوەر بڕیاری لەسەر دەدات".

> **بازرگانییان پێوە دەکرێ**
>
> بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبارەی کارکردنی ئەو ئافرەتانەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، بەشێک لەو کچانەی دەستگیرکراون، لەلایەن کەسانی نزیکیانەوە بۆ دەستکەوتنی پارە لەشفرۆشییان پێکراوە، تەنانەت لەناویاندا هەیە کە تەمەنی لە خوار 16 ساڵییە. هەروەها پیاو هەبووە، دوو هاوژینی هەبووە و کاری لەشفرۆشیی پێ کردوون.

### دەتوانن سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەن

بە گوتەی ئارام گەردی، ئەو کەسانەی لە گرتەڤیدیۆییەکەدا دەردەکەون، دەتوانن پەنا بۆ دادگای تایبەتمەند ببەن و سکاڵای خۆیان لەدژی بکەرەکان بەرز بکەنەوە.

# چەند پارچە شوێنەوارێکی گرنگ لە دهۆک دەدزرێن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو - دهۆک**

هەفتەی ڕابردوو ناوچەیەکی گرنگی شوێنەواری لە دهۆک کەوتە بەر پەلاماری قاچاخچیانی شوێنەوار و چەند پارچەیەکی شوێنەواری لەو شوێنە دزران، بەرپرسێکی شوێنەواری دهۆکیش دەڵێت لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵی دزینی شوێنەواری 212 ناوچەی شوێنەواری لە پارێزگای دهۆک دراوە.

هەوڵەکانی دزینی شوێنەوار لەدوای هێرشی داعش بۆ سەر شاری مووسڵ زیادیان کردووە و چەندین باندی قاچاخچێتیش دروستبوون کە بازرگانی بە شوێنەوارەکانی کوردستان و عێراقەوە دەکەن.

ئەشکەوتی هەڵامەت کە دەکەوێتە ناوەڕاستی چیای زاوا لە باشووری سەنتەری شاری دهۆک، ئۆتۆمبێلی ئاسایی نایگاتێ، بەڵام هەفتەی ڕابردوو چەند دز و قاچاخچییەکی شوێنەوار توانییان بە ئۆتۆمبێلێکی هەمەر خۆیان بگەیەننە ئەشکەوتەکە و چەند پارچەیەکی شوێنەواری ئەشکەوتەکە بدزن. ڕۆژی 2018/2/29 دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوە لە دادگای دهۆک بۆ ئەم مەبەستە کرایەوە، بەڵام هێشتا کەس دەستگیر نەکراوە.

نقین محەممەد، بەرپرسی بەشی یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک بە (ڕووداو) ڕاگەیاند: "ڕۆژی 25ی مانگ پاسەوانێکی ئێمە ئاگاداری کردینەوە کە چەند کەسێک شوێنەواری ئەشکەوتی هەڵامەتیان تێکداوە، دواتر لیژنەیەک سەردانی شوێنەکەی کرد و ڕاپۆرتێکی لەو بارەیەوە ئامادە کرد، دەرکەوت چەند کەسێک بەشدارییان لە دزینی شوێنەواری ئەشکەوتەکە کردووە، ئەو پارچە شوێنەوارەشی دزراوە پێیدەگوترێ شوێنەواری سەنحاریب".

> **بەرپرسی بەشی یاسایی لە شوێنەواری دهۆک**
>
> **ساڵی ڕابردوو 10 کەس لەسەر دزینی شوێنەوار دەستگیرکراون**

زۆربەی دۆسیەکانی دزینی شوێنەوار دەچنە بەردەستی نقین، ئەو دەڵێت کەس لەسەر دزینیەکەی ئەشکەوتی هەڵامەت دەستگیر نەکراوە، بەڵام ساڵی ڕابردوو 10 کەس لەسەر دزینی شوێنەوار دەستگیرکراون.

بەپێی سەرچاوەکان، مێژووی دروستبوونی ئەشکەوتی هەڵامەت بۆ 2700 ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. لە ساڵی 1935ەوە لەلایەن یونسکۆوە وەکو ناوچەیەکی شوێنەواری ناسێنراوە. ئەشکەوتەکە چوار تابلۆی ئاشوورییەکانی تێدا دروستکراوە.

نقین محەممەد ئاماژەی بەوەدا کە لەدوای سەرهەڵدانی داعش و پەلاماردانی مووسڵ لەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە، بازرگانیکردن بە شوێنەوار پەرەی سەندووە. نقین دەڵێت "بەردەوام هەوڵ هەیە بۆ بردنی شوێنەوارەکانی مووسڵ بۆ دەرەوە لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بووە بۆئەوەی خەڵکی دهۆک و بەشێک لە ئاوارەکانیش هەوڵی دزینی شوێنەوار بدەن".

کۆڤان ئیحسان لێکۆڵەر و شوێنەوارناس لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دهۆک، ئاماژە بۆ هەوڵەکانی دزینی شوێنەوار لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوو دەکات و دەڵێت: "لە ساڵی 2014ەوە تاوەکو ئێستا هەوڵی دزین و تێکدانی 212 ناوچەی شوێنەواری لە پارێزگای دهۆک دراوە کە دواییینیان شوێنەوارەکەی چیای زاوا بووە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری دهۆک، 456 ناوچەی شوێنەواری لە سنووری پارێزگای دهۆک هەن، جگە لەوەش زیاتر لە 4000 پارچە شوێنەوار لە مۆزەخانەی دهۆک پارێزراون.

دادوەر سدقی سەلیم خان، لێکۆڵەر لە دادگای دهۆک باسی سزای ئەو کەسانە دەکات کە بازرگانی بە شوێنەوار دەکەن و دەڵێت "سزای ئەو کەسانەی بازرگانی بە شوێنەوار دەکەن، یان ناوچە شوێنەوارییەکان تێکدەدەن لە سێ مانگ بۆ شەش ساڵە، بەڵام ئەوانەی کارمەندی شوێنەوار بن، سزاکەیان دووقاتە".

ئەو دادوەرە ناسنامەی ئەو کەسانەی ئاشکرا دەکات کە بازرگانی بە شوێنەوار دەکەن و دەڵێت "ئەوانەی هەتا ئێستا لە دادگای دهۆک دادگایی کراون، زۆربەیان کوردن، بەڵام عەرەبی ئاوارەشیان تێدابووە".

### سلێمانی بە 70 ملیۆن دینار نەورۆز دەکات

# حکومەت و ڕێکخراوەکان لەسەر ئاگری نەورۆز ڕێکنەکەوتن

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو - سلێمانی**

بەگوێرەی ئەو پلانەی بۆ نەورۆزی ئەمساڵ دانراوە، سلێمانی خۆی بۆ نەورۆزێکی تەواو جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو ئامادە دەکات و دوای هەوڵێکی زۆر و چوار جار کۆبوونەوە. حکومەت و ڕێکخراوەکان لەسەر یەک ئاگر و یەک شوێن ڕێکنەکەوتن بۆ جەژنی نەورۆز. بەرپرسی یەکێک لە ڕێکخراوەکانیش دەڵێ "ئامادەنەبووین ئاهەنگ و چالاکییەکانمان تێکەڵ بەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بکەین، چونکە ئێمە پێمانوابوو ڕەسەنایەتی نەورۆز ئەوەیە لە مامە یارە بکرێ نەک شوێنێکی دیکە".

ئامادەکارییەکان بۆ ئاهەنگ و چالاکییەکانی جێژنی نەورۆزی ئەمساڵ لە سلێمانی دەستیان پێکردووە. بەڵام وەک ساڵانی ڕابردوو قەرەباڵخییە سەرسامکەرەکە لە شەقامی سالم نابینرێ و شوێنی ئاهەنگ و چالاکییەکان بەجۆرێکن کە هەر لەئێستاوە خەریکە سەر لە خەڵک بشوێنن.

بابەکر دڕەیی، بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی لەماوەی هەفتەیەکدا زیاتر لە 60 چالاکی هونەری و ڕووناکبیری بەڕێوەدەچن، کۆتا ڕۆژی هەفتەکە نمایشی شانۆیی دەبێت کە تایبەتە بە ڕۆژی شانۆی جیهانی و دەکەوێتە ڕۆژی 27ی ئەم مانگە

هەفتەی ڕووناکبیریی نەورۆز، لە ڕۆژی 3/20 بەکردنەوەی ئاگری نەورۆز دەستپێدەکات و حەوت ڕۆژ دەخایەنێ، سەرجەم چالاکییەکان بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بەڕێوەدەچن، ڕووداو وردەکاریی ئامادەکارییەکانی دەستکەوتووە کە بەڕێوەبەراتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی و ڕێکخراوەکان هەریەکەیان بەجۆرێک چالاکییەکان بەڕێوەدەبەن.

هۆشیار ئەحمەد، سەرۆکی لیژنەی باڵای هەفتەی ڕووناکبیریی نەورۆز، بە (ڕووداو)ی گوت "سەرەتا مەشخەڵی ئاگری نەورۆز لەگردی مامەیارە هەڵدەگرین و بەرەو پارکی هەواری شار بەرێدەکەوین و دواتر لەوێ ئاگری نەورۆز دەکەینەوە". هۆشیار ئەحمەد ڕوونیکردەوە "هەڵگرتنی مەشخەڵەکە لە گردی مامەیارە ڕێزێکە لە پیرەمێردی شاعیر کە لەسەردەمی ئەودا نەورۆز بە بەرنامە ڕێکدەخرا لەو جێگایەی ئێستا گۆڕی پیرەمێردی لێیە".

بودجەی هەفتەی ڕووناکبیریی نەورۆز لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، لەسەر بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری دابینکراوە، سەرۆکی لیژنەی باڵای هەفتەی ڕوناکبیری نەورۆز، دەڵێ بۆ "هەموو هەفتەکە نزیکەی 70 ملیۆن دینارمان دابینکردووە".

بەڵام ڕێکخراوەکانی دەرەوەی حکومەت، کە لەسەرەتاوە لە گفتوگۆدابوون لەگەڵ حکومەت بۆ ئەوەی پێکەوە ئاهەنگەکە بگێڕن و دواتر ڕێکنەکەوتن، لە هەریەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی کەلەپووری کورد، تیپی هونەری میللی، کۆمەڵە ڕووناکبیریی یارسان، ڕێکخراوی یارسان، بزووتنەوەی زەردەشتی، ڕێکخراوی یەسنا، بە جۆرێکی دیکە ئامادەکارییان دەستپێکردووە.

محەممەد مەردان، بەرپرسی کۆمەڵەی کەلەپووری کوردی و سەرۆکی لیژنەی باڵای ئاهەنگی ڕێکخراوەکان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوان چوارجار لەگەڵ لیژنەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی کۆبوونەتەوە نەگەشتوونەتە هیچ ئەنجامێک بۆ ئەوەی یەک ئاگر بکەنەوە و یەک یاد بۆ ئەو جەژنە ڕێکبخەن. ئێمە وەک خۆمان لە گردی مامەیارە نەورۆز پیرۆز دەکەین".

سەبارەت بە بودجەی بۆنەکەش. مەردان گوتی "لەساڵی 2008ەوە بودجەمان لەلایەن پارێزگاوە بۆ تەرخاندەکرا، بەڵام ئەمساڵ هیچ بودجەیەکمان پێنادەن، لەبەرئەوەی ئامادەنەبووین ئاهەنگەکان ببەینە پارکی هەواری شار"، گوتیشی ئەوان لە بەردەم ماڵی پیرەمێردەوە مەشخەڵی نەورۆز هەڵدەگرن و بەرەو گردی مامەیارە بەرێدەکەون و لەوێ ئاگری نەورۆز دەکەنەوە.

پێشتر ئاهەنگەکانی نەورۆز لەگردی مامەیارە بەڕێوەدەچون. هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە لە ڕۆژگاری ژیانی پیرەمێردی شاعیردا ئەو ئاهەنگانە لەوێ کراون، بەڵام لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بەعسییەکان بۆ ئەوەی سیمای کوردەوارییی ئەو ئاهەنگانە لەیادەوەریی خەڵکی سلێمانیدا بسڕنەوە، ئاهەنگەکانیان بەزۆر بردە شەقامی سالم (سەهۆڵەکە)، دواتر بە هەوڵی چەند کەسایەتییەک ئاهەنگەکان برانەوە گردی مامەیارە.

ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ لە سلێمانی دوو ئاگر و لە دوو شوێنی جیاواز دەبێ لە یەککاتدا، ئەوەش وادەکات خەڵک بەسەر دوو چالاکی جیاوازدا دابەش ببن

محەممەد مەردان دەڵێت "ئێمە دوای هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر توانیمان نەورۆز بگێڕینەوە بۆ باوەشی ئەو جێگەیەی کە پیرەمێردی شاعیر نەورۆزی تێدا پیرۆز کرد. بەداخەوە ئێستا بۆ ئەمساڵ نەورۆز دەبەنە جێگەیەک هیچ پێوەندی بەو یادەوە نییە، نەورۆز و مامەیارە دووانەیەکی لێکدانەبڕاون".

ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی باڵای هەفتەی ڕووناکبیری نەورۆز دەڵێ، هۆکاری گواستنەوەی ئاهەنگەکان لە شەقامی سالمەوە بۆ پارکی هەواری شار تەنیا لەبەر ئەوەیە کە پارکی هەواری شاری شوێنێکی بەرفراوانە و خەڵکێکی زۆر دەگرێ.



## "پەرلەمانتاران بەنیازبوون بە کۆمەڵ دەستلەکاربکێشنەوە"

**ڕووداو - هەولێر**

جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، یاسای چاکسازی مووچەی فەرمانبەری ئاسایی کەمناکاتەوە، بەڵکو زیادیدەکات، خانەنشینی پەرلەمانتاریش ناکاتە چوار ملیۆن دینار. ئاشکراشیدەکات بەهۆی ئەو فشارە زۆرەی کرایە سەریان، پەرلەمانتاران بەنیازبوون دەستلەکارکێشانەوەی بەکۆمەڵ پێشکەشبکەن. لەبارەی ئەوەی بۆچی یاساکەتان پەسندکرد و ئێستا دەیگەڕێننەوە بۆ پەرلەمان، چەعفەر ئیمینکی گوتی "پەسندمانکرد لەبەرئەوەی ڕێککارەکانی نێو پەرلەمان بەو ئاراستەیەکدا ڕۆیشتن بگاتە پەسندکردن، بەڵام دەستوورەدانی دەرەوەی پەرلەمان بەتایبەتی لە فەیسبووک کاریگەری نەرێنی لەسەر پەرلەمانتاران دروستکرد، کار گەیشتە ئەوەی لەدوای پەسندکردنی یاساکە، هەڵمەتێکی ڕێکخراوی ناڕەوا و زۆر ناشیرین و فراوان لەسەر پەرلەمانتاران بەڕێوەبچێت".

# ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی کۆتایی ئەم مانگە بۆ کۆنگرە دیاری دەکات



**ڕووداو - سلێمانی**

ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی گوشار بخاتە سەر سەرکردایەتی حیزبەکەی تاوەکو پێش کۆتایی ئەم مانگە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی ببەسترێ. ئەندامێکی سەرکردایەتیی ئەو حیزبەش دەڵێ "بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی تەنیا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەسەڵاتی دیاریکردنی ڕۆژی کۆنگرەی هەیە".

دوو ڕۆژ لەمەوبەر، عادل موراد، سەرۆکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی، لەگەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کۆبووەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، پشتیوانی خۆی بۆ هەوڵەکانی ئەنجوومەنی ناوەند دەربڕیوە کە دەیانەوێ بەر لە کۆتایی ئەم مانگە یەکێتی کۆنگرە ببەستێ. هەر دوای کۆبوونەوەکەش شاناز ئیبراهیم ئەحمەد کە بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتییە، ڕایگەیاندبوو، یەکێتییەکان هەمووومان ڕۆژی دووشەممە لە هۆڵی تەلاری هونەر دەبین بۆ ئەوەی ڕۆژی کۆنگرەی یەکێتی دیاری بکەین.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوکرێتەوە، ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە کۆبوونەوەکەی دووشەممەی ئەنجوومەنی ناوەند بۆ ئەوەیە پرسی کۆنگرە یەکلایی بکرێتەوە "یەکێتی هەڵبژاردنی لە بەردەمە و ئەوە پرسێکی چارەنووسسازە بۆ یەکێتی، ڕووداوەکان و پرسە گرنگەکان لەبەردەم ئێمەن و سەرکردایەتیش وادیارە ناگەنە ئەنجامێک و دەمێکە ئێمە چاوەڕێی ئەوان دەکەین، بۆیە بە دڵنیاییەوە، ئەنجوومەنی ناوەند مافی خۆیەتی پرسی کۆنگرە یەکلایی بکاتەوە".

ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی کە لە 100 ئەندام پێکدێ، لە دوایین کۆنگرەی یەکێتیدا بڕیاری دروستکردنی دراوە، ئەنجوومەنەکە زۆرتر ڕاوێژکارییە و ڕۆڵی پەرلەمان بۆ یەکێتی دەبینێ.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی، هەروەها دەڵێ: "پێشتر سەرکردایەتی یەکێتی کۆبوونەتەوە و هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کۆنگرە لەم مانگەدا ببەسترێ، بۆیە دەکرێ ئەنجوومەنی ناوەندی کە پەرلەمانی یەکێتییە، ڕۆژێک دیاریی بکات".

ناکۆکییەکانی باڵی دەستڕۆیشتووی یەکێتی بە سەرۆکایەتی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ، جێگری سکرتێری گشتی، لەسەر میکانیزمی بەستنی کۆنگرەیە.

حەمەی حەمە سەعید، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، پێیوایە کۆنگرە پێویستە بۆ یەکێتی بەڵام بەو کێشانەی ئێستاوە ئاسان نییە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو ببەستن.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە بەرپرسانی یەکێتی دەستیکەوتوون، کێشەی زیاتر لەسەر چۆنێتی دیاریکردنی ئەندامانی کۆنگرەیە، باڵی کۆسرەت ڕەسوڵ ترسی ئەوەیان هەیە، باڵی دەستڕۆیشتوو کۆنترۆڵی کۆنگرەکە و سەرکردایەتی داهاتووی حیزبەکە بکەن بەتەواوی، بەهۆی ئەوەی زۆرترینی ئەندامانی کۆنگرە سەر بە ئەوان دەبن. ئەوە وێڕای نیگەرانییان لە شێوازی ئامادەکارییەکانی ئەو کۆنگرەیە.

نەسروڵڵا سورچی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ: "ئەنجوومەنی ناوەند دەسەڵاتی دیاریکردنی ڕۆژی کۆنگرەی نییە و سەرکردایەتی یەکێتی ئەو بڕیارە دەدات".

گوتیشی: "بەڵام دیارە ئەنجوومەنی ناوەند دەیانەوێ یەکێتی کۆنگرەی چوارەمی زۆر دوانەکەوێ. مەرجیش نییە وەک بڕیاری کۆتایی بڕیار لەسەر ڕۆژ و کاتی کۆنگرە بدەن و لەوانەیە سەرکردایەتی یەکێتی بخەنە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی کۆببنەوە".

ڕۆژی 2018/2/22 هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نامەیەکی پڕ لە هۆشداری بۆ جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی نارد و داوای لێکرد کە تا ڕۆژی 2/25 کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بکرێ و ڕۆژی بەستنی کۆنگرە بە فەرمی دیاری بکرێ "ئەگەرنا ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی مێژوویی دەبنەوە". لە بەرامبەریشدا کۆسرەت ڕەسوڵ وەڵامێکی توندی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی دایەوە و گوتی کۆنگرەیەک ناکەن کە یەکێتی بەرەو "حیزبی بنەماڵەیی" ببات.

ڕۆژی 2018/1/24ی سەرکردایەتیی یەکێتی لە کۆبوونەوەیەکدا ڕۆژی 5ی ئاداری بۆ بەستنی چوارەمین کۆنگرە دیاری کرد، بەڵام ئەمڕۆ ئەو ڕۆژە هات و یەکێتی کۆنگرەی نەکرد. ئەمە لە کاتێکدا وا بڕیار بوو سەرکردایەتیی یەکێتی کۆبوونەوەیەک بکات، بۆ جێگیرکردنی ئەو ڕۆژە بۆ بەستنی کۆنگرە.

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە بەشێکی نامەکەیدا گوتبووی: "من دواجار وەک خوشکێک داوات لێدەکەم کە بە زووترین کات ئەو کۆبوونەوەیە ساز بکەیت....هیوادارم بەرپرسیارێتی سەرشانی خۆت بە ئەمانەتەوە جێبەجێ بکەیت بۆ ئەوەی کە ناوت وەک هەڵوەرێنەری چەپکە گوڵەکەی مام و یەکێتی نەچێتە لاپەڕەکانی مێژووەوە".

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتی، هەرزوو وەڵامی نامەکەی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدی دایەوەو گوتی: "نامەکەت زیاتر بۆ بڵاوکردنەوە نووسراوە، بۆ کەڵەکەکردنی تۆمەت و پڕوپاگەندەی دەستەگەری و ململانێی نابەجێی نێو یەکێتی نووسراوە، نەک بۆ چارەسەرکردنی وەزعی پەرێشانی یەکێتی و جەماوەری گەلەکەمان".

> ### ئەنجوومەنی ناوەند دەسەڵاتی دیاریکردنی ڕۆژی کۆنگرەی نییە
> ئەندامێکی سەرکردایەتیی یەکێتی

هەروەها گوتبووی "بەداخەوە تۆ خۆت و کەسوکارەکەت بەبێ گوێدانە مێژووی یەکێتی و بێ حیسابکردن بۆ پێگەی مام جەلال و خەباتی هاوڕێکانی بە ڕێکەوتنی ژێر بەژێر لەگەڵ ئەملاو ئەولادا، یەکێتی-تان دووچاری کۆمەڵێک هەڵەی سیاسی حیزبی و نەتەوەیش کردووەتەوە".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی کە دەڵێ نزیک نییە لە هیچ لایەکیانەوە، ڕەخنە لە هەردوو ئاراستەکە دەگرێت و دەڵێ، بەو شێوەیە ناتوانرێ کێشەکان چارەسەر بکرێن "من هیوادارم کۆنگرە ئەوەندەی دیکە کێشەکان گەورەتر نەکات، باشترە پێش دیاریکردنی ڕۆژ و کاتی کۆنگرە، هەردوولا بگەنە ئەنجامێک".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) قوباد تاڵەبانی لەنێوان هەریەک لە کۆسرەت ڕەسوڵ و هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد دا، نێوەندگیریی دەکات و کار بۆ ئەوە دەکات لانیکەم لەسەر وەلانانی کێشەکانیان ڕێکبکەون، بەڵام تاوەکو ئێستا بە ئەنجامێک نەگەیشتووە.

## بەهۆی نیگەرانیی عوسمانی حاجی مەحموودەوەیە

# گۆڕان کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی بۆ کاتێکی نادیار دواخستووە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو - سلێمانی**

ڕۆژی پێنجشەممەی پێشووتر، تەواوی ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان ئاگادار کرابوونەوە بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی ئاسایی مانگانەی جڤات، بەڵام دوو ڕۆژ پاشتر و پێش وادەی کۆبوونەوەکە پێیان ڕاگەیێندرا ؛ کە کۆبوونەوەکە دواخراوە بۆ کاتێکی دیکە. بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند بەرپرسێکی بزووتنەوەکەوە دەستیکەوتوون، نیگەرانییەکانی عوسمانی حاجی مەحموود، هۆکاری دواخستنی کۆبوونەوەکە بووە.

هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕەتیدەکاتەوە عوسمانی حاجی مەحموود ئەوەندە لە ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندن تووڕە بووبێ کە بیر لە دەست لەکارکێشانەوە یان دوورکەوتنەوە لە بزووتنەوەی گۆڕان بکاتەوە، بەڵام وەک ئەو باسی دەکات، هەندێک گۆڕانکاریی ئەمدواییە ئەوی نیگەران کردووە "ئەو لە شێوازی بڕیاردان لە گۆڕانکارییەکان و بڕیارەکان نیگەران بووە، ئەگینا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ڕێکخەری گشتی و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن نییە".

ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان، ئاماژە بە بڕیاری گۆڕینی بەڕێوەبەری میدیای کەی ئێن ئێن و لیژنەیەکی حەوت کەسی دەکات کە کاندیدەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق تێدا بووە "کاک عوسمان لەوە نیگەرانە کە دەبوو جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لیژنە دیاری بکات بۆ دیاریکردن و هەڵسەنگاندنی کاندیدەکان نەک ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندن".

> ### کۆبوونەوەی جڤات بەهۆی پرسەیەک دواکەوت
> ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی

ئەوە دووەمین جارە عوسمانی حاجی مەحموود، یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەو بزووتنەوەیە نیگەران دەبێ. لە سەرەتای مانگی نیسانی 2013ش ڕەخنەی ئاراستەی شێوازی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکە کرد و ماوەیەکی زۆر چووەوە ماڵەوە. لە ناوەڕاستی مانگی 12ی هەمان ساڵدا نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری کۆچکردووی بزووتنەوەکە لە ماڵەوە سەردانی کرد و داوای لێکرد بگەڕێتەوە سەر کاری خۆی و لە کابینەی هەشتەمی حکومەتیشدا پۆستێک وەربگرێ.

نەسرەدین مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتیدەکاتەوە کە بزووتنەوەکەیان کێشەی گەورەی هەبێ "کۆبوونەوەکەمان لەبەر ئەوە نەکرد، چونکە هەندێک لە برادەرانی جڤات لە دەرەوەن و هەندێکیشیان سەرقاڵی پرسی هەڵبژاردن و خۆڕێکخستنەوەن بۆ ئەو هەڵبژاردنانە و دەبێ هەموو دەرفەتی ئەوەیان هەبێ بتوانن بەشداریی کۆبوونەوە بکەن".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، بەلایەوە ئاساییە ئەگەر عوسمانی حاجی مەحموود، ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەخنە و تێبینی هەبێت "ئەگەر کاک عوسمانیش گلەیی و ڕەخنەی هەبێت، لە پێناوی چۆنێتی ئیدارەدانی بزووتنەوەکەیە و ئەگەر کێشەیەکیشمان هەبێ چارەسەر دەکرێ".

بەڵام ئەوە تەنیا عوسمانی حاجی مەحموود نییە کە زویر بووبێت. لە ساڵانی پێشووش، هەریەکە لە سالار عەزیز و عوسمان بانیمارانی ، دوو لەو سەرکردانەی بزووتنەوەکە بوون کە زویر بوون و گەڕانەوە نێو یەکێتی.

ڕۆژی 25ی تەممووزی 2017، لە هەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنی بزوتنەوەی گۆڕاندا، ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندنی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵبژێردران و عوسمانی حاجی مەحموود لەکۆی 56 دەنگی ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی 45 دەنگی هێنا و بووە ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندن و سکرتێری کاروباری بازێڕوانەکان.

ئەندامانی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان قسەی جیاواز لەبارەی دواخستنی کۆبوونەوەی جڤات دەکەن. نزار مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی دەڵێ، ڕۆژی شەممەی ڕابردوو هاتینە سلێمانی بۆ ئەوەی بەشداریی کۆبوونەوەکە بکەین، بەڵام دواخرا "گوتیان ئامۆزایەکی کاک عومەری سەید عەلی، ڕێکخەری گشتی کۆچی دوایی کردووە و بەهۆی ئەو پرسەیەوە کۆبوونەوەکە دواخراوە"، گوتیشی "بڕیار بوو لەو کۆبوونەوەیە بابەتی هەڵبژاردن و خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن و کاندیدەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەو هەڵبژاردنە و تەلەڤزیۆنی کەی ئێن ئێن باس بکرێن".

نزار مەحموود هەروەها دەڵێ: "عوسمانی حاجی مەحموود ئەندامی خانەی ڕاپەڕاندنە، پێش وادەی کۆبوونەوەکە لەگەڵ کاک عومەری سەید عەلی کۆبوونەتەوە، هەرچی هەبووبێ لەو کۆبوونەوەیە باسکراوە، من ئاگاداری ئەوە نیم نیگەران بێ یان نا".

کۆبوونەکەی جڤاتی نیشتمانی تایبەت بووە بە تاوتوێکردنی پرسی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و کاندیدەکانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەو هەڵبژاردنە و پرسی نێوخۆی بزووتنەوەی گۆڕان . بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە بەرپرسانی بزووتنەوەکە دەستیکەوتوون، عوسمانی حاجی مەحموود و هەندێکی دیکە لە ئەندامانی جڤاتی نیشتمانی نیگەران بوون لەوەی کە سروە عەبدولواحید، سەرۆکی فراکسیۆنەکەیان لە پەرلەمانی عێراق، خۆی لە نێو لیستێکی عێراقیدا کاندید کردبوو بۆ هەڵبژاردن و بزووتنەوەکە هیچ لارییەکی لەو خۆکاندیدکردنەی نەبووە، هەرچەندە دواتر بزووتنەوەی گۆڕان لە ژێر گوشاردا ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و سروە عەبدولواحیدی لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکە لادا.

بزووتنەوەی گۆڕان، وەک نەریتێکی سیاسی و بەپێی پێڕەوی نێوخۆیی، مانگانە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی جڤاتی نیشتمانی ڕێکدەخات و لەو کۆبوونەوەیەدا پرسە گرنگەکان تاوتوێ دەکرێن. دواتریش خانەی ڕاپەڕاندن لەژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی کۆتایی ئەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار دەدات، بەڵام لە حاڵەتی نائاساییدا جڤات هەرکات بیەوێ کۆدەبێتەوە.



## نێچیرڤان بارزانی: بە بودجەی بەغدا ناتوانین مووچە دابینبکەین

**رووداو – هەولێر**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان رۆژی یەکشەممە 2018/3/4 لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لەدوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لە هەولێر، لەبارەی دابەشکردنی مووچە رایگەیاند: "بەپێی ئەو داهاتەی هەمانە لە دابەشکردنی مووچە بەردەوامدەبین، بەڵام لەدوای رووداوەکانی کەرکووک داهاتمان بۆ نیوە دابەزیوە، ئەگەر کەمتریش نەبێت". لەبارەی بودجەی عێراقیش رایگەیاند: "نەک تەنیا ئەو بودجەیەی ئەوان پەسندیان کردووە مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەستەبەرناکات، بەڵکو ناتوانێت بەو پاشەکەوتەی ئێستاش هەیە، مووچەی مووچەخۆران دابینبکات". ئایا لە بەغدا دەکشێنەوە؟ یان بژارەی دووەم چی دەبێت؟ نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند: "لەگەڵ بەغدا بەردەوامدەبین، بەردەوامبوونمان بۆ ئەوەیە بتوانین بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان دەستەبەربکەین".



ڕاپۆرت
رووداو
ژمارە (496) – دووشەممە 2018/3/5

### پەرلەمانی عێراق داوا دەکات بکشێنەوە

# هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق دەمێننەوە

**ئاسۆ فیشەکی و پۆڵ ئیدن**
**رووداو – هەولێر**

سێ مانگ لەمەوبەر حکومەتی بەغدا تێکشکاندنی یەکجاریی داعشی لە عێراق راگەیاند، ئێستاش پەرلەمانی زۆرینە شیعەی عێراق داوای دیاریکردنی وادەی کشانەوەی ئەو هێزە نێودەوڵەتییانە دەکات کە رۆڵی سەرەکییان لە کۆتاییهێنان بە خەلافەتەکەی داعشدا هەبوو. پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا پێیوایە ئەم داواکارییە هێندەی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە، ئەوەندە بۆ دژایەتی هێزەکانی هاوپەیمانان نییە، بەڵام پەرلەمانتارێکی شیعە ئەم قسەیە رەتدەکاتەوە.

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق، بە (رووداو)ی راگەیاند: "لەو کاتەدا ئەم جۆرە داواکارییە دەچێتە خانەی بانگەشەی پێشوەختی هەڵبژاردن، وەکو چۆن قەیس خەزعەلی و ئەوانی دیکەش کردوویانە".

هەرچەندە بڕیارەکە رۆژی پێنجشەممەی رابردوو لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دراوە و ئیلزامی نییە و حکومەتی عێراق ئازادە لە جێبەجێکردنی، بەڵام کاتی پەسەندکردنی بڕیارەکە لە بەرژەوەندیی حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق نییە کە دەیەوێت لە هەڵبژاردنەکانی مانگی پێنجی ئەمساڵدا خولی دووەمی سەرۆکایەتی وەزیران بۆ خۆی مسۆگەر بکاتەوە، لە کاتێکدا ئەم بڕیارە چەکێکی بەهێزی بانگەشە دەبێت بەدەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە.

لە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ و هێرشەکانی 16ی ئۆکتۆبەرەوە پرسیاری سەرەکی ئەوە بووە کە مانگی هەنگوینیی عەبادی و میلیشیاکانی حەشد تاوەکو کوێ بڕ دەکات. کیل ئۆرتن، لێکۆڵەر لەکاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە (رووداو)ی گوت، ئەو بڕیارە جارێکی دیکە سەلماندی کە عەبادی ناتوانێ بەربەستێکی جێی متمانە بێت لەبەرامبەر ئەو هێزانەی لەسەر بنەمای تائیفی کاردەکەن و لە سەردەمی عەبادی خۆیدا پێگەی دامەزراوەیەکی فەرمییان پێبەخشرا. هەروەها دەڵێت: "ئەم بڕیارە ئامرازێکی سیاسییە و پشتگیریی ئێرانی لەپشتە".

ئەحمەد ئەسەدی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق و گوتەبێژی پێشووی حەشد، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەو بۆچوونەی رەتکردەوە کە بڕیارەکە پەیوەندی بە بانگەشەی هەڵبژاردنەوە هەبێت و گوتی: "پرسەکە پەیوەندی بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەوە نییە، بەڵکو رێکارێکی یاساییە، چونکە ئەو هێزە بیانیانە لەسەر داوای عێراق لێرە بوون، تاوەکو لە شەڕی دژی داعش و تیرۆردا پاڵپشتیمان بکەن".

پەرلەمانتارێکی کورد
ئەم داواکارییە لەم کاتەدا بانگەشەی هەڵبژاردنە

پەرلەمانتارانی کورد بەهۆی دژایەتی پرۆژە یاسای بودجەوە کۆبوونەوەکەیان جێهێشتبوو، بەڵام نوێنەرە عەرەبە سوننە و شیعەکان لەو دانیشتنەدا بەشدار بوون، ئامادەبووە شیعەکان بە تێکڕای دەنگ پشتگیرییان لە بڕیارەکە کرد و زۆرینەی نوێنەرە سوننەکانیش پرۆژەکەیان رەتکردەوە.

هێزەکانی هاوپەیمانان بەرەبەرە ئەرکی خۆیان لە شەڕی دژی داعشەوە بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ناوچە ئازادکراوەکان و راهێنانی هێزە لۆکاڵییەکان دەگۆڕن. بەشی زۆری ئەو ئەرکەش دەکەوێتە ناوچەکانی ئەو پەرلەمانتارە عەرەبە سوننییانەی بڕیارەکەیان رەتکردووەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەسەدی پێیوایە "یاساکان پەیوەندییان بە چین و پێکهاتەیەکی دیاریکراوەوە نییە، چونکە پەرلەمان نوێنەری هەموو گەلی عێراقە و هەر بڕیارێک یان یاسایەک دەربچێت بە دەنگی زۆرینەی ئامادەبووان پەسەند دەکرێت".

لە دوای روخانی رژێمی سەدامەوە میلیشیا شیعە عێراقییەکانی نزیک لە ئێران بەردەوام داوای کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکانیان کردووە، تەنانەت ژمارەیەکیان دژی هێزە ئەمریکییەکان چالاکییان کردووە. ئەسەدی رەتیدەکاتەوە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هیچ هەنگاوێک لە دەرەوەی سیستەمی ئەمنی و بڕیارەکانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان (واتە عەبادی) بنێن.

باراک ئۆباما، سەرۆکی پیشووی ئەمریکا، لە کۆتایی 2011 دا هێزەکانی ئەمریکای لە عێراق کشاندەوە. چەند ساڵێک دواتر رێکخراوی داعش سەریهەڵدا و ئەمریکا جارێکی دیکە ناچار بوو هێزی پیادە و ئاسمانی خۆی لە چوارچێوەی هێزێکی



لە دوای روخانی رژێمی سەدامەوە میلیشیا شیعە عێراقییەکانی نزیک لە ئێران بەردەوام داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایان کرد

### ئەم بڕیارە پەیوەندی بە هەڵبژاردنەوە نییە و دەبێ جێبەجێ بکرێ

پەرلەمانتارێکی شیعە

نێودەوڵەتیدا رەوانەی عێراق بکاتەوە. ئەسەدی پێیوایە "ئێستا هەموو هێزە ئەمنییەکانی عێراق ئەوەندە بەتوانا و بەئەزموونن کە دەتوانن بەرگریی لە خاکی عێراق بکەن".

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە 2011 بۆشاییەکی گەورەی سەربازی و سیاسیشی لە عێراق دروستکرد کە ئێران لە چەند ساڵی دواتردا بۆ بەهێزکردنی شوێنی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست قۆستیەوە.

جڵەوکردنی فراوانخوازییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بەشێک لە ستراتیژی ئەمریکا لە ناوچەکە پێکدەهێنێ. بۆیەش چاوەڕێ دەکرێت ئەمریکا بە وریاییەوە چاودێری هەڵوێستی لایەنەکان بەرامبەر بەو بڕیارەی هەفتەی پێشووی پەرلەمانی عێراق بکات، لەو نێوانەشدا پرسیارەکە ئەوەیە عەبادی چۆن دەتوانێت باڵانسێک لە نێوان خواستی ئێران بۆ کورتکردنەوەی دەستی ئەمریکا لە ئێران و ستراتیژی ئەمریکا بۆ جڵەوکردنی ئێران لە ناوچەکەدا دروستبکات، لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکرێت لایەنە شیعەکانی نزیک لە ئێران دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنیش، ئەو بڕیارە وەکوو وەرەقەیەکی گوشار بۆ فراوانکردنی بنکەی خۆیان لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا بەکاربهێنن؟

شاخەوان عەبدوڵڵا سەبارەت بە ئاماری هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بە (رووداو)ی گوت: "هەندێک لەو ئامارانەی لایەنە شیعەکان دەیخەنەڕوو زێدەڕۆیی تێدایە، بەڵام هەندێکیشیان لە واقیعەوە نزیکن". بە گوتەی نوێنەرە کوردەکە، هەندێک لە ئامارەکان باس لە 30 هەزار هێزی ئەمریکی دەکەن کە دوورە لەڕاستی.

بە مەزندەی شاخەوان عەبدوڵڵا "10 هەزار سەرباز لە راستییەوە نزیکترە، چونکە پێش دەستپێکردنی شەڕی داعش زیاتر لە چوار هەزار ستافی هێزەکانی ئەمریکا بەناوی راوێژکار و راهێنەری سەربازییەوە لە عێراق بوون، بەڵام دوای دەستپێکردنی شەڕی داعش ژمارەی هێزەکان چەند جارێک زیادی کرد".

سەبارەت بە شوێنی جێگیربوونی ئەو هێزانەش گوتی: "ئەو هێزانە بەتایبەتی لە بنکە سەربازییەکانی بەلەد، ئەسەد، ئەنبار، مووسڵ و کەیوان جێگیرن، گومانیش دەکەم ژمارەی هێزەکانیان دوو هێندەی ژمارەیان لە پێش دەستپێکردنی شەڕی داعش بێت".

فەرماندە سەربازییەکانی واشنتنیش بە میدیای ئەمریکییان راگەیاندووە کە لە چەند مانگی رابردوودا ژمارەی هێزەکانیان لە عێراق کەمکردووەتەوە.

بەشێک لە هێزە ئەمریکییەکان لە کوردستانن، لە پانزدە ساڵی رابردووشدا هەرێمی کوردستان شوێنی حەوانەوە و پشووی فەرماندە ئەمریکییەکان بووە. کیل ئورتن پێیوایە ئەگەر رۆژێک ئەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراق ببێتە بڕیارێکی ناچاری بەسەر حکومەتەوە، ئەوە "لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان ئێستا لە پێگەیەکی لاوازترە، رەنگە بتوانێت رێگەیەکی یاسایی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بە سەربەخۆ لە بەغدا درێژە بە میوانداریی هێزە ئەمریکییەکان بدات".

### هەرێمی کوردستان دەتوانێ میوانداری هێزەکانی ئەمریکا بکات

لێکۆڵەرێک

## پارێزگارە بە وەکالەتەکەی کەرکووک، گرێبەستێکی نەوت رەتدەکاتەوە

# لەسەر نەوتی کەرکووک سکاڵا لە دژی بەغدا تۆمار دەکرێ

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو – سلێمانی**

سەرۆکی لیژنەی وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک، رەخنە لە وەزارەتی نەوتی عێراق دەگرێ و پێیوایە پێشێلی ماددەیەکی گرنگی دەستووری عێراقیان کردووە. ئەوە سەرباری ئەوەی بێئاگایی خۆی و ئەنجوومەنەکە دەردەبڕێ لە بارەی نەوتی پارێزگاکەیانەوە "لە 16 ئۆکتۆبەری 2017 بەدواوە ئاگامان لە هیچ نییە، نە لە نەوت و نە پەیوەندییەکان و نە ئەو گرێبەستانەش کە بۆ نەوتی کەرکوک دەکرێن".

ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی لیژنەی وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک پێیوایە بەغدا و وەزارەتی نەوت بەشێوەیەکی بێباکانە و بێگوێدانە برگە و ماددە دەستوورییەکان مامەڵە بە نەوتی شارەکەوە دەکەن و بۆ هیچ گرێبەستێکی نەوتی و هەر بڕیارێک لە بارەی نەوتی کەرکووکەوە نە پرسیان پێدەکەن و نە ئاگاداریشیان دەکەنەوە لەوەی کردوویانە، ئەوە لە کاتێکدا ماددەی 112ی دەستووری عێراق، هەموو شتێکی رۆشن کردووەتەوە لەبارەی مامەڵەکردن و رێوشوێنەکانی بەکارهێنانی نەوتی پارێزگاکە کە تێیدا هاتووە دەبێ سیاسەتی نەوتی لەلایەن وەزارەتی نەوت بە هاوکاریی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان بەڕێوەببرێ.

"ئێستا نەوتی کەرکووک لە هیچ لایەکەوە هەنارده ناکرێ، بەڵکو ئەوەی رۆژانە بە تانکەر هەنارده دەکرێ بۆ پاڵاوگەکانە، رۆژانە 40 هەزار بەرمیل بۆ پاڵاوگەی کەڵەک کە بەرهەمەکەی بۆ پارێزگای مووسڵە، 20 هەزار بەرمیل بۆ قەیوان و 20 هەزار بەرمیل بۆ بەغدا، 50 هەزار بەرمیلیش بۆ پاڵاوگەی کەرکووکە". ئەحمەد عەسکەری وایگوت.

تاوەکو پێش رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ پارێزگاکە، رۆژانە حکومەتی هەرێمی کوردستان 300 هەزار بەرمیل نەوتی لەڕێگای بۆریی کوردستانەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکی دەکرد و لەوێشەوە بۆ بازاڕەکانی جیهان، لە بەرامبەریشدا مانگانە بڕی 10 ملیۆن دۆلاری وەک پارەی پترۆ دۆلار دەدایە پارێزگاکە، بەڵام نزیکەی پێنج مانگە نەوتی کەرکوک تەنیا بە تانکەر دەگوازرێتەوە و هیچ بڕە پارەیەکی لەلایەن بەغداوە نادرێتە ئەو شارە.

لە ناوەڕاستی ساڵی رابردوودا، بیرۆکەی راکێشانی بۆرییەکی نەوت لە نێوان کەرکوک و ئێران سەریهەڵدا و لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی رابردووشدا ئەو پرسە چەند جارێک شاندی هاوبەشی وەزارەتەکانی نەوتی ئەو دوو وڵاتەی کۆکردەوە. بەغدا دەیویست جێگرەوەی بۆریی نەوتی کوردستان رێگای ئێران بێت و ئەوەش کاردانەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکەی لێکەوتەوە. ئەحمەد عەسکەری دەڵێ "تاوەکو ئێستا ئەوە هەروەک بیرۆکەیەک ماوەتەوە".

هەرچەندە بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ، بەشێک لە نەوتی کەرکووک بە تانکەر رەوانەی ئێران دەکرێ و یەکێتی بە وردی ئاگاداری فرۆشتنی ئەو نەوتەیە، بەڵام ئەوە هێشتا پرسێکی ناڕۆشن و تەمومژاوییە. بەتایبەت دوای ئەوەی بەغدا نەک تەنیا بۆ پرسی نەوت، بەڵکو لە رووی ئیداری و سیاسیشەوە کوردی لە کەرکووک بە تەواوی پەراوێز خستووە و وەک کەمینەیەکی لاواز و بێدەسەڵات دەردەکەون.

سەرۆکی لیژنەی وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دەڵێ سکاڵایەکیان لە دژی ئەو جۆرە مامەڵەکردنە بە نەوتی کەرکووکەوە گەیاندووەتە بەغدا و لە سکاڵاکەدا ئەوەیان روونکردووەتەوە کە پێشێلی ماددەیەکی دەستووری کراوە "هەر لەو سکاڵایەدا باسی ئەوەمان کردووە کە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بەریتانییەکە نایاساییە و ناکرێ پرسێکی ئاوا گرنگ ئەنجوومەنی پارێزگا ئاگای لێنەبێ و هیچ حیسابێکی بۆ نەکرێ"، بەڵام وادەردەکەوێ بەغدا گوێ بەو جۆرە سکاڵایانە نەدات "ئەوکات ئێمە ئاراستەی دادگای فیدراڵی دەکەین".

لە کەرکوک چەند کێڵگەیەکی دەوڵەمەند بە نەوت هەن، لەوانە بای حەسەن، هاڤانە، بابەگوڕگوڕ جەمبوور و خەبازە. بەریتانییەکان لە رۆژی 1927/10/14 یەکەم بیرە نەوتیان لەوێ هەڵکەند. لە ساڵانی نێوان (1935 -1951) دا نەوتی کەرکووک 100%ی هەناردەی نەوتی عێراقی پێکدەهێنا و یەک دڵۆپ نەوت لە هیچ شوێنێکی دیکەی عێراقەوە نەدەچووە دەرەوە. لەوکاتەوە نەوت پارێزگاکەی کردووەتە چەقی ململانێ و ئاشووب.

هەروەک ئەحمەد عەسکەری، سەرۆکی لیژنەی وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک باسی دەکات، تەنیا ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە بێئاگایی نەوتی پارێزگاکەیان نیگەران نین و عەرەب و تورکمانەکانیش نایانەوێ بەو شێوەیە دۆخەکە درێژە بکێشێ. ئەو دەڵێ لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ پارێزگاری ئێستای کەرکووک کردووە و پارێزگاریش نیگەرانیی خۆی پێڕاگەیاندووە "پارێزگار ئاگای لە هیچ نییە و گوتی جارێک بانگیان کردم گوتیان وەرە گرێبەست بکە، من نەمکرد و گوتم تاوەکو وردەکاریی گرێبەستەکە نەبینم نایکەم، بۆیە ئەویش ئاگای لە هیچ گرێبەستێکی نەوت نییە".

حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، رۆژی سێشەممەی رابردوو لە بەغدا لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەڤانیدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان گەیشتوونەتە رێککەوتنی سەرەتایی و داوایان کردووە هەولێر دەرگا بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بکاتەوە، سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "هەرێمی کوردستان ئەو پێشنیازەی پێشکەش بە بەغدا کردووە، لە دیداری دواجاریش جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە. پێدەچێت بەغداش پێشوازی لەو پێشنیازە بکات، چونکە بینیمان کە حەیدەر عەبادی خۆی ئاماژەی پێدا وەکو بیرۆکەیەک، هەرچەند بیرۆکەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش کراوە". بەڵام گوتی: "تاوەکو ئێستا رێککەوتنێکی کۆنکریتی لەسەر ئەو پێشنیازە نەکراوە، تەنیا پێشنیازە و پێدەچێت بەغدا بە جددی هەڵوەستە لەسەر ئەو پێشنیازە بکات، ئێمەش هیوادارین رێککەوتنێکی باشی لێبکەوێتەوە".

ئەحمەد عەسکەری دەڵێ ئەگەر بەغدا بەو پێشنیازەی هەرێمی کوردستان رازی نەبێ، دەبێ رێگایەکی دیکە پەیدا بکات و ئەوەش کاتی زۆری دەوێ "هەروەها دەبێ چوار مانگ چاوەڕێی کۆمپانیایەک بکات بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەکە، بەڵام کۆمپانیای کار ئامادەیە و دەتوانێ بەخێرایی دەست بە ناردنی نەوتەکە بکات".



لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە نەوتی کەرکووک بە تەنکەر هەناردەی ئێران دەکرێت

### پارێزگاری کەرکووکیش ئاگای لە گرێبەستەکانی نەوت نییە

سەرۆکی لیژنەی وزە لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک

پارسیولا لامپسۆس، خۆشەویستە یۆنانییەکەی سەددام حوسێن لە (ڕووداو)ەوە

# بەو کۆتاییە تراژیدییەی سەددام دڵتەنگ بووم

ساجیدە دەیزانی کە سەددام براکەی دەکوژێ

سەدام دەیگوت خەڵکی عێراق باش دەناسم و دەزانم چییان دەوێت

سەددام متمانەی بە سێبەری خۆشی نەبوو

سەددام زۆر حەزی لە گەشتی باکووری عێراق بوو




**ڕووداو- هەولێر**

لە ماڵەکەی خۆی لە سوێد، لاپەڕەی ئەلبوومی وێنەکانی هەڵدەداتەوە و بە پەنجە ئاماژە بۆ وێنەکانی نێو ئەلبوومەکە دەکات و دەڵێت :"ئەمە باوکمە، ئەمە دایکمە، ئەمە برامە، ئەوەش منم، ئەوانە هەموویان خزم و کەسوکارن، مامەکانم لەگەڵ هاوژینەکانیان". بەڵام ئەو بەتەنیا یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانە دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ بەهێزترین پیاوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەری بردووە.

ئەم چیرۆکەی لێرە دەیخوێننەوە، دۆکیۆمێنتارییەکی تەلەڤزیۆنی ڕووداوە لەگەڵ ژنێکی یۆنانی کە خۆشەویستی سەددام بووە، دۆکیۆمێنتارییەکە بەم نزیکانە لە کەناڵی (ڕووداو)ەوە پەخش دەکرێ.

پارسیولا لامپسۆس، ئافرەتێکی بە ڕەچەڵەک یۆنانییە، بەڵام لە لوبنان لەدایکبووە. باوکی خاوەن کارگەیەکی گەورە بووە، لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو حکومەتی عێراق بانگهێشتی دەکات بۆ ئەوەی پاڵاوگەی نەوت لە عێراق دروست بکات، ئیدی یادەوەرییەکانی پارسیولا لێرەوە دەستپێدەکەن.

## یەکەم بینینی سەددام

پارسیولا هەرچەندە بچووک بووە، بەڵام باشی لەبیرە کە ساڵی 1956 دێنە عێراق و ژیانێکی نوێ دەستپێدەکەن. ئەو دەڵێت: "دەستم کرد بە گەشەکردن، ڕۆژ بە ڕۆژ جوانتر دەبووم، سەرنجڕاکێشتر و بەهێزتر دەبووم. لەو تەمەنەدا کە هەموو کچان خەون بە ژیانێکی نوێ و بەختەوەرییەوە دەبینن. لەو ساتەوەختەی ژیانمدا سەدام حوسێنم ناسی".

هەر کاتێک چاو دادەخات، حەز دەکات ئەو ڕۆژەی بێتەوە خەیاڵ کە سەددام حوسێنی تێدا ناسی. پارسیولا باسی ئەو ڕۆژە دەکات و دەڵێت: "دراوسێکەم، جینا، تەلەفۆنی بۆ کردم. گوتی ئەمڕۆ میوانم هەیە. وەک ئەوەی پێشتر زانیبم کەسێکی نوێ دەناسم، زۆر خۆم جوان کردبوو، بەڵام سوێند دەخۆم ئەو کات نەمدەزانی کێیە. هەرگیز بۆ یەک خولەکیش لەبیری ناکەم. هەر کە چاوم دادەخەم، دەمەوێ جارێکی دیکە لەو ساتەدا بژیم. کە سەیریم کرد، ئای خوایە، زۆر قۆز بوو. بۆ من وەک ئەوە بوو شازادەیەک بە سواری ئەسپ هاتبێت و منی لەگەڵ خۆی ڕفاندبێت. تەنیا چەند چرکەیەکی کەم بوو، بەڵام من تاوەکو ئێستاش هەرگیز ئەو چەند چرکەیەم لەبیر نەکردووە".

سەددام مانگی جارێک سەیری فیلمی گاد فازەری دەکرد

## چوون بۆ کۆشکەکەی سەددام

شۆخ و شەنگییەکەی هەر زوو سەرنجی سەددام ڕادەکێشێ، بەوجۆرە یەکتر بینینەکەی ماڵی جینا، دوا دیداری نێوان سەددام و پارسیولا نابێ.

ئەو بێ ئاگا بوو لەوەی سەددام چ تەڵەیەکی بۆ ناوەتەوە. ئەو خرابووە ژێر چاودێریی داروودەستەکەی، دەیانزانی هاوڕێکانی کێن.

پارسیولا دەڵێت: "یەکێک لە هاوڕێکانم کە ناوی فریال بوو، ئیشی ئەوە بوو هەرکات سەددام داوای کچێک یان ژنێک بکات بۆی پەیدا بکات. هات بۆ لای من و بە سەیارەی ئەو ڕۆیشتین. لە شار چووینە دەرەوە. خانوویەکی زۆر گەورەم بینی، دەرگا کرایەوە، سەیری ناوەوەم کرد، خوێنم بە جۆش هات. خۆی بوو، سەددامم بینی. وەک بەفرم لێهات، شۆک بووم". پارسیولا حەز ناکات باسی ئەوە بکات کە دواتر چی ڕوویدا "هیچ توانایەکم نەبوو بۆ ئەوەی دووری بخەمەوە یان بڵێم نەخێر. سەیری خۆمم کرد، چیدی خۆم نەبووم".

لەو ڕۆژانەدا سەددام ئامادەکاری دەکرد بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی حیزبی بەعس. پارسیولا شوو بە سیرۆب ستیڤان سکەندەریان دەکات کە کوڕی دەوڵەمەندترین خێزانی عێراق بوو. بەڵام سێبەری سەددامی لێ جیانابێتەوە :"زۆر خۆشحاڵ و بەختەوەر بووم. چونکە منداڵم لە سیرۆب هەبوو، بوومە دایک، هەستی نوێم لەلا دروست بوو. ڕێزم لە مێردەکەم دەگرت. بەڵام هیچ کات سەدامم لەبیر نەکرد".

## سەددام ماڵی وێرانکردن

کریسمسە، ماڵەکەی پارسیولا و سیرۆب بە داری کریسمس ڕازێنراوەتەوە، بەدیار تەلەفزیۆنەوە دانیشتوون و سەیری هەواڵەکان دەکەن. بێژەری هەواڵەکان بەیاننامەیەک دەخوێنێتەوە، لە نێو بەیاننامەکەدا لیستێکی درێژی ناوی خێزانە دەوڵەمەندەکان دەخوێندرێتەوە کە حکومەت دەست بەسەر سەروەت و سامانەکانیاندا دەگرێ. یەکێک لە ناوەکان سیرۆب ستیڤان سکەندەریان بوو.

پارسیولا دەڵێت: "لەو کاتەدا مێردەکەم هەستایە سەر پێ و پڕی دایە درەختی کریسمسەکە، فڕێیدایە حەوشەی ماڵ. گوتی هەموو شتێکمان لەدەستچوو. خاوەنی مەزرەعەی دیالە و ئومەلعەزام بوو. هەموو عێراقییەکان دەیانزانی ئومەلعەزام چییە". پارسیولا ئەوکات نەیدەزانی چی ڕوودەدات، بەڵام دوای چەند ساڵێک بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەوە پەیامێکی بچووکی سەددام بوو بۆ ئەو "یەکەم زەربە بوو لێیدابن. پێموابوو منی لەبیر کردووە، بەڵام پێیگوتم بۆ هەمیشە بۆ هەر کوێ بچی چاودێریت دەکەم و دەزانم چی دەکەی، هەمیشە".

هەر ئەو شەوە لە دەرگای ماڵیان دەدرێ. دوو هاوڕێی مێردەکەی بوون، بە سکەندەریان دەڵێن "تۆ لێرە چی دەکەی. تۆ دەمری، سەددام بەری بەیانی دێت و دەتبات، هەر ئێستا لێرە بڕۆ". هەر هەمان شەو هاوژینەکەی دەچێتە دەرەوە و ئیدی نایبینێتەوە.

پارسیولا ئەوکات تەمەنی 22 ساڵ بوو، دەستی منداڵەکانی دەگرێ و دەچێتەوە ماڵی دایکی، دەچێتەوە هەمان ئەو ژوورەی تێیدا گەورە بووە. ڕۆژێک دانیشتبوون، تەق تەق لە دەرگای ماڵی دایکی درا "عەلی سوێدی بوو، پارێزەری مێردەکەم، زەرفێکی نامەی بۆ هێنابووم، گوتی ئەمە بۆ تۆیە. سەیری کاغەزەکەم کرد، تەڵاقنامە بوو. من لە مێردەکەم جیابووبوومەوە بێ ئەوەی خۆم ئاگادار بم".

## گەڕانەوە بۆ یۆنان

دوای سیرۆب، ژیان لە عێراق بۆ پارسیولا هیچ مانایەکی نەما، بۆیە بڕیاری دا بچێتە یۆنان، لەوێ خانووی بەکرێ گرت و ئیشیشی دەستکەوت، بەڵام بابەتی خوێندنی منداڵەکانی هاتە گۆڕێ، ناچار بوو بگەڕێتەوە عێراق. پارسیولا دەڵێت "کە قوتابخانە کرایەوە، منداڵەکانم برد، پێیانگوتم پێویستمان بە نامەی پشتگیریی باڵیۆزخانەیە کە بیسەلمێنێ منداڵەکانت لە عێراق خوێندوویانە".

وەک بڵێی ئەو نامەیە تەڵەیەک بێ بۆ پارسیولا دانرابێتەوە "چوومە باڵیۆزخانەی عێراق، باڵیۆزم بینی، لەگەڵی دانیشتم. گوتی دەزانم بۆچی هاتووی، نامەی پشتگیریت بۆ ئامادە دەکەین، بەڵام بابەتێک هەیە دەمانەوێ پێتی بڵێین. گوتی لە سەرۆکایەتی کۆماری عێراقەوە نامەیەکمان بۆ هاتووە. منیش گوتم چی؟ لە نامەکەدا نووسرابوو خاتوو پاریسولا بە فەرمانی جەنابی سەرۆک کۆماری عێراق- سەددام حوسێن- لەگەڵ سێ منداڵەکەی بگەڕێتەوە عێراق. گوتی پێویستە ئەمڕۆ پاسپۆرتی یۆنانیت بدەیە ئێمە، بیرت نەچێ لەوێ خێزانێکت هەیە".

پارسیولا گەڕایەوە عێراق، بەڵام ئەوە لەلای پارسیولا هێشتا سەرەتای چیرۆکەکەیە، پارسیولا دەڵێت "چوومەوە لای دایکم، دیسان تووشی پەرێشانی بووم. ڕۆژی دواتر کاژێر هەشتی بەیانی، دوو ئەفسەر هاتن بە دوامدا و بردیانم بۆ فەرمانگەی نشینگە. لەوێ لە دەرگای یەکەم سڵاوی سەربازییان بۆ کردم. گوتم کێشە چییە؟ پاسپۆرتەکەم دەدەنەوە؟ گوتیان پاسپۆرتێکی عێراقیت دەدەینێ بە ئیمزای خودی سەددام حوسێن. پاسپۆرتی ڤی ئای پی".

سەددام پەلەی بینینی دڵبەرەکەیەتی، هەر ڕۆژی دواتر داروودەستەکەی بەدوای پارسیولادا دەنێرێ. پارسیولا ناچارە، بەڵام دەزانێ میوانی سەددامە، بۆیە خۆی بە جوانترین شێوە دەڕازێنێتەوە و نایەوێ بە لاوازی دەربکەوێ "دەرگای دڵم داخست، بیرم دەکردەوە، چونکە ئەگەر بە قسەی دڵم کردبا، دەمردم. وەک فیلمێک وا بوو. کە چووم بۆ لای، لە پشت من ڕاوەستابوو. گوتی "ئاها، نەگۆڕاوی، بەڵام زۆر زۆر زۆر جوانتری. وەڵامم نەداوە، هیچم نەگوت. تەنیا سەیری نێو چاویم کرد. سەیری کردم و گوتی: بەم جۆرە سەیرم مەکە. ئەو نیگایەم زۆر تووڕەی کرد. گوتی تەواو، ئەوەی ویستت بیڵێی گوتت. دەتوانی بڕۆی، تەلەفۆنت بۆ دەکەم".

سەددام نەیدەتوانی هەستەکانی بشارێتەوە

سەددام حوسێن ژیانێکی سەختی هەبووە، لەسەر شەقامەکان ژیاوە و بەبێ پێڵاو سووڕاوەتەوە. کە لەدایک بووە، باوکی خۆی نەدیوە. دایکی شووی کردووەتەوە. دوای چەندین ساڵ ژیانی کولەمەرگی، بە یارمەتی خەیروڵڵا تولفاح، دەبێتە ئەندامی حیزبی بەعس. بەعس دەسەڵاتی دەداتێ. هەنگاو بە هەنگاو دەستیکرد بە دۆزینەوەی خۆی.

سەددام نەیکوشتم بەڵام ژیانی لێبردم

## "سەددام زۆر تایبەت بوو".

پارسیولا لە وەسفی سەددامدا دەڵێت: "سەددام تایبەت بوو، زۆر زیرەک بوو لە خۆدەرخستن. بەڵام کاتێک تووڕە دەبوو یان دڵخۆش، یان ئەگەر شتێکی لە کەسێک ویستبا، کێشەیەکی هەبا، نەیدەتوانی هەستەکانی بشارێتەوە. هەموو ئەو کەسانەی لە دەوروبەری بوون، دەبووایە هەمیشە چاوەڕێی شتی باش و خراپ بکەن. سەددام بەجۆرێک بوو کە لەیەک ساتدا دەکرا بە کەسێک بڵێ وەرە خانوویەکت دەدەمێ، دوای کەمێک بانگی بکاتەوە و بڵێ وەرە دڵت دەردێنم. نەدەکرا پێشبینی بکرێت بیر لە چی دەکاتەوە. لەبەرئەوە کەسایەتییەکی زۆر ئاڵۆزی هەبوو".

ئەو ڕەفتارانەی سەددام وای لە پارسیولا کردبوو کە هیچ هەستێکی بۆ سەددام نەمێنێ، تەنیا لەبیری ژیانی خۆیدا بوو، چۆن بژی، چۆن بتوانێ لەگەڵی هەڵبکات "بەڵام هەمیشە دەترسام نەمدەزانی سبەی بە زیندوویی دەمێنمەوە یان نا. کەس لەگەڵ سەدام گەرەنتی ژیانی نەبوو".

پارسیولا یادەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ سەددام لە دووتوێی کتێبێکدا بەناوی (My Life With Saddam) بڵاوکردووەتەوە کە تا ئێستا بۆ نزیکەی 40 زمان وەرگێڕدراوە.

## عودەی نزیکترین هاوڕێی سەددامی کوشت

پارسیولا دەڵێت دوور لە ویستی خۆی، عودەی بە زۆری کردوویەتی بە سکرتێری خۆی لە لێژنەی ئۆلۆمپی. ئەو زۆر شت لەبارەی عودەی دەزانێ و دەڵێت "عودەی جۆرێک لە مادەی هۆشبەری بەکاردەهێنا، مەترسییەکەی لەوەدا بوو هاوڕێی زۆر باشی هەبوون، عودەی لەژێر کاریگەریی ماددەی هۆشبەردا چەندین هاوڕێی خۆی کوشت".

تەنانەت عودەی دەستی لە هاوڕێکانی باوکیشی نەدەپاراست. پارسیولا باسی کوشتنی کامیل حەننا دەکات و دەڵێت "کامیل حەنا باشترین هاوڕێی سەددام بوو، زۆری خۆشدەویست. سەددام هیچ شتێکی نەدەخوارد و نەدەخواردەوە ئەگەر پێشتر کامل حەننا تاقی نەکردباوە. بەبێ ئەو بۆ هیچ شوێنێک نەدەچوو، بەڵام سەیرکە چی ڕوویدا. ڕۆژێکی ساڵی 1988، حوسنی موبارەک و سوزان موبارەک سەردانی سەددامیان کرد. سەددام ئەو شەوە ئاهەنگێکی ڕێکخست. عودەی کێشەی زۆری نایەوە. لە سەرەتاوە پێیانگوت بۆت نییە بچیتە لای باوکت و بێزاری بکەی، عودەی لە نزیک ئەو ژوورەی سەددام و میوانەکانی لێ دانیشتبوون، میوزیکی بەدەنگی بەرز لێدابوو. سەددام بە کامیل حەنناى گوت بچێ بە عودەی بڵێ دەنگی میوزیکەکە کەم بکات. لەو کاتەدا عودەی کامیل حەنای کوشت. عودەی گوێی بە کەس نەدەدا، نە لە سەددام و نە لە هیچ کەس دەترسا، چونکە نازی دایکی هەبوو".

سەبارەت بە قوسەی کوڕی سەددامیش، پارسیولا دەڵێت: "قوسەیم دەناسی، زۆر جیاواز بوو لە عودەی. زۆر هاوشێوەی خاڵی بوو. کۆپی ئەو بوو. جیاواز بوو، کەسێکی هەڵەشە و هەڵچوو نەبوو وەکو عودەی. بەڵام دواجار ئەویش ئەندامی هەمان خێزان بوو".



عودەی دەستدرێژی کردە سەر هەردوو کچەکەم

## کوڕی خاڵی خۆی کوشت

عەدنان خەیروڵڵا برای ساجیدە و کوڕی خەیروڵڵا تولفاح بوو. بەلای پارسیولاوە کەسێکی زۆر باش بوو "سەددام ترسی لێی هەبوو. خۆشیدەویست، بەڵام سەددام کوشتی، چونکە لە کودەتا دەترسا".

پارسیولا باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە عەدنان کوژرا و دەڵێت: "ئەو ڕۆژە سەددام داوای لە ساجیدە کرد سەردانی خەیروڵڵا تولفاح بکەن. عەدنان خەیروڵڵا بە ئەرکێک دەبووایە چووبا شوێنێک، ڕۆژی دواتر گەڕاباوە. ساجیدە گوتی دەزانم کە بەنیازی بیکوژێ، دەزانم دەیکوژێ. چەند خولەکێک دواتر هەلیکۆپتەرەکەی لە ئاسمان تەقییەوە". پارسیولا دەڵێت "سەددام متمانەی بە کەس نەبوو، هەموو ئەو بەرپرسانەی لە دەوروبەری بوون وەک ئەوە وابوو نەبن، سەددام متمانەی بە سێبەری خۆیشی نەبوو".

## حەز و ئارەزووەکانی سەددام

پارسیولا لەبارەی حەزەکانی سەددامەوە دەڵێت: "خولیای جیاوازی هەبوون، زۆر حەزی لە ڕاوکردن بوو. حەزی لە نێو سروشت بوو. ئەگەر خەمبار با هەمیشە بە تەنیا لە یەک ژوور دەمایەوە. سەیری فیلم یان شتێکی دەکرد، حەزی نەدەکرد لەگەڵ کەس قسە بکات". هەروەها دەڵێت: "ویسکییەکی تایبەتی هەبوو، هەندێجار بە بوتڵی ویسکییەوە سەمای دەکرد. ئەو کات هەستت دەکرد کە زۆری خواردووەتەوە و سەرخۆشە. پاشان دەمانچەکەی بەرز دەکردەوە. ئەوە شێوازی خۆشی دەربڕینی بوو".

پارسیولا زیاتر لەبارەی حەزەکانی سەددامەوە قسە دەکات و دەڵێت: "حەزی دەکرد کڵاوی لەسەر بێت، وەک فیلمە ئەمریکییەکان. زۆر حەزی لە سەیرکردنی فیلمی گاد فازەر دەکرد، مانگی جارێک سەیری دەکرد".

هەروەها دەڵێت: "سەددام چەندین کۆشک و شوێنی حەوانەوەی لە باکووری عێراق هەبوون. زۆر حەزی لەو ناوچەیە بوو، چێژی لە مانەوە لەوێ دەبینی. هەرکات سەردانی دهۆک یان سلێمانی دەکرد ڤیدیۆی گەشتەکەی دەگرت. لەگەڵ خێزانەکەی یاری دەکرد و پێدەکەنی".

کاتێک پارسیولا پرسیاری ئەوهەموو خوێنڕشتنەی لە سەددام کردووە، سەددام وەڵامی داوەتەوە "تۆ هیچ نازانی. تۆ لێرە لەسەر شەقامەکان گەورە نەبووی. من لەسەر شەقام گەورە بووم. بۆیە خەڵکەکە باش دەناسم، دەشزانم چییان دەوێت".

## دەستدرێژی بۆ سەر کچەکانی

یادەوەرییە تاڵەکانی پارسیولا کۆتایی نایەن. نەک خۆی، منداڵەکانیشی بەدەست خێزانەکەی سەددامەوە گرفتار بوون. ئەو باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە عودەی دەستدرێژی کردووەتە سەر کچەکانی و دەڵێت "ڕۆژێک بەتەنیا کچەکانمی بانگ کرد بۆ ئەوەی بیانبا بۆ ڕاو. چیمان کردبا، سێ ژن، کێ دەیتوانی بە عودەی بڵێ نەخێر؟ ئێوارە بوو کە هاتنەوە. یەکێک لە کچەکانم حاڵی زۆر خراپ بوو. زۆر خراپ. نەمدەتوانی پێیان بڵێم چیتان بەسەرهات. ڕاستەوخۆ تێگەیشتم کە چی ڕوویداوە. چاوم داخست و تەواوی فیلمەکە کە بەسەرخۆم هاتبوو، هاتەوە پێش چاوم".

پارسیولا لە ڕابردووی خۆی پەشیمان نییە، چونکە بەدەست خۆی نەبووە، بەڵام دەڵێت ئەگەر ئێستا بگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتە، چەندین ڕێگەی هەن بۆ ئەوەی بە سەددام بڵێ نا.

پارسیولا ئەو ماوەیەی لە کۆشکەکانی سەددام بووە، بەردەوام بەدوای دەرفەتێکدا گەڕاوە خۆی لە دەستی ڕزگار بکات. ئەو ڕۆژە هات و پارسیولا ڕایکرد، ئەو دەڵێت: "دوای ڕۆژێکی درێژ، گەیشتمە دهۆک. چەند کەسێک هاتن، خۆم لەنێو موخابەراتی کوردستان بینییەوە. گوتیان تۆ پارسیولای؟ گوتیان میوانی ئێمەی، لەگەڵمان وەرە. منیان برد، بەڕێگای مووسڵدا. بەرلەوەی بگەینە موسڵ وەستاین. ئۆتۆمبێلێکی ڕەشم بینی هات، شۆفێرەکەم دابەزی و قسەی لەگەڵ شۆفێری ئەو ئۆتۆمبێلە کرد، پارەی لێوەرگرت و گەڕایەوە، دواتر گەیشتینە ئوردن".

لەوێ پارسیولا تەسلیمی چەند کەسێک دەکرێ کە سەرپەرشتیارەکەیان کەسێک بوو بە حەجی بانگ دەکرا" ئەو پێیگوتم ئێمە هەموو شتێک لەبارەی تۆوە دەزانین. پارەیەکی زۆرمان داوە بۆ دۆزینەوەی تۆ. نەمدەزانی ئەو کەسە دەبێ کێ بێت کە لە پشت ئەم چیرۆکەوەیە. پێیانگوتم دەبێ لێرەوە بچیتە سووریا. بەڵام زۆر زۆر قورس و مەترسیدارە، چونکە هەموو موخابەراتی عێراق بەدوای تۆوەن. ڕۆژێک حەجی هات و گوتی میوانمان هەیە. میوانی ئەمریکی. باشە ئەمریکییەکان چییان دەویست؟ تەلەڤزیۆنی ئەی بی سی، گەورەترین ڕۆژنامەوانیان ناردبوو، کلێر شیپمان و تیمەکەی. ئەو کات بەتەواوی لە چیرۆکەکە تێگەیشتم کە ئەوە ئەمریکییەکان بوون پشتگیرییان دەکردم. ئەوان پێویستیان بە من بوو، ژیاننامەی ڕاستەقینەی سەددامیان دەویست".

عودەی لە سەددامیش نەدەترسا چونکە نازی دایکی هەبوو

ئەمریکییەکان پێشنیاز بۆ پارسیولا دەکەن بگەڕێتەوە یۆنان، بەڵام ئەو سوێد هەڵدەبژێرێ. ئەو دەڵێت "بەیارمەتی چەند ناسیاوێک، منیان هێنایە سوێد، چونکە من لە یۆنان کێشەیەکم هەبوو، لەوکاتەدا یۆنان کراوە بوو، هەموو کەسێک دەیتوانی بە ئاسانی بگاتە یۆنان، موخابەراتی سەددامیش دەیانتوانی. پێیانگوتم وەرە سوێد."

## "سەددام ژیانی لێسەندم"

سەددام ژیانی پارسیولا و هاوژین و منداڵەکانی برد، بەڵام ئەو هەرگیز حەزی نەکردووە کۆتایی سەددام بەو شێوەیە تراژیدی بێ، پارسیولا دەڵێت: "سەددام هەرگیز پەشیمان نەبوو، هەرگیز داوای لێبوردنی نەکرد. خەفەتم بۆی دەخوارد، نەک لەبەرئەوەی کەسێکی باش بێت یان خۆشمویستبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی دەمگوت بۆ ئەمە کۆتایی سەددام بێت، بۆ ڕێگەی بەخۆی دا ئاوای لێ بێت؟ نەمدەویست ئاوا ببینم. دەسەڵاتت چی لێهات؟".

هەر کە بە بوتڵی ویسکییەوە سەمای دەکرد، دەمزانی کە سەرخۆشە

پارسیولا دیمەنی لە سێدارەکانی سەدامی بینیوە و دەڵێت: "لەوکاتەدا دیمەن بە دیمەنی ژیانی ئەوم دەهاتەوە بەر چاو. دیمەنی باش و خراپ. نەمدەتوانی باوەڕ بکەم، ئەوە سەددام نەبوو کە وای بەسەرهات".

ئەو باسی هەستی خۆی دەکات و دەڵێت: "چی بڵێم؟ کە دڵخۆش بووم؟ دڵتەنگ بووم؟ شۆک بووم. سەددام ژیانی لە من ستاند. منی نەکوشت، بەڵام ژیانی لێستاندم. زۆر باشتر دەبوو ئەگەر کوشتبامی. زیندوو بووم، بەڵام ژیانی بردم".

## قوتابییەکی کورد بەهۆی مارشی نیشتیمانی تورکیاوە سزادەدرێت



**روودلو – ئامەد**

قوتابییەکی کورد لە ئامەد لەبەرئەوەی مارشی نیشتمانی تورکیای لەبەرنەبووە، لێیدەدرێت. لە ناوچەی کایاپنار لە ناوەندی شاری ئامەدی باکووری کوردستان قوتابییەکی قۆناخی ناوەندی، بەهۆی ئەوەی لە پۆلدا مارشی نیشتمانیی تورکیای نەگوتووەتەوە، لەلایەن مامۆستای میوزیک لێیدەدرێت. خێزانی منداڵەکە لە ناوەندی پۆلیسی کایاپنار سکاڵایان لەسەر مامۆستاکە تۆمارکردووە. بەگوتەی قوتابییەکە هەفتەی رابردوو لەبەرئەوەی مارشی نیشتمانیی تورکیای لەبەر نەگوتووەتەوە لەلایەن مامۆستای میوزیکەوە لێیدراوە و بۆ رۆژی دواتر بەهۆی وەبیر هێناوەی لێدانەکەی لەلایەن یەکێک لە هاورێکانی دەبێتە دەمەقاڵێیان و لەلایەن مامۆستای میوزیک و مامۆستایەکی دیکە جارێکی دیکە لێی دەدرێت.

### پەروین بوڵدان، هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان بۆ (رووداو):

# تورکیا بەرەو هەڵبژاردنێکی پێشوەخت دەچێ

دوای مشتومڕێکی زۆر لەسەر سەرۆکایەتی پارتەکەی، پەروین بوڵدان لە دوایین کۆنگرەدا بە هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) هەڵبژێردرا. بوڵدان لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی تورکیا دەکات و دەڵێت رووداوەکانی ئەمدواییە و رێککەوتنی نێوان ئاکپارتی و مەهەپە، تورکیا بەرەو هەڵبژاردن پێشوەخت دەبات.

هەڤپەیڤین: کەمال ئاڤجی
رووداو – ئەنقەرە



**رووداو: لە سێیەمین کۆنگرەی هەدەپەدا ئێوە بە هاوسەرۆک هەڵبژێردران، بەڕێوەبەرایەتیی هەدەپەش گۆڕدرا، لەمەودوا هەدەپە گرنگی بە چی دەدات؟**

**پەروین بوڵدان:** پارتی دیموکراتی گەلان پارتێک نییە تەنیا لە کورد پێکهاتبێت. هەدەپە نوێنەرایەتی ئەو لایەنانە دەکات کە لە تورکیا مافەکانیان پێشێل کراوە. هەدەپە پارتێکە نوێنەرایەتی باوەڕ و ناسنامەی جیاواز دەکات. لێرەبەدوا زیاتر باوەڕمان بە ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی دەبێت. بۆ ئەوەی ئەو خواستە جێبەجێ ببێت، کارەکانمان بە خێرایی بەردەوام دەبن. بەداخەوە بۆ ئەوەی ئێمە دەڵێین ئاکپارتی دەیەوێت هەدەپە بخاتە دەرەوەی

> **ئۆجەلان ئامادەبوو داوای چەکدانان لە پەکەکە بکات**

چوارچێوەی سیاسی و بۆ ئەوەش کار دەکات. بەس لە بەرامبەر ئەو هەموو گوشارانە هەدەپە بەهیچ شێوەیەک هەنگاو بۆ دواوە نانێت. وەکو هەدەپە بەرپرسیارێتییەکمان هەیە کە لە سەردەمی نوێدا خۆمان بگەیەنینە هەموو لایەک.

**رووداو: لە کۆنگرەدا لەسەر بابەتی هاوسەرۆکایەتی هەندێک گفتوگۆ هەبوو، لەنێوان کورد و پێکهاتەکانی دیکە هیچ کێشەیەک هەیە؟**

**پەروین بوڵدان:** نەخێر، هیچ کێشەیەکمان نییە. وەک هەموو پارتێکی سیاسی جارجار رەنگە لەنێو ئێمەشدا گفتوگۆ و هەندێک شتی نەرێنی رووبدات. ئەوەش شتێکی ئاساییە و پێویستە وا تەماشا بکرێ. (هەدەپە) بە پێکهاتەکانەوە هەدەپەیە. پارتەکەمان وەهایە، لە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا نوێنەری هەیە. بەپێی ئەو نوێنەرایەتییە پێویستە هەڵسەنگاندن لەسەر هەموو بەشەکانی کۆمیتەی ناوەندیمان بکەین. کۆمیتەی ناوەندیمان لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای تورکیا پێکهاتووە و ئامانجیش چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی تورکیایە. ئێستا لەنێو هەدەپە هیچ کێشەیەک نییە. دەتوانم بڵێم لێرە بەدواوەش هیچ کێشەیەک نابێت.

**رووداو: بڕیارە لە ساڵی 2019 سێ هەڵبژاردن لە تورکیا بەڕێوەبچن، بەڵام دەگوترێ رەنگە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار پێش بخرێن، ئێوە پێشبینی هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکەن؟**

**پەروین بوڵدان:** لە تورکیا هیچ هەڵبژاردنێک لەکاتی خۆیدا بەڕێوەنەچووە و ناشچێ. بەهۆی قەیران و ئاڵۆزییەکانەوە لە تورکیا هەمیشە بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە دەدرێ. لەو باوەڕەدام لەم دۆخەش هەڵبژاردنی پێشوەختە بەڕێوەبچێ. چونکە ئەو دۆخەی لەتورکیادا هەیە باش نییە و تورکیا بەرەو کارەسات دەڕوات. وای دەبینم ئاکپارتی لە چوارچێوەی ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ مەهەپە هەیەتی، لەماوەیەکی نزیکدا تورکیا بەرەو هەڵبژاردن ببەن.

> **جەهەپە داوای لێبوردنێک قەرزدارە**

**رووداو: لەبەرامبەر رێککەوتنی ئاکپارتی و مەهەپە، هەندێک دەخوازن لایەنەکانی دیکەش رێکبکەون وەک: هەدەپە، جەهەپە، سەعادەت و ئیی پارتی (پارتی باش).. ئایا وەها رێککەوتنێک ئەگەری هەیە؟**

**پەروین بوڵدان:** لەم کۆتاییەدا ئەم پرسیارە زۆر دەکرێت. دەپرسن ئێوە لەگەڵ کێ رێکدەکەون؟ بەڵام من هەمیشە دەڵێم هەدەپە لەگەڵ هێزە دیموکراتەکان رێکدەکەوێ. لەگەڵ ئەو لایەنانە رێکدەکەوین کە داوای چارەسەری پرسی کورد دەکەن. ئێمە پێوەری خۆمان هەیە، دەرگامان بۆ هەموو ئەو لایەنانە کراوەیە کە حیساب بۆ پێوەرەکانی ئێمە دەکەن. بەڵام تا ئێستا بۆ رێککەوتن لەگەڵ هیچ پارتێک قسەمان نەکردووە. پێش رێککەوتن بۆ ئێمە بەرەی دیموکراسی و بەرەی هیوا و ئاشتی گرنگە.

**رووداو: لەنێو بەرەی دیموکراسیخوازەکاندا کامە پارت هەیە، بۆ نموونە جەهەپە و پارتی سەعادەت لەنێو ئەو مێزانەدان؟**

**پەروین بوڵدان:** پارتی کۆماری گەل (جەهەپە) داوای لێبوردنێک قەرزداری گەلانی تورکیایە.

> **ئاکپارتی رۆڵی گەورەی هەبوو لە شکستپێهێنانی پرۆسەی ئاشتی**

جەهەپە ناتوانێت خۆی لەو قەیرانە رزگار بکات. هۆکارێکی گەورەبوونی ئەو قەیرانانە (جەهەپە)یە. هەموو هەڵوێست و بڕیارەکانی دەربارەی پرسی کورد و هەم لە مەسەلەی گرتنی پەرلەمانتاراندا، هەمانکاتیش وەک پارتێکی شەڕخواز وایە. چونکە لە پەرلەمان بۆ هەموو درێژکردنەوەیەکی لەشکرکێشی (دەرەوەی سنوور) گوتوویەتی "بەڵێ". پێویستە جەهەپە خۆی راست بکاتەوە.

**رووداو: پاکێجی حکومەت دەربارەی هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکان هاتووەتە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان. پاکێجەکە چۆن دەبینن؟ بەتایبەت لەسەر بابەتی ئەمنیەتی هەڵبژاردن نیگەرانییەکتان هەیە؟**

**پەروین بوڵدان:** هەڵبەتە... بەتایبەتی لە تورکیادا لەدوایین گشتپرسی هەمواری دەستووردا چەندین گەندەڵی و کاری نایاسایی کراون. ئێمە هەموومان ئەوە باش دەزانین دەنگی "بەڵێ" بە فێڵ و پلان زیادکران. هەرچەندە بەڵگەمان هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ دادگاکان بێلایەن نین. ئێستاش بە گۆڕانکارییەکان دەیانەوێت هەموو کارە نایاساییەکانی خۆیان بگەیەننە قۆناغێکی یاسایی. بەڵام ئەم هەوڵە لەلایەن گەلەکەمانەوە پوچەڵ دەکرێتەوە.

**رووداو: ئێوە ماوەیەکی درێژ لەنێو شاندی ئیمرالیدا بوون. لەگەڵ بەڕێز ئۆجەلان و بەرپرسانی تورکیا گفتوگۆتان کردووە. بەبڕوای ئێوە بۆچی پرۆسەی ئاشتی کۆتایی هات؟**

**پەروین بوڵدان:** حکومەتی ئاکپارتی رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە شکستی پرۆسەکە، هەر لەسەرەتاوە هەڵوێستێکی راست و دروستی نەبوو. لەماوەی سێ ساڵدا دەیویست پرۆسەکە تەنیا لە چوارچێوەی دیالۆگدابێ. دواییجار کە بەڕێز ئۆجەلانمان بینی گوتی پێویستە شاندێکی چاودێری سەردانی ئیمراڵی بکات. چونکە 28ی شوبات لە کۆشکی دۆڵمە باخچە راگەیەنداوێک خوێندرایەوە. پێویست بوو لەژێر چاودێری شاندێکی چاودێردا، گفتوگۆ لەسەر ئەو راگەیەنداوە بکرێ، بەڵام حکومەتی ئاکپارتی پێش حەوتی حوزەیران دەیویست رێگە لە هەدەپە بگرێت. لەهەمانکات ئاکپارتی کەوتە دۆخێکەوە نەیدەویست پرسی کورد بە رێگەی دیموکراتی چارەسەر بکات. من وای دەبینم پرۆسەی چارەسەری یان پرۆسەی ئاشتی بەهۆی بێبەڵێنی ئاکپارتی تێکچوو. لە دوایین دیدارمان بەڕێز ئۆجەلان گوتی: "ئەگەر شاندێکی چاودێری بێتە ئیمرالی و لەژێر چاودێری گفتوگۆکانی دۆڵمە باخچە دەست بە گفتوگۆ بکات، داوا لە پەکەکە دەکەم چەک دابنێن. بەرپرسانی حکومەت و دەوڵەت ئەوەیان زۆرباش دەزانی. بەڵام بە ئەنقەست قۆناغەکەیان بەو دۆخە گەیاند. من دەمەوێت بڵێم

> **پەکەکە ئامادەبوو چەک دابنێ**

هۆکاری ئەو دۆخە حکومەت و دەوڵەتە. من باش دەمزانی پەکەکە بەقسەی ئۆجەلانی دەکرد، چونکە من لە قەندیل لەگەڵ بەرپرسانی کەجەکە قسەم کرد.

**رووداو: ئەگەری دەستپێکردنەوەی پرۆسەی چارەسەری هەیە؟**

**پەروین بوڵدان:** هیچ جارێک بێ هیوا نابم. یەکێکم لەو کەسانەی باوەڕم بەوە هەیە و پێویستە دەست بە پرۆسەیەکی نوێ بکرێ. پرسی کورد گەورەتر دەبێت و بووەتە پرسێکی نێودەوڵەتی و تاوەکو ئەو پرسە چارەسەر نەکرێت رۆژانە خەڵک دەکوژرێن. هێشتا زووە باس لەوە بکەین کەی دەستپێدەکات، بەڵام بە بۆچوونی من پێویستە دەمودەست بێت. پێویستە گۆشەگیریی سەر بەڕێز ئۆجەلان دەمودەست هەڵبگیرێت. دوای ئەوەی گۆشەگیری هەڵگیرا، رۆڵی ئۆجەلان لە ئاشتی و چارەسەریدا، رۆڵی ئەو لە دیموکراتیزەبوونی تورکیادا لەلایەن حکومەت و دەوڵەتەوە زیاتر هەستی پێ دەکرێ.

### هێرشەکەی عەفرین ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعشی سست کرد

# شەڕڤانەکانی هەسەدە لە بەرەی شەڕی داعشەوە روو دەکەنە عەفرین

**رووداو – هەولێر**

بەرپرسانی ئەمریکی نیگەرانن لەوەی هێزە کوردییەکانی رۆژئاڤای کوردستان وەکوو جاران لە هەڵمەتی تێکشکاندنی پاشماوەکانی داعشدا هاوکارییان نەکەن، ئەوەش نەک هەر کێشەی گەورە بۆ دوایین قۆناغی تێکشکاندنی داعش لە سووریا دروستدەکات، بەڵکو رێگەش بۆ راکردنی سەتان چەکداری بیانیی داعش بۆ دەرەوەی سووریا خۆش دەکات.

بەرپرسێکی کوردی رۆژئاڤا پێشبینی دەکات شەڕی نێوخۆی سووریا بۆ چوار ساڵی دیکە بەردەوام بێ.

رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی لە راپۆرتێکیدا باسی ئەو هەزاران شەڕڤان و فەرماندە کوردەی نێو هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) دەکات کە روویان لە عەفرین کردووە، بۆ ئەوەی بەرپەرچی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر شارەکە بدەنەوە. هەسەدە کە بەدەستپێشخەری یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دامەزراوە، رۆڵی سەرەکی هەبوو لە کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەی داعش لە چوار ساڵی رابردوودا لە سووریا دەستی بەسەردا گرتبوون، لەوانەش شاری رەققەی پایتەختی خەلافەتەکە.

ئێستا هاوپەیمانان هەوڵی لەناوبردنی دوایین شانەکانی داعش لە رۆژهەڵاتی رووباری فورات تاوەکو سنوورەکانی رۆژئاوای عێراق دەدەن. راپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز) ئاشکرای دەکات کە لە ئۆپەراسیۆنەکانی دوایی پشت بە چەکدارە عەرەبەکانی هەسەدە دەبەسترێ، هەرچەندە لەڕووی ژمارەوە زۆرینەی هەسەدە پێکدەهێنن، بەڵام لەڕووی رێکخستنی سەربازی و توانای لۆجستیکی، ناگەنە کورد.

سێشەممەی رابردوو، ژەنەراڵ جۆزێف ڤۆتڵ، سەرۆکی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکا، هەسەدەی بە "کاریگەرترین" هێزی پیادەی دژی داعش لە سووریا ناوبرد و گوتی "ئێمە پێویستمان بەوانە بۆ ئەوەی ئەم شەڕە تەواو بکەین". بەڵام بەرپرسانی ئەمریکی دەڵێن بەشدارینەکردنی شەڕڤانانی کورد، راوێژکارە ئەمریکییەکان و چەکدارە عەرەبەکانی ناچار کردووە ئۆپەراسیۆنەکانی پاککردنەوەی ناوچەکان لە داعش بوەستێنن و زیاتر روو لە بەرگری بکەن.

ئاڵدار خەلیل، ئەندامی سەرکردایەتی تەڤگەری کۆمەڵگای دیموکراتیک (تەڤدەم)، لە لێدوانێکدا بۆ (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی، ئەو گۆڕانکارییە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "جاران ئەوە ئێمە بووین کە هێرشمان دەکردە سەر داعش، بەڵام ئێستا رۆژانە شەڕڤان لەدەست دەدەین و لە کاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیاوە 170 کوژراومان هەبووە".

راپۆرتە مەیدانییەکەی (ئیندیپێندنت) دەریدەخات داعش خەریکە لە رۆژهەڵاتی سووریا و رۆژئاوای عێراق خۆی کۆدەکاتەوە و دەستی بە جموجۆڵ کردووە. بەرپرسەکەی رۆژئاڤای کوردستان پێیوایە داعش سوودی لەوە بینیوە کە هێزە کوردییەکان روویان لە عەفرین کردووە و ئەم هەلەیان بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەی دێرەزوور قۆستووەتەوە.



داعش سوودی لەوە بینیوە کە هێزە کوردییەکان روویان لە عەفرین کردووە

بەرپرسانی ئەمنی و سەربازیی کۆشکی سپی و شارەزایانی کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هۆشداری دەدەن کە ئەو هەڵوێستەی هێزە کوردییەکان تەنیا تەمەنی دوایین شانەکانی داعشی درێژ ناکاتەوە، بەڵکو رێگەش خۆش دەکات بۆ ئەوەی سەتان چەکداری بیانیی داعش روو لە رۆژئاوای سووریا، تورکیا یان ئوردن بکەن، تەنانەت مەترسی ئەوەش هەیە بگەڕێنەوە ئەوروپا.

تێکشکاندنی خەلافەتەکەی داعش گەورەترین دەستکەوتی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بووە لە بواری ئاسایشی نیشتمانی. بە گۆڕینی ئاراستەی جموجۆڵی شەڕڤانە کوردەکانی هەسەدە بەرەو عەفرین، مەترسی گەورە لەسەر ئەو دەستکەوتە دروستبووە.

لە هەفتەکانی سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیادا، ئیدارەی ئەمریکی دوو هەڵوێستی سەرەکیی هەبوو، لە لایەکەوە هۆشدارییان دەدا کە ئۆپەراسیۆنەکەی تورکیا کێشە بۆ هەوڵەکانی دژی داعش لە رۆژهەڵاتی سووریا دروستدەکات و لەلایەکی دیکەشەوە گوتیان ژمارەی ئەو شەڕڤانە کوردانەی رۆژهەڵاتی سووریا بەرەو باکووری رۆژئاوا جێدەهێڵن، زۆر نییە.

بەڵام کەشی نیگەرانی باڵی بەسەر کۆبوونەوە داخراو و تایبەتەکانی فەرماندە باڵاکانی سوپای ئەمریکادا کێشاوە، لە کاتێکدا هەوڵە دیپلۆماسییەکانی واشنتن لە یەک مانگی رابردووشدا نەیتوانیوە هەڵوێستی ئەنقەرە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنی عەفرین و ئاکامەکانی بگۆڕێت. ئەو بێ ئومێدییەی ئەمریکا لە کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەی 22ی شوباتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا دەرکەوت، کاتێک هیزەر ناوەرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە، گوتی: "چیدی ناتوانین بەو شێوازەی بە دڵمان بوو شەڕی داعش بکەین".

تاوەکو ئێستا نازانرێت ژمارەی ئەو شەڕڤانانەی لە رۆژهەڵاتی سووریاوە روویان لە باکووری رۆژئاوا کردووە چەند کەسە. لە لێدوانێکدا بۆ (نیویۆرک تایمز)، پێنج بەرپرسی سەربازیی ئەمریکیی ئاگاداری رەوشەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە شەڕڤانەکان و فەرماندە پلە نزمە کوردەکانی هەسەدە بە لێشاو بەرەو عەفرین دەچن. هەفتەی رابردووش، شێرڤان دەرویش، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەربازیی مەنبج، ئاشکرای کرد لە چەند رۆژی رابردوودا 250 شەڕڤانی کورد روویان لە مەنبج کردووە.

بەگوێرەی ئامارەکانی سوپای ئەمریکا، هێزەکانی سووریای دیموکرات نزیکەی 50 هەزار چەکداریان هەیە، لەو ژمارەیەش 80%یان عەرەبن. بەڵام بەرپرسانی ئەمریکی دەڵێن ئەو رۆڵەی شەڕڤانە کوردەکان لە شەڕەکانی دژی داعشدا بینیویانە زۆر گەورەتر بووە لەو قەبارەیەی لە هێزەکانی سووریای دیموکراتدا هەیانە.

مانگی رابردوو حکومەتی سووریا و یەپەگە رێککەوتن لەسەر ئەوەی ژمارەیەک لە هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لە هەندێک خاڵی سنووری نێوان تورکیا و سووریا جێگیر بکرێن، بەڵام ئاڵدار خەلیل دەڵێت هێزە سوورییەکان ژمارەیان زۆر کەمە و هەنگاوەکەش زیاتر سیمبۆلیک بووە.

پێش هێرشەکانی تورکیا، عەفرین ناوچەی نفوزی رووسیا بوو، بەڵام دوو رۆژی پێش هێرشەکانی سەر عەفرین، حکومەتی رووسیا بڕیاری دا هێزەکانی خۆی لە عەفرین دووربخاتەوە. لە لێدوانەکەی ئاڵدار خەلیلیشدا وەها دیارە رووسیا بە کەوتنی عەفرین رازی بووە و ئەمە بە کاردانەوەیەک دەزانێ بەرامبەر چوونە ناوەوەی هێزەکانی هەسەدە بۆ دێرەزوور و بێبەشبوونی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لە گەورەترین کێڵگە نەوتییەکانی سووریا.

> **ئەمریکا سەنگەر بۆ رووسیا چۆڵ ناکات**
>
> لە سەرەتای دەستپێکردنی هێرشەکانی سەر عەفرینەوە، تورکیا دەڵێت چاویان لەسەر مەنبیجیشە. بەڵام ئاڵدار خەلیل بە ئەستەمی دەزانێت تورکیا سەرکێشییەکی ئاوها بکات، چونکە هێزەکانی ئەمریکا لەو ناوچەیە جێگیرن. ئەمریکا 2000 سەرباز و هێزی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی لە سووریا هەیە کە بەشێکیان لە مەنبج و لە هەندێک شوێن سەنگەرەکانیان تەنیا چەند مەترێک لە سەنگەری هێزەکانی لایەنگری تورکیاوە دوورە. خەلیل لەبارەی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا دەڵێت "بڕوا ناکەم ئەمریکا سووریا بۆ رووسیا جێبهێڵێت".

تاڵەبانی تەنیا لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا ئەو دەسەڵاتەی هەبووە

# سەرۆک کۆمار ناتوانێ بۆ گەڕاندنەوەی یاسای بودجە ڤیتۆ بەکاربهێنێ

نەوزاد مەحموود
ڕووداو – سلێمانی

ئەوەی کورد دەیویست و داوای دەکرد، لە یاسای بودجەی گشتیی عێراقدا جێگای نەکرایەوە، تەنانەت بایکۆتی بە کۆمەڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش وای لە پەرلەمانتارە سوننە و شیعەکانی عێراق نەکرد دەرفەتێکی دیکە بهێڵنەوە بۆ گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ کورد و بەو شێوەیەی دەیانویست، دەنگیان بە پرۆژە یاسای بودجە دا و پەسەند کرا. کورد بە نیومالە لێکترازاوەکەیەوە دەیەوێ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێکی هاوبەشی کوردستانی ڕێکبخات و پەرلەمانتارێکیش دەڵێ "پێموایە هێشتا دانوستاندنی ژێربەژێر هەیە، با کورد بە یەکجاریی بێهیوا نەبێ".

ڕۆژی 2018/3/3 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی ساڵی 2018ی پەسەند کرد و ڕەوانەی سەرۆکایەتی کۆماری کرد. لە یاساکەدا بودجەی ئەمساڵی عێراق بە 91 ترلیۆن و 643 ملیار و 667 ملیۆن و 236 هەزار دینار جێگیرکراوە لەسەر بنەمای فرۆشتنی یەک بەرمیل نەوت بە 46 دۆلار. هەروەها لە یاساکەدا داواکارییە سەرەکییەکانی کورد کە جێگیرکردنی پشکی 17%ی بودجە بوو، جێگیرنەکراو بۆ 12.7% کەمکراوەتەوە،

> پاشەکشە یان بایکۆتی هەڵبژاردن باشترین چارەسەرە
> پەرلەمانتارێکی پارتی

ئەوەش مەرجدارکراوە بە هەناردەکردنی 250 هەزار بەرمیل نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەغداوە.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، دەڵێ تەنیا ڕێگای بەردەم ئەوان لە بەغدا بۆ ئەوەی پرۆژە یاسای بودجە بەو شێوەیەی ئێستا تێنەپەڕێ، بایکۆتکردنی دانیشتنەکان بووە، بەڵام دەرکەوت فراکسیۆنە شیعە و سوننەکانی پەرلەمانی عێراق بێباک بوون لەوەی کورد هەرکاردانەوەیەکی هەبێ "ئەو یەکڕیزییەش کە فراکسیۆنە کوردییەکان نیشانیاندا، هێشتا ناتوانی بڵێی لە ناوەڕۆکیشدا یەکڕیزن، چونکە ناکۆکی قووڵ لە نێوان حیزبەکانی هەرێمی کوردستان هەیە و ئەوەش وای کردووە ئاسان نەبێ بتوانین بڕیارێکی هاوبەش بدەین بۆ مامەڵەی دواتر لەگەڵ بەغدا".

موسەننا ئەمین دەڵێ، ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی حیزبەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی عێراق، پێشنیازی ئەو بووە. بەڵام زەحمەتە حیزبەکان بۆچوونی هاوبەشیان هەبێ لەبارەی ئەوەی کورد دەبێ چی بکات.



سەرەڕای بایکۆتی پەرلەمانتارانی کورد، پەرلەمانی عێراق پرۆژەیاسای بودجەی تێپەڕاند

## پارتی: یان پاشەکشە یان بایکۆتی هەڵبژاردن

فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بەسەر دوو بۆچووندا دابەش بوون، بەڵام لە بنەڕەتدا هەردوو بۆچوونەکە لەیەکەوە نزیکن. د.عەرەفات کەرەم، پەرلەمانتاری پارتی، پەسەندکردنی بودجە بەو شێوەیە بە ستەمێکی دیکەی بەغدا لە کورد دەزانێ و دەڵێ "فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئارام شێخ محەممەد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان سەرپشک کردووە بۆ وتووێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی حیزبەکانی باشووری کوردستان بۆ ئەوەی بڕیارێکی هاوبەش بدرێ کە ئێمە چی بکەین". گوتیشی "گەیشتووینەتە ئەو بڕوایەی چیدی بەغدا جێگای ئێمە نییە و کاک ئارامیش بڕوای وایە دەبێ حیزبەکان ئەو پرسە دراسە بکەن".

> لە بەغدا بکشێینەوە ئێران دەروازەکان دادەخاتەوە
> پەرلەمانتارێکی گۆڕان

فراکسیۆنە کوردستانییەکان کاتێک زانییان بایکۆت سوودی نییە، پەنایان بردە بەر سەرۆکی کۆمار، وەکو پارێزەرەی دەستوور. بەپێی قسەی عەرەفات کەرەم، لەو کۆبوونەوەیەدا د.فوئاد مەعسووم، بە فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ڕاگەیاندووە "پۆستەکەم بەلاوە گرنگ نییە و سەرکردایەتی سیاسی کورد هەر بڕیارێک بدات ئامادەم جێبەجێی بکەم".

بەشێک لە ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی پێیانوایە دەبێ کاردانەوەی کورد بایکۆتکردنی پرۆسەی سیاسیی عێراق بێت "بەشێکیشیان لەگەڵ ئەوەن بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکرێ، سەرۆک کۆماریش داوای کرد پەلە نەکەین تاوەکو ڕاوێژ لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان دەکەین".

## یەکێتی: قسەی ژێربەژێر هەیە

ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، وای دەبینێ دۆخی دارایی خەڵکی کوردستان و نێوانی حیزبەکانیش هێندە خراپە، ئەستەمە بتوانرێ بڕیاری کشانەوە لە بەغدا پەسەند بکرێ "یەکێتیش ئەم پرسەی نەخستووەتە بەردەم سەرکردایەتییەکەی تاوەکو بڕیاری لێ بدات"، نەوزاد ڕەسووڵ، تاوەکو ئێستاش نازانێ ڕای یەکێتی چی دەبێ، بەڵام بۆچوونی خۆی ئەوەیە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان گونجاو نییە بۆ کشانەوە و بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

ئەو پەرلەمانتارەی یەکێتی باسی بۆچوونی نێو پەرلەمانتارانی کورد دەکات لە بارەی پەسەندکردنی بودجە، هەرچەندە بایکۆتی دانیشتنەکانیشیان کردبوو لەپێناوی 17%ی بەشی کورد، بەڵام دەڵێ "پسەی ژێر بەژێریش لە نێو هەندێکیان هەیە، هەندێکیان پێیانوایە هێشتا بەوە ڕازی ببین باشترە، چونکە ئەگەر هەندێک ڕاستکردنەوەی لیستی

> دەبێ داواکارییەکانی بەغدا جێبەجێ بکەین
> پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ

فەرمانبەران هەبێ و ڕێکبخرێنەوە، بەو پارەیەی بەغدا ئیدارە دەدرێ".

## گۆڕان: لەگەڵ کشانەوە نین

لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی دوێنێ یەکشەممەدا، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی یەکهەڵوێستی و یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکانی کرد لە بەغدا و هیوای خواست درێژەی هەبێ. ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ ئەوەی بەوان دەکرا کردیان "بەڵام هیواداریـن سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەنگاوی دروست بنێن".

شیرین ڕەزا، پێیوایە "کشانەوە و بایکۆتکردنی

> دۆخی کوردستان گونجاو نییە بۆ کشانەوە و بایکۆتی هەڵبژاردن
> پەرلەمانتارێکی یەکێتی

بەغدا هەڵەی گەورەن. دوای کشانەوە لە بەغدا جارێکی دیکە ئێران دەروازەکان دادەخاتەوە و هەنگاوی باش پابەندبوونە بە دەستووری عێراق و جێبەجێکردنی مەرجەکانی بەغدا بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر ببن". ناوبراو پێشبینی دەکات دوای کۆبوونەوە بەرفراوان و چاوەڕوانکراوەکەی نێوان حیزبەکانی کوردستان و حکومەت، کورد هێمن ببێتەوە "ئەم بودجەیە تەنیا بۆ یەک ساڵە و دەبێ هەوڵ بدەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا باشتر بکەین".

## یەکگرتوو: کارتێکمان بەدەستەوە ماوە

پێش بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2014، ساڵانە تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای بودجە لە پەرلەمانی عێراق یەکێک لە گرفتە هەرە ئاڵۆزەکان بوو. چونکە بەردەوام ئەو بۆچوونە لەنێو پەرلەمانتارانی شیعە و سوننەی عێراقدا هەبووە کە کورد مافی وەرگرتنی کەمتر لەوەی هەیە کە داوای دەکات. لە نوێترین پێشهاتیشدا، مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان یادی ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان پیرۆز دەکات و بەدەرفەتی دەزانێ لەو بۆنەیەدا هەڵوێستێکی نیشتمانی هاوبەش لە نێوان حیزبەکان ڕابگەیێندرێ دژی پەسەندکردنی بودجەی عێراق کە بارزانی وەک "چەوساندنەوەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی گەلی کوردستان"ناوی بردووە.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ لە کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆک کۆمار داوای کردووە د.فوئاد مەعسوم کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکردەی حیزبەکانی کوردستان بکات و بڕیارێکی هاوبەش گەڵاڵە بکەن بۆ ئەوەی کورد چی بکات بەرامبەر بەغدا "دوای ئەوەی ئاکامی نەبوو داوام کرد لە ئارامی شێخ محەممەد ئەوە بکات، ئێستا من پێشنیاز دەکەم کۆبوونەوە گرنگەکە بکرێ، چونکە لەم عێراقەدا ئێمە هیچمان پێناکرێ".

موسەننا ئەمین، کشانەوە بە باشترین بژارە دەزانێ ئەگەر بۆ ئەوەش بێ پەیامێک بدەنە ڕای گشتیی جیهان بۆ ئەوەی گوشار لە بەغدا بکرێ "ئێمە ئێستا ئەو کارتەمان بەدەستەوە ماوە و بەداخەوە هێشتا هەندێک لایەن پێیانوایە نابێ ئەو کارتە بەکاربهێنین، بەڕاستی چارەسەری ئێمە تەنیا ئەوەیە".

## کۆمەڵ: دەبێ داخوازییەکانی بەغدا جێبەجێ بکرێ

کورد بە بایکۆتی هەڵبژاردن و کشانەوە لە پرۆسەی سیاسی شتێکی نوێ دەکات یان هەمان ئەزموونی سوننە دووبارە دەکاتەوە لە سەرەتای پرۆسەی سیاسی عێراقدا؟

ئەندامێکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق ڕای وایە کە "دەبێ سەرەتا نێومالی کورد ڕێکبخرێتەوە و دیموکراسی و دادپەروەری و یەکڕیزی دروستبکرێ، چونکە لەو ڕووانەوە بەغدا باشترە لە کوردستان".

زانا ڕوستایی، باسی عەرەبی سوننە دەکات کاتێک پرۆسەی سیاسیی عێراقیان بایکۆت کرد "دەرکەوت ئەزموونێکی شکستخواردووە و سەرنجی نێودەوڵەتیش بۆ لای دۆزی کورد ڕاناکێشێ". ئەو دەڵێ "فرۆشتنی نەوت لە ڕێگای سۆمۆوە

> تەنیا کارتی کشانەوەمان بەدەستەوە ماوە
> پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو

موناقەشە هەڵناگرێ و دەبێ هەرێمی کوردستان پێی ڕازی بێ".

## سەرۆک کۆمار ڤیتۆی لەدەست نەماوە

هەرچەندە بەشێک لە پەرلەمانتارانی کورد پێیانوایە سەرۆک کۆمار دەتوانێ ئەو یاسایە ڕەتبکاتەوە و بینێرێتەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام ڕاوێژکارێکی سەرۆک کۆماری عێراق دەڵێ "سەرۆک کۆمار هەموو هەوڵێکی خۆی دا و سوودی نەبوو، بۆیە تازە ئەو یاسایە دەرچووە و سەرۆک کۆمار ئیمزای بکات یان نا، کاری پێدەکرێ".

عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، هەروەها بە (ڕووداو)ی گوت، بەکارهێنانی ڤیتۆ تەنیا لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی مام جەلالدا هەبووە و دواتر ئەو دەسەڵاتە لە سەرۆک کۆمار وەرگیراوە "ئەگەر تاوەکو 15 ڕۆژ دوای پەسەندکردنی یاساکە سەرۆک کۆمار ئیمزای نەکات، بۆ خۆی یاساکە جێبەجێ دەبێ".

گوتیشی: "بەڵام واتێدەگەم لە ژێرەوە هەوڵ هەن بۆ ئەوەی چارەسەرێک بدۆزرێتەوە، چونکە قسەکانی کاک نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بێهیوایی پێوە دیار نەبوو".

مەرجەعێکی باڵای شیعە بۆ حیزبە کوردستانییەکان:

# ئامۆژگاریی عەبادی دەکەین

سیروان عەباس
ڕووداو – هەولێر

شاندێکی کوردستانی کە پێکهاتبوو لە نوێنەری پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو، سەردانی شاری نەجەفیان کرد و لەگەڵ دوو مەرجەعی باڵای شیعەی عێراق و چەند کەسایەتییەکی سیاسی و ئایینی کۆبوونەوە. ئەندامێکی شاندەکە دەڵێت مەرجەعێکی باڵای شیعە پێیگوتوون ئامۆژگاریی عەبادی دەکەن.

سەردانەکە بە دەستپێشخەریی ناوەندی ڕافیدەین بۆ دیالۆگ و دەزگای مێری بۆ توێژینەوە بوو. لەوێ لەگەڵ عەلا موسەوی، سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعی و عەلی بەشیر نەجەفی، مەرجەعی نەجەف کۆبوونەتەوە.

سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و گوتەبێژی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کە ئەندامێکی شاندەکە بوو، بە (ڕووداو)ی گوت: "لە سەردانمان بۆ لای عەلا موسەوی، سەرۆکی دیوانی وەقفی شیعی و یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی ئایاتوڵڵا سیستانی، بەپێی بەرپرسیارییێتی و ئیداری بۆ هەموو حوسەینییەکان و دامەزراوەکانی شیعی لە عێراق، ئەوەمان پێڕاگەیاند کە هەوڵی ئەوە بدات شەقامی شیعە پشتیوانی هەڵوێستی مەرجەع بکات".

سەعدی پیرە دەشڵێت "داوامانلێکردن وەک لە ڕابردوودا پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان کردووە ئێستاش وابمێنن، ئێمە حورمەتی مەرجەعیەت و عەتەباتی موقەددەسە لە دڵمان پارێزراو دەمێنێ، پەیوەندی بە گفتوگۆی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەغداوە نییە".

کۆبوونەوەی شاندە کوردستانییەکە دوو ئاراستە بووە، ئاراستەیەکیان لەگەڵ کەسایەتییە ئایینییەکان و ئاراستەکەی دیکەش لەگەل کەسایەتییە سیاسییەکان، نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی لە شاندەکە گوتی "مەرجەعی شیعەکان گلەییان لە ئەنجامدانی گشتپرسی ساڵی ڕابردوو هەبووە". شوان ڕابەر، بڕیاردەری ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی گوتیشی "لە کۆبوونەوەکانماندا لەگەڵ مەرجەعی شیعەکان، تێمانگەیاندن کە گشتپرسی مافی گەلە و گەل ئەنجامیداوە، با چیدیکە لەسەر ئەو هەڵوێستە خەڵک سزا نەدرێت و دەست بە چارەسەرکردنی کێشەکان بکەین".

بە گوتەی شوان ڕابەر، ئەوان داوایانکردووە سەرجەم پرسە سیادییەکان بگەڕێندرێنەوە بۆ بەغدا و دەستووری عێراق پەیڕەوبکرێت، لە بەرامبەریشدا نوێنەری پارتە کوردستانییەکان هەمان خواستیان هەبووە. لە بەرامبەریشدا مەرجەعەکان بە بیانووی ئەوەی کە ئەوان پۆستی سیاسییان نییە، هیچ بەڵێنێکیان پێنادەن. بەڵام موسەننا ئەمین کە نوێنەرایەتیی یەکگرتووی دەکرد لە شاندەکە دەڵێت: "مەرجەعێکی شیعەکان پێیگوتووین: ئێوە ڕاستدەکەن و ئامۆژگاری حەیدەر عەبادی دەکەین".


کۆبوونەوەی شاندی پارتە کوردییەکان لەگەڵ مەرجەعە ئایینییەکانی شیعە لە شاری نەجەف

موسەننا ئەمین کە سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق هەروەها گوتی "لە کۆبوونەوەماندا لەگەڵ عەلی بەشیر نەجەفی، مەرجەعی نەجەف من بەناوی نوێنەری پارتەکانەوە قسەمکرد و گوتم: حەیدەر عەبادی ستەم لە گەلی کوردستان دەکات و بودجە و پارەی جوتیارانی بڕیوە و دەیەوێ هەندێ پرس بە شەڕ یەکلابکاتەوە. لە بەرامبەریشدا عەلی بەشیر نەجەفی گوتی باری دارایی حکومەتی عێراق خراپە، بەڵام قسەکانی ئێوە ڕاستن و ئامۆژگاری عەبادی دەکەین".

جەعفەر ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بە نوێنەرایەتی پارتی لە نێو شاندەکەدا بوو گوتی "ئەوەی پەیوەستە بەلایەنی سیاسییەوە، ئەوە دەوەستێتە سەر دانوستاندنی دوو لایەنی دیار کە ئەوانیش حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقە، دانوستاندنەکانیش قۆناخی باشیان بڕیوە، ڕاستە سزاکان ماون، ڕاستە بێزاری خەڵکی کوردستان بەردەوامە و فڕۆکەخانەکان نەکراونەتەوە، بەڵام بەو دانوستاندنانە ئومێدێک پەیدابووە".

جەعفەر ئیبراهیم دەشڵێت "لایەنێکی دیکە هەیە پەیوەستە بە پەیوەندییە مێژووییەکانی کورد بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە لەگەڵ عەرەبی شیعە، ئێمە واتێگەیشتووین مەترسییەکی زۆر لەسەر ئەم پەیوەندییە مێژووییە دروستبووە، لەڕووی کۆمەڵایەتی و لەڕووی شەقام، پێویستە درک بەو بابەتە بکرێت و ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەو بەرپرسیارییێتییەی لەسەر شانی لایەنە سیاسییەکانە".



## ڕێگە بە بارهەڵگرەکانی هەرێمی کوردستان نادرێت بچنە بەغدا

**رووداو - هەولێر**

ئەو بارهەڵگرانەی لە هەرێمی کوردستانەوە کاڵا دەبەنە بەغدا و خوارووی عێراق، کێشەی هاتوچۆیان بۆ دروستبووە و لە گومرگی سەفرەوە ڕێگەیان پێنادرێت بچنە بەغدا. گومرگی سەفرە لە شارۆچکەی عوزێمی سەر بە دیالەیە لە باکووری بەعقووبە. دڵدار گۆران، یەکێکە لە شۆفێری بارهەڵگرەکان کە هەفتەیەکە لەو گومرگە ماوەتەوە بە (رووداو)ی گوت: "گیرمانخواردووە و ڕێگەمان پێنادرێت بچینە بەغدا، بەو هۆیەش خۆمان و بارەکان لەودیوی گومرگەکە ماوینەتەوە". بەگوتەی ئەو شۆفێرانە، پێشتر هەر بارهەڵگرێک بەگوێرەی بارەکەی لەنێوان 4 هەزار تاوەکو 10 هەزار دۆلار گومرگی دەدا، بەڵام ئێستا بە پارەش ڕێگەیان نادەن بچنە بەغدا.

## 99%ی نیسک و 68%ی ئەو نۆکەی لە بازاڕ هەیە هاوردەیە

# جووتیاران دەست لە چاندنی نیسک و نۆک هەڵدەگرن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو - هەولێر**

بەپێی ڕووپێوییەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەرە چێندراوەکانی بەروبوومی زستانە، پاشەکشەیەکی گەورە لە چاندنی نۆک و نیسک و جۆدا هەیە، لە بەرامبەریشدا چاندنی گەنم زیادی کردووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم بەرهەمانە ڕوو لە کەمی بکەن و زۆربەی ئەو بەرهەمانە لە دەرەوە هاوردە بکرێن.

بەئامانجی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر ڕووبەرە چاندراوەکانی بەربوومی زستانە، بەتایبەت گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و سەوزە لە هەرێمی کوردستان، دەستەی ئاماری هەرێم بەهاوکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ساڵی ڕابردوو ڕووپێوییەکی مەیدانی بۆ 5070 گوند لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان کردووە.

بەپێی ڕووپێوییەکە، لە کۆی 3.890.250 دۆنم زەوی بەردەست بۆ چاندن، 3.047.030 دۆنم بە بەروبوومی زستانە چێندراوە، زۆرترینیشی بۆ چاندنی گەنم تەرخان کراوە کە 2.659.086 دۆنم بووە، دوای ئەویش جۆ بە پلەی دووەم دێت کە 348.088 دۆنمی بۆ تەرخان کراوە، سەوزە بەپلەی سێیەم دێت کە 27.125 دۆنمی بۆ تەرخان کراوە و نۆکیش بە پلەی چوارەم دێت کە 12.259 دۆنمی بۆ تەرخان کراوە، هەروەها نیسک بەپلەی پێنجەم دێت کە تەنیا 472 دۆنمی لێ چێندراوە.

هەر بەپێی ڕووپێوییەکە زۆرترین ڕووبەری چێندراوی گەنم لە پارێزگای هەولێر بووە کە 948.983 دۆنم بووە. زۆرترین ڕووبەری چێندراوی جۆ و نۆک لە پارێزگای سلێمانیە کە 152.753 دۆنم بۆ جۆ و 5.357 دۆنمیش بۆ چاندنی نۆک تەرخان کراوە، پارێزگای دهۆکیش بەچاندنی 248 دۆنم نیسک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە چاندنی نیسک لەپلەی یەکەمدایە.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "ئامانجمان لەو ڕووپێوییە ئەوە بوو ڕووبەری چێندراو و نەچێندراو و بڕشت و بەرهەمی بەروبوومە زستانییەکانمان دەستبکەوێت و بەراوردی بکەین لەگەڵ ساڵانی پێشتر بۆ ئەوەی بزانین جووتیاران ئاراستەی چاندنیان زیاتر ڕوو لە چ بەرهەمێکە و چاندنی چ بەرهەمێکیان پشتگوێ خستووە".

ئامانجێکی دیکەی ڕووپێوییەکە وەک سەرۆکی دەستەی ئامار ئاماژەی پێدەدات، نەهێشتنی گومانی بەغدا بوو لەسەر گەنمی کوردستان کە دەڵێن هەرێمی کوردستان گەنمی هاوردەکراوی تێکەڵی بەرهەمی خۆی کردووە.

سیروان محەممەد گوتی: "لە ئەنجامی ڕووپێوییەکە بۆمان دەرکەوت جیاوازی زۆر لەنێوان ڕووبەرە چاندراوەکانی بەروبوومی زستانەی ساڵانی 2016 — 2017 لەچاو ساڵی 2012 — 2013 هەیە، بۆ نموونە چاندنی گەنم بەڕێژەی 18% زیادی کردووە، بەڵام بەرهەم تەنیا 2% زیادی کردووە. ڕووبەری چاندنی جۆ 15% کەمی کردووە و بەرهەمەکەشی بەڕێژەی 32% کەمی کردووە. ڕووبەری چاندنی نۆک 60% کەمی کردووە و بەرهەمەکەی بەڕێژەی 20% کەمی کردووە. ڕووبەری چاندنی نیسک بەڕێژەی 38% کەمی کردووە و بەرهەمەکەی بەڕێژەی 11% کەمی کردووە".

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان، گەنم، جۆ، نیسک و نۆکی لە چوارچێوەی بەرهەمە ستراتیژییەکان داناوە. بەپێی پلانی پێنج ساڵەی ستراتیژیی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کە لە ساڵی 2013 کۆتایی هات، دەبووایە هەرێمی کوردستان لەم بەرهەمانە بگاتە ئاستی خۆبژێوی، بەڵام بەپێچەوانەوە جگە لە گەنم، چاندن و بەرهەمی ئەم بەرهەمانە بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە.

د.غازی فایەق، بەڕێوەبەری گشتیی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت: "بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، ئێمە گەشەپێدانی گەنممان لە پێشینەی بەرهەمە ستراتیژییە کشتوکاڵییەکان دانابوو، بۆیە لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرترین توێژینەوە بۆ گەشەپێدانی گەنم کراوە، بەهۆی ئەم گرنگیدانەی ئێمە و بە بازاڕکردنی لەلایەن بەغداوە، زۆربەی جووتیاران ڕوویان لە چاندنی گەنم کردووە و کەمتر نۆک و نیسک و جۆ دەچێنن".

دکتۆر فایەق ڕەتیکردەوە کە ئەم بەرهەمانەیان پشتگوێ خستبێ و گوتی: "بەر لە شەش مانگ نووسراوێکمان ئاڕاستەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی کشتوکاڵی پارێزگاکان کردووە بۆ ئەوەی هانی جووتیاران بدەن، نیسک و نۆک و جۆ بچێنن، هەوڵ بدرێت بازاڕ بۆ بەرهەمەکانیان بدۆزرێتەوە و ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەتیش بکەن بۆ وەبەرهێنان لەم بەرهەمانەدا".

بەپێی ئەو پێوەرەی وەزارەتی کشتوکاڵ دایناوە، هەر تاکێکی هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 10 کیلۆ نۆک و دوو کیلۆ نیسک هەیە، ساڵانەش 600 هەزار تۆن جۆ پێویستە بۆ ئالیکی ئاژەڵان.

بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ساڵی ڕابردوو ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن و 755 هەزار کەس بووە، بەپێی پێوەرەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ بێ، ساڵانە هەرێمی کوردستان پێویستی بە57 هەزار و 550 تۆن نۆک و 11 هەزار و 510 تۆن نیسک هەیە.

بەپێی ڕووپێوییەکەی دەستەی ئامار، ساڵی ڕابردوو 96%ی ئەو نۆکەی لە کوردستان بەکاربراوە و 99%ی نیسک و 85%ی جۆ هاوردە کراون.

جووتیار عومەر، خاوەنی کۆمپانیای نەوڕەس کە مانگانە زیاتر لە 6000 تۆن خۆراک لە تورکیاوە هاوردە دەکات، دەڵێت: "لە کوردستان بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی فرۆشی کەلوپەلی خۆراکیش بەڕێژەی نزیکەی 40% دابەزیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشتا هێشتا خواستێکی باش لەسەر بەرهەمی نۆک و نیسک هەیە، ساڵانە نزیکەی دوو هەزار تۆن نیسک و نۆک دەفرۆشین".

جووتیار عومەر کە خۆراک و بەتایبەتی پاقلەمەنییەکان لە زۆر وڵاتەوە هاوردە دەکات و لە کارگەیەکی خۆی لە تورکیا لە قوتوو و نایلۆنیان دەنێت، دەڵێت: "نۆکی ورد لە ڕووسیا هاوردە دەکەین کە زیاتر بۆ فلافل بەکاردێت. نۆکی درشتیش لە مەکسیک و هیندستان هاوردە دەکەین، نیسکیش لە تورکیا و کەنەداوە هاوردە دەکەین".

ئەو بازرگانە پێشتر بۆ کڕینی بەشێک لە بەرهەمەکانی پشتی بە بەرهەمی خۆماڵی دەبەست، بەڵام ئێستا هەموو بەرهەمەکانی لە دەرەوە هاوردە دەکات و دەڵێت: "پێشتر نۆکی ناوچەی بەردەڕەش و ئاکرێ و هەریرم دەکڕی و زۆریش لە نۆکی مەکسیکی و هیندی باشتر بوو، بەڵام چەند ساڵێکە بەرهەمی ناوخۆ زۆر کەم بووە، بۆیە زیاتر پشت بەنۆکی ڕووسی و هیندی و مەکسیکی دەبەستین".



ساڵی ڕابردوو جووتیارانی کوردستان تەنیا 13 هەزار دۆنم نۆک و نیسکیان چاندبوو

**ڕووبەری چێندراو و نەچێندراوی بەروبوومی زستانە (بە دۆنم) لە ساڵی 2016 - 2017**

| پارێزگا | ژمارەی گوند | ڕووبەری چێندراو | گەنم | جۆ | نۆک | نیسک | سەوزە | ڕووبەری نەچێندراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 1423 | 1.050.317 | 948.983 | 82.111 | 2.787 | 107 | 16.329 | 116.073 |
| سلێمانی | 1674 | 818.402 | 656.867 | 152.753 | 5.357 | 112 | 3.313 | 282.029 |
| دهۆک | 1442 | 662.963 | 641.461 | 14.859 | 2.578 | 248 | 3.818 | 283.731 |
| گەرمیان | 409 | 447.949 | 350.400 | 96.755 | 281 | 5 | 508 | 152.724 |
| هەڵەبجە | 122 | 67.399 | 61.375 | 1.611 | 1.255 | - | 3.158 | 8.670 |
| کۆی گشتی | 5.070 | 3.047.030 | 2.659.086 | 348.087 | 12.258 | 472 | 27.127 | 843.227 |

## سەرەڕای ئەوەی وەرزی چاندنە

# بازاڕی نەمام بۆ 50% دابەزیوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتی باخداریی هەرێمی کوردستان دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی و دابیننەکردنی بودجە، توانای بەرهەمهێنانی نەمامگە حکومییەکان 61% کەمی کردووە، فرۆشی نەمامی نەمامگەکانیش بۆ نیوە دابەزیوە.

وەرزی چاندنی نەمام لە هەرێمی کوردستان لە مانگی کانوونی یەکەمەوە دەستپێدەکات و تاوەکو ناوەڕاستی ئادار دەخایەنێ، بەڵام خاوەن نەمامگەکان دەڵێن بەهۆی قەیرانی داراییەوە فرۆشیان زۆر کەمی کردووە.

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، خاوەنی 16 نەمامگەی باخدارییە، بە ئامانجی گەشەپێدان و بووژانەوەی باخەکان بە نەمامی باش و کواڵیتی بەرز، پێشتر ساڵانە زیاتر لە ملیۆنێک نەمامیان بەرهەم دەهێنا و بەنرخی پاڵپشت بە جووتیارانیان دەفرۆشتەوە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و دابیننەکردنی بودجەی پێویست بەرهەمی نەمامگەکان زۆر کەمی کردووە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باخداری هەرێم، لەساڵی 2010 تاوەکو ساڵی 2013 بەرهەمی نەمامگەکان لە 933 هەزارەوە بۆ ملیۆنێک و 112 هەزار نەمام زیادی کردووە، بەڵام ماوەی سێ ساڵە بەهۆی کاریگەریی قەیرانەوە بەرهەمی نەمامگە حکومییەکان لە پاشەکشێدایە و ساڵی ڕابردوو تەنیا 437 هەزار نەمامیان هەبووە.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان، دەڵێت: "هۆکاری سەرەکی کەمبوونەوەی بەرهەمی نەمامگە حکومییەکان، بودجەیە. سێ ساڵە هیچ بودجەیەک بۆ نەمامگەکان دابین نەکراوە. بۆیە بەرهەمی نەمامگە حکومییەکان بەراورد بە پێش قەیرانی دارایی بە ڕێژەی 61% کەم بووە".

**بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان**

**سێ ساڵە هیچ بودجەیەک بۆ نەمامگەکان دابین نەکراوە**

قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر فرۆشی بەرهەمی نەمامگە حکومییەکان هەبووە. وەک حوسێن حەمەکەریم دەڵێت: "بەهۆی کاریگەریی قەیرانی دارایی توانای کڕینی جووتیاران لاواز بووە، بۆیە ئێستا ساڵانە 20%ی نەمامی نەمامگە حکومییەکان نافرۆشرێن و دەمێننەوە".

نەمامگە حکومییەکان دوو جۆر نەمامی بەردار بەرهەمدێنن، بەشێک لە نەمامەکانی وەک هەنجیر، مێو، هەنار بەقەد دەچێندرێن و بەرهەمهێنانیان ئاسانە، بەڵام بەشێکی دیکەی نەمامەکان وەک خۆخ، قەیسی، سێو، گێلاس و چەندین میوەی دیکە بەتۆو دەچێندرێن و پاشان موتوربە دەکرێن، ئینجا دەفرۆشرێن.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت "نەمامگەکان بۆ چاندنی نەمام و موتوربەکردن پێویستیان بەکرێکار هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجە، ئەندازیار و فەرمانبەران خۆیان ئەم کارانە دەکەن، بۆیە توانای بەرهەمهێنانی نەمامی موتوربەکراو لە نەمامگە حکومییەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمبووە، ئێستا زیاتر ئەو نەمامانە هەن کە بەقەڵەم دەچێندرێن".

پارێزگای سلێمانی، خاوەنی حەوت نەمامگەی حکومییە، بەپێی داتاکان پێشەنگن لە بەرهەمهێنانی نەمام بەجۆرێک هەندێ ساڵ دوو بەرامبەری نەمامگەکانی پارێزگای هەولێر و دهۆک بەرهەمیان هەبووە، بەڵام ماوەی سێ ساڵە بەرهەمی ئەم پارێزگایەش کەمی کردووە.

جەلیل شەمسەدین، لێپرسراوی نەمامگەکانی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: "توانای ئەندازیار و کارمەند و خاک و ئاوی نەمامگەکانمان وەک خۆیەتی، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە ماوەی دوو ساڵە حکومەت هیچ بودجەیەکی بۆ دابین نەکردووین، بۆیە توانای بەرهەمهێنانی نەمامگەکانمان لەچاو پێشتر بە ڕێژەی 65% کەمی کردووە".

گرفتی زۆری نەمامگە حکومییەکان وەک جەلیل باسی کرد، توانای مرۆییە، چونکە ئێستا حکومەت کرێکاریان بۆ دانامەزرێنێ، ئەوانەشی هەن بەهۆی بەساڵداچوونیان بەرە بەرە خانەنشین دەکرێن، کەسی وەکو ئەوان بە ئەزموون نییە شوێنیان بگرێتەوە. ئەمەش کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەم و کواڵیتی نەمامەکان.

نەمامگە حکومییەکان نەمام بە نرخی پاڵپشت دەدەنە جووتیاران کە نرخی هەر نەمامێک بەگوێرەی جۆرەکەی لە نێوان 500 — 750 دینارە.

جەلیل شەمسەدین دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی داراییەوە جووتیاران توانای کڕینیان لاواز بووە، سەرەڕای کەمیی نرخەکان، ناتوانێ وەک جاران نەمام بۆ باخەکەی بکڕێ، بۆیە ساڵانە بەشێک لە نەمامەکانمان دەمێننەوە و نافرۆشرێن".

جگە لە نەمامگە حکومییەکان، ژمارەیەکی بەرچاو نەمامگەی ئەهلیش هەن کە ساڵانە نەمامێکی زۆر هاوردە دەکەن و بەشێکیشی خۆیان بەرهەمی دێنن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ لە ساڵی 2013 نزیکەی حەوت ملیۆن و 218 هەزار نەمام و گوڵی سروشتی هاوردە کراون، بەڵام ساڵی ڕابردوو هاوردەکردنی نەمام بۆ سێ ملیۆن و 573 هەزار نەمام دابەزیوە، واتە هاوردەکردنی نەمامیش بە ڕێژەی نزیکەی 50% کەمی کردووە.

ئیبراهیم زوهدی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ڕۆنا فلاوەر بۆ هاوردەکردنی نەمام و گوڵ و درەختی سروشتی کە نەمام لە تورکیا، هۆڵەندا و ئیتاڵیاوە هاوردە دەکات، دەڵێت "پێشتر لە کوردستان و بەغدا خواستێکی زۆر لەسەر نەمام و گوڵی سێبەر هەبوو، بەڵام ماوەی دوو ساڵە ئەم خواستە کەمبووەتەوە بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو مۆڵەتی هاوردەکردنی 963 هەزار و 950 نەمام و گوڵی سێبەرم وەرگرت، بەڵام بەهۆی بێ بازاڕییەوە تەنیا 650 هەزار نەمامم هاوردە کرد".

بەپێی یاسای عێراقی هاوردەکردنی نەمامی مزرەمەنی، مێو، زەیتوون و واشنتۆنیا و هەندێ نەمامی دیکە قەدەغەیە، بۆیە کۆمپانیاکان زیاتر بایەخ بە هاوردەکردنی نەمامی سێبەر و باخچە دەدەن.

ئیبراهیم زوهدی دەڵێت: "10% ی نەمامە هاوردەکراوەکانمان، نەمامی باخدارین، بۆ نموونە هەنجیر، خۆخ، سێو، گێلاس، توو و هەندێ جۆری دیکە لە تورکیا و ئیتاڵیاوە هاوردە دەکەین".

هاوشێوەی بۆرسەی نەوت و زێڕ و ماددە کانزاییەکان، لە هۆڵەندا بۆرسەی فرۆشتنی گوڵ هەیە، زۆربەی وڵاتان بەرهەمەکانیانی تێدا نمایش دەکەن. ماوەی چەند ساڵێکیشە کۆمپانیاکانی کوردستان لەو بۆرسەیە گوڵ و نەمام دەکڕن و هاوردەی دەکەن.

ئەو نەمامانەی ئیبراهیم هاوردەیان دەکات نرخیان لە نێوان 1.5 دۆلار تاوەکو 1000 دۆلاردایە، بەڵام وەک ئەو دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی داراییەوە ئێستا زیاتر خواست لەسەر ئەو نەمام و گوڵانەیە کە نرخیان لەنێوان 2 تاوەکو 25 دۆلار دایە". بە گوتەی ئیبراهیم ساڵانە نزیکەی 10 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی نەمام و گوڵ و درەختی جوانی دەچێتە دەرەوە.



**دەرفەتێکی گرنگ**

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتیی باخداری و دارستان و پاوان لە هەرێمی کوردستان پێیوایە دەرفەتێکی گرنگ لەبەردەم وەبەرهێنەرانە لە بواری نەمام و گوڵ. ئەو نموونە بە هاوردەکردنی نەمام لە ساڵی ڕابردوو دێنێتەوە و دەڵێت "ساڵی ڕابردوو سەرەڕای قەیران و گرفتی ڕێگا، زیاتر لە 3.5 ملیۆن نەمام هاوردەی کوردستان کراون، بۆیە هەر کەسێک وەبەرهێنان لەم بوارە بکات قازانجێکی باش دەکات".

# نرخی نەوت مێژووی خۆی دووبارە دەکاتەوە؟



یادگار سدیق*

یادگارسدیقویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پێشتر پێشەنگی وڵاتانی هاوردەکاری نەوتی خاوی گرتبوو، ئێستا پێشبڕکێی رووسیا و سعودیە دەکات بۆ وەرگرتنی پلەی گەورەترین بەرهەمهێنەری نەوت لەسەر ئاستی جیهان. دابەزینەکانی بەهای دۆلاری ئەمەریکی لە ماوەی رابردوودا فاکتەرێکی بەهێز بوو بۆ دووبارە بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەڵام دووبارە بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار لە پاڵ بەرزبوونەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمەریکا بۆ زیاتر لە 10 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا و بەرزبوونەوەی ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەو وڵاتە بۆ بەرزترین ئاستی سێ ساڵی رابردوو (799 سەکۆ). بەرزبوونەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی کەنەدا و بەشێک لە وڵاتانی دیکە، رێککەوتننامەکانی هەولێر و بەغدا سەبارەت بە دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک، خاوبوونەوەی ئەگەرەکان بۆ گەشەی ئابووریی جیهان، بوونەتە هەڕەشە لەسەر بازاڕی نەوت.

رۆژی 25ی مانگی رابردوو، ستیڤن مەنوشین، وەزیری گەنجینەی ئەمەریکا رایگەیاند، دابەزینی بەهای دۆلاری وڵاتەکەی لە قازانجی ئابووریی ئەمەریکایە. قسەکانی مەنوشین، راستەوخۆ رەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر بەهای دۆلار لە بازاڕەکانی جیهاندا دروستکرد. پێنوێنی دۆلار لە ئاستەکانی 89 وە دابەزی بۆ 88.2، نرخی نەوتیش وەک سەرجەم کاڵا و دراوەکانی دیکە بەرامبەر بە دۆلار بەرزبووەوە و گەیشتە ئاستەکانی 71 دۆلار کە زیاتر لە سێ ساڵ بوو نرخی نەوت ئەم ئاستە بەرزەی تۆمار نەکردبوو، بەڵام بە چەند کاژێرێک دوای قسەکانی مەنوشین، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رایگەیاند کە خوێندنەوەی هەڵە بۆ قسەکانی مەنوشین کراوە و گوتی "من دەمەوێت دۆلار بە بەهێزی ببینم، دۆلار بەهێزتر دەبێت"، بەهۆیەوە بەهای دۆلار رووی لە بەرزبوونەوە کردەوە. نەوت نەیتوانی پارێزگاری لە نرخەکەی بکات و هەر زوو بۆ ژێر ئاستەکانی 70 دۆلار دابەزی، دواتریش بەردەوامیی گەشەی بازاڕی کاری ئەمەریکا و کرێی کار پاڵپشتی بەهێز بوون بۆ قسەکانی ترەمپ، بەگوێرەی دوایین ئاماری کاری ئەمەریکا، رێژەی بێکاری بۆ نزمترین ئاستی 17 ساڵی رابردوو دابەزیوە کە 4.1%ـە. لەگەڵ ئەوەشدا، کرێی کار و مووچە بەردەوام روو لە گەشەکردنە، ئەمەش گەشەی هەڵئاوسان خێراتر دەکات و هانی گەنجینەی فیدراڵی ئەمەریکا دەدات تاوەکو رێژەی سووی بانکی بەرز بکاتەوە، پێشبینی دەکرێت گەنجینەکە چوار جار رێژەی سووی بانکی بەرزبکاتەوە لە ماوەی ئەمساڵدا. ئەم فاکتەرانەش بێگومان کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووریی جیهان و بەتایبەت ئەو وڵاتە دروست دەکات. بەهۆیەوە خواستی ئەو وڵاتانە لەسەر نەوت کەمتر دەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەش چەند گەورە بانکێکی دیکەی جیهانی کە پێشتر سیاسەتی نەختی فراوانیان گرتبووەبەر، ئێستا بیر لە سیاسەتی داکشان دەکەنەوە. بانکی ناوەندیی ئەورووپاش دەیەوێت قەواڵەکانی کەم بکاتەوە، بێگومان ئەمە کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووریی ئەورووپا دەبێت و خواستی ئەورووپاش لەسەر نەوت خاو دەکاتەوە. پێشبینیش دەکرێت بەرزکردنەوەی رێژەی سووی بانکی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئابووریی ئەمەریکا دابنێ و دواتر کاریگەری لەسەر تێکڕای ئابووریی هەموو جیهان دروست بکات.

لەلایەکی دیکەوە، بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمەریکا گەیشتووەتە بەرزترین ئاستی خۆی و پێش سعودیە کەوتووە، ئەگەر شرۆڤەیەک بۆ گەشەکردنی بڕی بەرهەمهێنانی ئەو وڵاتە بکەین، دەبینین بەشێوەیەکی خێرا گەشە دەکات. لە کانوونی دووەمی 2017 دا بەرهەمهێنانی نەوتی خاو بەرزبووەوە بۆ 8.82 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. لە تشرینی دووەمدا گەیشتە 10.03 ملیۆن بەرمیل. ئاژانسی وزەی ئەمەریکا پێشبینی دەکات تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی لەماوەی ئەمساڵدا بۆ 10.6 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزببێتەوە، ساڵی داهاتووش بگاتە 11.2 ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا. ئیدی ئەمریکا پێش رووسیاش دەکەوێتەوە کە ئێستا کەمتر لە 11 ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ.

بە تەنیا ئەمەریکا نەبووەتە هەڕەشە بۆ سەر بازاڕی نەوت، کەنەداش ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی بەرز کردووەتەوە. لە ساڵی 2016دا کەنەدا رۆژانە 3.75 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمدەهێنا، بەڵام ساڵی رابردوو بەرزی کردەوە بۆ 4.18 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا.

## رێککەوتنی هەولێر و بەغدا و بازاڕی نەوت

رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر توانای هەرێمی کوردستانی بۆ بەرهەمهێنانی نەوت بۆ نیوە دابەزاند. هەناردەی 350 هەزار بەرمیل نەوت لە رێگەی بۆڕیی کوردستانەوە بە جارێک راگیرا، ئەمە پاڵپشتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی کرد. ئەم فاکتەرە و فاکتەری دیکە نرخی نەوتیان لە 56 دۆلارەوە بەرزکردەوە بۆ 61 دۆلار.

وەک پێشبینی دەکرا هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەولێر و بەغدا لەیەکتر نزیک بکاتەوە و پرسی وزە یەکلایی بکاتەوە، ئێستا هەردوولا رێککەوتنێکی سەرەتاییان کردووە بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە رێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە، ئەگەر ئەم رێککەوتنە سەربگرێ، بێگومان بێ کاریگەری نابێ لەسەر بازاڕی وزە.

کاریگەرییەکانی رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا بە دووبارە هەناردەکردنەوەی نەوتی کەرکووک لە قۆناغی پێش 16 ئۆکتۆبەر جیاواز دەبێت، چونکە پێشتر بەهۆی ئەوەی نەوتی کوردستان لەژێر گوشارەکانی بەغداوە دەگەیشتە دەست کڕیارەکانی، بەرمیلی بە کەمتر لە 10 دۆلار لە نرخی بازاڕ مامەڵەی پێوەدەکرا. نەمانی ئەم نەوتە هەرزانە بۆ کڕیارانی نەوت سەختە و کڕیارانی ناچار بە نەوتی دیکە کرد، هەر بۆیە نرخی نەوت بەخێرایی رووی لە بەرزبوونەوە کرد، ئەگەرچی بڕیارە دووبارە ئەم نەوتە لەرێگەی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە بگەیێنرێتە بازاڕەکانی جیهان، بەڵام ئێستا پرسەکە جیاوازە، کوردستان و عێراق بە پاڵپشتی یەکدی نەوتی کەرکووک هەناردە دەکەن، عێراق بە هەمان نرخی پێشتر نەوتی کەرکووک بە کڕیاران نافرۆشێت، هەرچەندە پلانەکانی بەغدا بۆ بەرزکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکووک دەتوانێت قەرەبووی ئەمە بکاتەوە، جیا لەوەش نەوتی ئەو شارە بە دوو ئاراستە بۆ ئێران و تورکیا هەناردە دەکرێ، بەڵام لە ئەگەری سەرکەوتنی رێککەوتنەکە زیاتر پشت بە بۆڕیی نەوتی کوردستان دەبەسترێ، نەک لەرێگەی تانکەرەوە رەوانەی ئێران بکرێت. زیاد لەوەش عێراق دەبێت پابەندی رێککەوتننامەی ئۆپێک بێت بە کەمکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنان کە تا ئێستا بە تەواوی پابەند نەبووە. ئەم پابەندنەبوونەش ئەندامانی دیکەی رێکخراوەکە هاندەدات خۆیان لە جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە بدزنەوە.

هەرچەندە ئێستا نرخی نەوت هەڵبەز و دابەزیەتی، بەڵام بەرزبوونەوەی بەردەوامی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەمەریکا و کەنەدا و سستیی گەشەی ئابووریی جیهان و رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا و بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار، گوشاری نەرێنی لەسەر نرخی نەوت دروست دەکات.

* بەڕێوەبەری راگەیاندنی کۆمپانیای DCIFX.



# دەریای نێوەڕاست: مەیدانی داهاتووی ململانێی وزە

رووداو - هەولێر

لە چەند مانگی رابردوودا ژمارەیەک رێککەوتنی غازی سروشتی لە نێوان وڵاتانی بەری رۆژهەڵاتی دەریای نێوەڕاستدا واژۆ کراون. ئەم پێشکەوتنانەی بواری وزە، دەکرێت دەرگایەکی نوێش بێت بۆ گەرمبوونەوەی ئەو کێشە جیۆپۆلیتیکیانەی ساڵانێکە ناوچەکە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ.

دوو هەفتە لەمەوبەر و دوای چەندین مانگ دانوستاندن، رێککەوتنێک بە بڕی 15 ملیار دۆلار بۆ گواستنەوەی غازی سروشتیی ئیسرائیل بۆ میسر لە نێوان هەردوو وڵاتدا واژۆ کرا، رێککەوتنەکە لە ساڵی 2030 دەکەوێتە واری جێبەجێکردن و بۆ ماوەی 10 ساڵ کاری پێدەکرێ. چەند رۆژێک پێش ئەو ریککەوتنە، حکومەتی قوبرس هەواڵی دۆزینەوەی کێڵگەیەکی زەبەلاحی غازی سروشتی لەژێر ئاوەکانی دەریای نێوەڕاست راگەیاند. چەند هەفتەیەکیش پێش ئەو دوو رووداوە، یۆنان، قوبرس، ئیسرائیل و ئیتاڵیا رێککەوتنێکی بەراییان لەسەر دروستکردنی بۆڕیی گواستنەوەی غازی ناوچەکە بۆ ئەورووپا راگەیاند.

هەموو ئەم رێککەوتن و راگەیەندراوانە دەکرێت سەرچاوەی گەشبینی بن بۆ ئەورووپایەک کە دەیەوێت هەر چۆنێک بێت خۆی لەو وابەستەییەی ئێستای بە غازی رووسیا رزگار بکات، هەروەها دەکرێت دەرگای هاوکاریی نوێش لە نێوان ئەو وڵاتانەدا بکاتەوە کە کێشەی سیاسی لەمێژینەیان هەیە، بەڵام رووداوەکانی چەند هەفتەی رابردوو ئاماژەن بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی وزە دەکرێت ململانێ جیۆپۆلیتیکییەکان زیندوو بکاتەوە.

لوبنان و ئیسرائیل بە جیا پلانیان بۆ پرۆژەی گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی غاز لە سنوورە ئاوییە جێناکۆکەکان داناوە، حیزبوڵڵای لوبنانیش هەوڵ دەدات ناکۆکییەکانی بواری وزە وەکوو ئامرازێکی پڕوپاگەندە لەدژی ئیسرائیل بەکاربهێنێ. هەر مانگی رابردوو کەشتییەکی هێزی دەریایی تورکیا رێگەی بە کەشتییەک گرت کە لە ئاوەکانی نزیک قوبرس بۆ نەوت دەگەڕا، ئەمەش یۆنان و تورکیای گەیاندە سەر لێواری پێکدادانی سەربازی.

مونا شوکری، توێژەر لە گروپی راوێژکاریی (MESP)ی لوبنانی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی، دەڵێت: "ئەم سەرچاوانە ئامرازی ئاشتی نین، هەرچەندە تاوەکو ئێستا سەرچاوەکانی وزە توانیویەتی جۆرێک لە هاوکاری بەسەر ئەو وڵاتانەدا بسەپێنێ".. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە وزە تاوەکو کوێ دەتوانێت خاڵی باڵادەست بێت لە دیاریکردنی پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی نێوان ئەو وڵاتانەی مێژوویەکی پڕ لە ململانێیان پێکەوە هەبووە؟

ئیسرائیل گرێبەستی هەناردەکردنی غازی لەگەڵ میسر و ئوردندا هەیە کە ئیسرائیل لەگەڵ هەردووکیان رێککەوتنی ئاشتی هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستاش کێشەی قووڵی ناوچەیی لە نێوانیاندا ماوە. جیا لەمەش تاوەکو ئێستا دیار نییە غازی سرووشتیی ئیسرائیل چۆن دەگوازرێتەوە بۆ میسر، لەبەر ئەوەی هیچ رێگەیەک بۆ راکێشانی بۆڕییەکان دانەنراوە.



رێککەوتنی بەرایی یۆنان، قوبرس، ئیسرائیل و ئیتاڵیا بۆ دروستکردنی بۆڕیی گواستنەوەی غازی دەریای ناوەڕاست بۆ ئەورووپا

کێشەیەکی دیکەی ئیسرائیل لەگەڵ دوژمنی لەمێژینە و ستراتیژیی خۆیەتی کە حیزبوڵڵای لوبنانە. مانگی رابردوو حکومەتی لوبنان بڕیاری دا پرۆژەی گەڕان و دەرهێنانی غازی سروشتی لە کێڵگەیەکی غاز رادەستی تۆتاڵی فەرەنسی، ئێنی ئیتاڵی و نۆڤاتێکی رووسی بکات. ئەم بڕیارە کێشەیەکی گەورەی لە نێوان حکومەتی بەیروت و تەلەڤیڤدا ناوەتەوە. حکومەتی لوبنان بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەموو ئەو کێڵگانەی لەو ناوچەیە هەڵکەوتوون هی حکومەتی لوبنانن و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە گەڕان لە ناوچە کێشە لەسەرەکان ناکرێ، بەڵام حکومەتی ئیسرائیل بەشێک لەو ناوچە دەریاییە بە سنووری خۆی دەزانێت.

بەڵام کێشەکە هەر لە نێوان حکومەتی ئیسرائیل و لوبناندا نەماوە، بەڵکو حیزبوڵڵاش هاتووەتە سەر خەت. ناوەڕاستی مانگی رابردوو، حەسەن نەسروڵڵا، رابەری حیزبوڵڵا، لە پەیامێکی تەلەفزیۆنیدا هەڕەشەی لە ئیسرائیل کرد کە ئەگەر واز لە بانگەشەی خاوەندارێتی ئەو کێڵگانە نەهێنێ، ئەوە حیزبوڵڵا لە چەند کاژێرێکدا پرۆژە نەوتی و غازییەکانی ئیسرائیل لەکار دەخات.

شوکری لەمبارەیەوە بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی گوت "تاوەکو ئێستاش کێشەکان لە ئاستی هەڕەشەی زارەکیدا ماونەتەوە، بەڵام لەم ناوچەیەدا کێشەکان زۆر زوو گڕ دەگرن، بۆیەش پێویستە هەرچی زووتر هەوڵەکانی نێوبژیوانی دەستپێبکات". بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کێ ئەم ناوبژیوانییە بکات، لە کاتێکدا پاش راگەیاندنی ئورشەلیم وەکو پایتەختی ئیسرائیل، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا چیدی ئەو متمانەیەی جارانی لە نێو وڵاتانی عەرەبی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نەماوە، بۆیەش لە دۆخێکی وەکو ئەوەی ئێستا، حیزبوڵڵا زۆر بە ئاسانی دەتوانێت رای گشتی لەدژی هەر چەشنە هەوڵێکی ئەمریکیدا ئاراستە بکات. حەسەن نەسروڵڵا لە گوتارەکەی خۆیدا گوتی "ئەمریکا ناتوانێت نێوبژیوانێکی راستگۆ بێت".

مانگی رابردوو شاندێکی حکومەتی ئەمریکا سەردانی لوبنانیان کرد، ئامانج لە سەردانەکەش ئەوە بوو گوێ بۆ نیگەرانییەکانی لوبنان بگرن، پێشتریش لەگەڵ بەرپرسانی ئیسرائیلی لەسەر هەمان پرس کۆببووەوە. کێشەکە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە 860 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە کە بەپێی پلانێکی 2012ی ئەمریکا 65%ی ناوچەکە بۆ لوبنان دەبێت و 35%ی بۆ ئیسرائیلە. لوبنانییەکان ئەو پلانە رەتدەکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە، سەرچاوەکانی وزە خەریکە دوو هاوپەیمانی ناتۆش رووبەڕووی یەکدی دەکاتەوە. مانگی رابردوو، حکومەتی قوبرس دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی زەبەلاحی وزەی لە سنوورە ئاوییەکانی باشوور راگەیاند. ئەم سەرچاوە نوێیە دەتوانێت قوبرس بکات بە یەکێک لە دابینکارە سەرەکییەکانی غازی سروشتیی ئەورووپا. بەڵام هەر ئەم سەرچاوە زەبەلاحە تورکیاشی هێناوەتەسەر خەت. تورکیا بەشی باکووری دوورگەی قوبرس بە وڵاتێکی سەربەخۆ دەزانێت و ئامادەنییە قەبووڵی بکات ئەو سەرچاوانە دەکەونە نێو قوبرسی یۆنانی. ئەنقەرە هۆشداری داوە کاردانەوەی توندتری دەبێت ئەگەر حکومەتی قوبرس لەسەر پرۆژەی پەرەپێدانی کێڵگەی غازی سروشتی لەو ناوچەیە بەردەوام بێ.

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا هەوڵەکانی یەکگرتنەوەی قوبرس بە نێوبژیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەورووپا چڕتر بوونەتەوە، بەڵام تورکیا دەڵێت ئەگەر حکومەتی قوبرس لە هەوڵە تاکلایەنەکانی خۆی بۆ پەرەپێدانی کێڵگە غازییەکان بەردەوام بێت، ئەوە پرۆسەی یەکگرتنەوەش کۆتایی دێ.

شوکری پێیوایە "بەرژەوەندی هاوبەش لە سەرچاوەکانی وزەدا دەتوانێت هاندەرێک بێت بۆ ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە دەست بە هاوکاری بکەن، بەڵام هەر ئەو نەوت و غازە ئاگری ململانێ و کێشەی کۆنیش خۆشبکاتەوە، وەکوو چۆن ئەمە لە نموونەکەی تورکیا و قوبرسدا دەبینین".



## حەسنا مەتەر جەژنانەی پێیە

**ڕووداو – هەولێر**

حەسنا مەتەر خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی نوێترین گۆرانی خۆی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە نەورۆزدا وەکو جەژنانە بڵاودەکاتەوە. حەسنا مەتەر لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت" گۆرانییەکم وەکو ڕێز و وەفایەک بۆ گەلی کورد تۆمارکردووە ڤیدیۆ کلیپێکی زۆر جوانیشم لە هەولێر وێنەگرتووە". مەتەر لە درێژەی لێدوانەکەیدا باسی وردەکاری گۆرانییەکەی کرد و گوتی "ئەم گۆرانییە لە تێکستی شاعیری ناوداری عێراقی کەریم عێراقییە و لە ئاوازی هونەرمەندی کورد هەڵکەوت زاهیرە. هەروەها دەرهێنەری ناسراوی لوبنانی جۆرج بووعەبدۆ لە هەولێر کاری دەرهێنانی کلیپەکەی بۆ کردووە".

## گوڵستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکی بێ سانسۆردا

# لەسەر دەستی بارزانی لەگەڵ شڤان ئاشتبوومەوە

خانمە هونەرمەندی ناوداری کورد گوڵستان پەروەر، هەموو شەوانێکی شەممە، لە ڕادیۆی ڕووداوەوە میوانی پێشکەشکاری ناودار هیڤیدار زانایە. دوو کچە کوردی باکووری لەو بەرنامەیەدا گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەکەن. گوڵستان بەبێ سانسۆر ئەزموونی ژیانی تایبەتی و ژیانی هونەری و سیاسیی خۆی و شڤان پەروەر دەگێڕێتەوە. ئێمە لەبەر گرنگیی ئەو گفتوگۆیە، بە باشمان زانی لە هەفتەنامەی ڕووداوەوە بە زنجیرە دووبارە بڵاوی بکەینەوە.
گوڵستان پەروەر لەم هەڤپەڤینەدا باسی یەکەم سەردانی بۆ باشووری کوردستان و ئاشتبوونەوەی لەگەڵ شڤان پەروەر دەکات.



**هەڤپەیڤین: هیڤیدار زانا**

**بەشی سێزدەیەم**

**ڕووداو: سەرخۆبوون دەگەڕێتەوە لای باوکی و تۆ بەتەنیا دەمێنیتەوە، تۆ ئەوکات چیت دەکرد بە تەنیا؟**

**گوڵستان:** یەکەمجارم بوو سەرخۆبوون بەو شێوەیە لە من دووربکەوێتەوە. بۆ من زۆر ناخۆش بوو، دەرگای ژوورەکەی سەرخۆبوونم داخست. حەزم نەدەکرد تەماشای ژوورەکەشی بکەم.

**ڕووداو: تۆ ئەوکات لە کوێ دەژیای؟**

**گوڵستان:** لە ستۆکهۆڵم بووم. ئەوانیش لە فرانکفۆرت بوون.

**ڕووداو: سەرخۆبوون لەلای باوکی چی دەکرد؟**

**گوڵستان:** سەرخۆبوون زانکۆی تەواوکردبوو، پڕ وزە بوو، سەری پڕ لە پرۆژە بوو. سەرخۆبوون بەو سایکۆلۆژییەتەوە چوو بۆ فرانکفۆرت. تەلەفۆنی بۆ من دەکرد دەیگوت دەبێ باوکم لەو ڕەوشە ڕزگار بکەم.

**ڕووداو: چ ڕەوشێک، مامۆستا شڤان لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆش بوو؟**

**گوڵستان:** ئەو دەیگوت باوکم بەبێ ئۆرگانیزە ژیاوە، کارە هونەرییەکانی بە سیستەم دەکەم و مۆدێرن و ئینتەرناسیۆنالیان دەکەم. دوای ماوەیەک تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی ڕەوشی باوکم زۆر باشترە، چەندین کۆنسێرتی کردووە، پێکەوە دەچین بۆ کۆنسێرتان. گرووپێکی باشمان پێکهێناوە. هەروەها دەمەوێ وەقفەکەی باوکم (وەقفی شڤان پەروەر) وەکو قوتابخانەیەک لێ بکەم، چەندین کچ و کوڕی کورد لە ئەورووپا هەن لەو وەقفە پێیانبگەیەنم. هەروەها بەنیازم ستۆدیۆیەکی میوزیک دروست بکەم. هاتنە شاری بۆن، ئەو خانووەیان کڕی کە ئێستا شڤانی تێدا دەژی. وەقفەکەش هەر لەو خانووەدا بوو. سەرخۆبوون دەستی بەکار کرد، چەندین سەرمایەداری کوردی کۆکردنەوە بۆ ئەوەی بە پارەیەکی باش یارمەتی وەقفەکەی باوکی بدەن. هەموو کارەکانی سەرخۆبوون بە پرۆگرام بوو، وەقفەکەی نۆژەن کردەوە. هەر لە وەقفەکەدا ستۆدیۆیەکی گەورەی دروستکرد. لە هەمانکاتدا بەڕێوەبەری کۆنسێرتەکانی باوکی بوو.

> سەرخۆبوون کارەکانی باوکی لە پەرشوبڵاوی ڕزگار کرد

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ سەرخۆبوون بەردەوام بوو؟**

**گوڵستان:** بێگومان قەت پەیوەندیمان نەپچڕاوە. منیش ئەوکات دەچووم بۆ ڕۆژ تیڤی، زۆریشم کەیف پێ دەهات کە کوڕەکەم یارمەتی باوکی دەدات.

> لەسەر داوای بارزانی هاتمە باشووری کوردستان

**ڕووداو: بڕیارت دا لە باشووری کوردستان نیشتەجێ ببی، ئەم بڕیارە کەی بوو؟ چۆن بوو؟**

**گوڵستان:** ئەوکات سەرخۆبوون لەلای باوکی بوو، دەیویست منیش بچمە لای ئەوان، بەڵام من پێمگوت مادام تۆ لەوێ ئاسوودەی لەوێ بە، منیش لێرە زۆر باشم. مانگی ئابی 2006 یادی دامەزراندنی 60 ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. بیرمە ڕۆژێک تەلەفۆنێکیان بۆ کردم. محەممەد ئۆزۆن کە نووسەرێکی کوردە نەخۆش بوو، لە نەخۆشخانەی کارۆلیسنکا لە ستۆکهۆڵم خەوێندرابوو. من لەلای ئەو بووم. وەڵامی تەلەفۆنەکەم دایەوە، کەسێک گوتی من لە دهۆک تەلەفۆن دەکەم، من پێشمەرگەیەکی کۆنم، حەز دەکەم داوەتی کوردستانت بکەم. منیش پێکەنیم و گوتم چۆن داوەتم دەکەی؟ گوتی کۆنسێرت دەکەین و حەز دەکەین تۆش بەشداری بکەی. من تەلەفۆنەکەم زۆر بە جددی وەرنەگرت. پاشان دیسان تەلەفۆنی کرد و گوتی تۆ چ بڕیارت دا. منیش گوتم خۆت دەزانی من لە ڕۆژ تیڤی کار دەکەم، دەشزانی حیزبە کوردییەکان بەرامبەر یەک چۆنن. بۆیە پێویستە پرس بە ڕۆژ تیڤی بکەم، ئەگەر ئەوان ڕازی بوون دێم، بەڵام مەرجم هەیە: دەبێ جەنابی سەرۆک بارزانی بە فەرمی دەعوەتم بکات. دوای چەند ڕۆژێک تەلەفۆنی کرد و گوتی داواکارییەکەت جێبەجێ کرا. من لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە دەعوەت کرام. میوانی جەنابی سەرۆک بووم. هەفتەیەک پێش کۆنسێرتەکە هاتم. لەگەڵ تیپی میوزیکی دهۆک دەستمان بە ئامادەکاری کرد، لە ئامێدی و ڕواندز و سۆران و زاخۆ و دهۆک و هەولێر کۆنسێرتمان کرد، حەوت کۆنسێرتم کرد.

**ڕووداو: یەکەمجارت بوو بۆ کۆنسێرت بێیتە باشووری کوردستان؟**

**گوڵستان:** هەر جاری یەکەمم بوو بێم بۆ باشووری کوردستان. بێگومان زۆر دڵخۆش بووم. نەمدەزانی ئەوە خەیاڵە یان ڕاستییە.

**ڕووداو: دوای ئەوەی بەشداریت لە ئاهەنگی 60 ساڵەی دامەزراندنی پارتیدا کرد، گەڕایتەوە سوێد؟**

**گوڵستان:** نەخێر نەگەڕامەوە، ئەوکاتەی لە باشووری کوردستان بووم، کادیرانی پارتی گوتیان شڤانیش لە هەولێرە و کۆنسێرتی هەبووە، شڤان دەخوازێ بگەڕێنەوە لای یەکدی، جەنابی سەرۆکیش زۆر حەز دەکات. تۆ چ دەڵێی. منیش گوتم ئەگەر جەنابی سەرۆک لەو مەسەلەیەدا بێ، من ناتوانم هیچ بڵێم. ئەو چی بڵێت ئامادەم. من چووم جەنابی سەرۆکم بینی، ئەو زۆر خۆشحاڵ بوو گوتی وڵات وڵاتی خۆتە، چ داخوازییەکت هەیە، منیش گوتم چەند داخوازییەکم هەیە، یەکەم: ئەگەر ئاشتبوونەوەی من و شڤان لەسەر دەستی ئێوە بێ، من ڕازیم. دووەم: حەز دەکەم بگەڕێمەوە کوردستان و لە نێو میللەتی خۆم بم. ئەویش گوتی زۆر پێمخۆشە. پاش چەند ڕۆژی دیکە دووبارە جەنابی سەرۆکم بینییەوە، ئەمجارە شڤان و سەرخۆبوونیش لەوێ بوون. جەنابی سەرۆک گوتی زۆر خەمبار بووم کە ئێوە لە یەکدی دوورکەوتوونەوە، بۆ سەرخۆبوون زۆر ناخۆشە. ئێوە ڕەمزی کوردستانن نابێ لە یەکدی دووربکەونەوە.

> ئاشتبوونەوەی من و شڤان سەری نەگرت

**ڕووداو: ئێوە و مامۆستا شڤان هیچتان گوت؟**

**گوڵستان:** نەخێر ئێمە بە خۆشحاڵییەوە گوێمان گرتبوو. من هەستم کرد حەز دەکات ئێمە وەکو خێزان پەرتوبڵاو نەبین و هێزی خۆمان کۆبکەینەوە. دوای هەفتەیەک ئێمە گەڕاینەوە ئەڵمانیا، بەڵام شڤان پێشی من چوو، من چووم بۆ ماڵی سەرخۆبوون لە بۆن، بەڵام شڤان نەهات. منیش هیچم نەگوت. ئاشتبوونەوەکە سەری نەگرت.

## کۆمسای، خانمە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕووداو:

# لە بڵاوکردنەوەی دوو ئەلبوومەکەم پەشیمانم



> حەز دەکەم لە زەوی دوور بکەومەوە

> کورد هێشتا فێر نەبووە ئەلبووم کۆپی نەکات



**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەنگ و گۆرانییەکانی کۆمسای، خانمە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵپەڕیون، کۆمەڵێک لە گۆرانییەکانی ئەم خانمە لە هەر شوێنێک شادی و هەڵپەڕکێ هەبێت، ئامادەیە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە بێدەنگە و بەرهەمی هونەری بڵاونەکردووەتەوە، ئێستا ئەو لە ئەرمینیا لەگەڵ هاوژینەکەی دەژی. (ڕووداو) لەبارەی کار و ژیانی، ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

**ڕووداو: ماوەیەکە بێدەنگی، هۆکاری ئەم بێدەنگییە چییە؟**

**کۆمسای:** بەڕاستی بێدەنگییەکەم بۆ ئەوە بووە، تاوەکو بەشێوەیەکی باشتر کارەکانم ئامادە بکەم، لەبەر ئەوە کاتی زۆرم دەویست تا گرنگیەکی زۆر بە بەرهەمەکانم بدەم و بە کوالیتی بەرزتر کارەکانم پێشکەش بکەم.

**ڕووداو: لە لاپەڕەی خۆت لە ئینستاگرام وێنەیەکت بڵاوکردووەتەوە، دەڵێی "ڕۆیشت بۆ لای کەپڵی تازە، من مامەوە"، ئەمە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کرا، مەبەستت لەمە چی بوو؟**

**کۆمسای:** خەڵک بۆ زۆر شت بیروڕای جیاوازیان هەیە، ئەم پۆستەش تەنیا بەشێک بوو لە تێکستی گۆرانییە تازەکەم، هەمیشە لە بارەی کاری هونەرییەوە بۆچوونی جیاواز دروست دەبێت.

**ڕووداو: خەڵک تەنانەت بۆ جلوبەرگەکانی تۆش ڕای جیاوازیان هەیە، هەندێکیان بە نەشیاوی دەزانن، تۆ چییان پێدەڵێی؟**

**کۆمسای:** من لە ژیانی هونەری و کەسایەتی خۆم تێدەگەم، من هەرچۆنێک پێم خۆش بێت دەردەکەوم، دڵم حەزی لە چی بێت ئەوە دەکەم. سنوور لە ژیان و هونەری مندا نییە، بە هەر جۆرە ستایل و جلێک بێت کە حەز بکەم دەردەکەوم، من سنوورەکان لەگەڵ کەسایەتیی خۆم ڕێکدەخەم.

**ڕووداو: لە پۆستێکدا دەڵێی لەمەودوا بڕیارمداوە تەنیا گوێ بە بڕیاری دڵم بدەم، بۆچی تاوەکو ئێستا بە گوێی دڵت نەکردووە؟**

**کۆمسای:** ئەوە قسەیەکی عیرفانییە، من خۆم تا سنوورێک گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە کە دەبێت بە گوێی دڵت بکەی، چونکە هەموو کارەکان کە ئێمە دەیکەین بەگوێی مێشک دەکەین، بەڵام من بڕیارم داوە بە گوێی دڵم بکەم، ئەو کەسەی دەشڵێت وانییە، ڕەنگە بۆ ئەو وانەبێت.

**ڕووداو: بۆچی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر باسی مەلا دەکەی و ڕەخنەیان لێدەگری؟**

**کۆمسای:** من ڕەخنە لە هەر کەسێک دەگرم جا مەلا بێت یان هەر کەسێکی دیکە بێ، ئەگەر ئەو کەسە وڵاتفرۆش بێت و کەرامەتی وڵاتەکەی بفرۆشێ. لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری هەر کەسێک دەکەم کە وڵاتەکەی خۆشبوێت و کار بۆ نیشتمانەکەی بکات، ئەگەر سەیری پۆستەکانی ئەو دواییەی منیش بکەن، لەسەر عەفرین زۆر پۆستم کردووە. هەر کەسێک لەسەر بەرژەوەندی و ماڵ و نیشتمانەکەی نەهاتووەتە دەنگ من ڕەخنەم لێگرتووە.

> لەگەڵ خەڵک و کەشوهەوای ئەرمینیا گونجاوم • بڕیارمداوە بە گوێی دڵم بکەم

**ڕووداو: بۆچی ئێستا لە ئەرمینیا دەژی؟**

**کۆمسای:** ئەرمینیا ژیانێکی ئارامی هەیە و دوورە لە زۆر شت. لەگەڵ خەڵک و کەشوهەوای ئەرمینیا گونجاوم، بۆیە هەر لەوێ دەژیم.

**ڕووداو: ئایا ڕاستە ناتوانی سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەیتەوە؟**

**کۆمسای:** نەخێر من هەر کاتێک بمەوێت سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم، ئەگەر لە بیرتان بێت لە کاتی بومەلەرزەکەی کرماشان گەڕامەوە و بە قەد توانای خۆم یارمەتی و هاوکاریم پێشکەش کردوون.

**ڕووداو: زۆر لە هەوادارانت پێتدەڵێن باربیی کوردی، تۆ چی دەڵێیت؟**

**کۆمسای:** من زۆر پێم شتێکی باش نییە، چونکە باربی شتێکی مردووە، نە دڵی هەیە نە هەناسە. قەت بیریش لەوە ناکەمەوە لە کێ بچم یان لە کێ نەچم، لام گرنگ نییە و زۆر پێویستم پێی نییە، ئەگەر خەڵک وادەڵێت من ڕێزم بۆ بۆچوونی ئەوان هەیە.

> سنوور لە ژیان و هونەری مندا نییە • حەز ناکەم پێمبڵێن باربیی کوردی

**ڕووداو: لە چی پەشیمانی؟**

**کۆمسای:** من لە بواری هونەری لە چەند شتێک پەشیمانم، ئەویش بڵاوکردنەوەی دوو ئەلبوومی گۆرانی بوو، چونکە پێیموایە کۆمەڵگای ئێمە فێرنەبوون ئەلبووم کۆپی نەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکانیش ئەلبوومەکان کۆپی دەکەن، من دووبارە دەڵێم، ئەو ماندووبوونەی پارە و شەونخونییەی لە 22 تراکی گۆرانی خەرجم کرد، لێی پەشیمانم.

**ڕووداو: نەورۆزی ئەمساڵ بڕیارە لەکوێ بی؟**

**کۆمسای:** بڕیارم داوە نەورۆزی ئەمساڵ لەماڵەوە بم و لەگەڵ خانەوادەکەم نەورۆز بکەم، چونکە دوای نەورۆز پرۆژەی زۆرم هەیە. ڕەنگە دوو گۆرانی لە کوردستان کلیپ بکەم، ئەگەر سپۆنسەرێکی باشمان دەستبکەوێت بەنیازم کۆنسێرتێکی گەورە لە هەولێر بکەم.

**ڕووداو: ڕۆژانە ژیانت چۆن بەسەر دەبەیت؟**

**کۆمسای:** ژیانی من وەکو هەموو کەسێکە، هەفتەی سێ ڕۆژ مەلە دەکەم، دوو ڕۆژیش وەرزشی لەشجوانی دەکەم. دواتر لە ستۆدیۆکان لەسەر کارە هونەرییەکانم ئیش دەکەم. جاروباریش لەگەڵ چەند هاوڕێیەک پەیوەندیمان هەیە، لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆشم، کار لەسەر دروستکردنی براندێکی تایبەت بەخۆم دەکەین.

**ڕووداو: حەز دەکەی منداڵەکەت کوڕ بێت یان کچ؟**

**کۆمسای:** بەڕاستی من زیاتر حەزم لە منداڵی کچە، بەڵام پێموایە من هێشتا خۆم کامڵ نیم تا بتوانم مرۆڤێکی دیکە پەروەردە بکەم و سوودی بۆ کۆمەڵگا هەبێت.

**ڕووداو: هیوا و ئاواتەکانی تۆ چین؟**

**کۆمسای:** من هەموو کاتێک هیوام هەیە، هەر ماوەیەکیش هیوایەکی نوێم بۆ پەیدا دەبێت، بەڵام دوایین هیوام ئەوەیە لە زەوی دوور بکەومەوە و لە بۆشایی ئاسمانەوە چاو لە زەوی بکەم. زۆر حەزم لە سەفەری دوور لە زەوییە.

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (496) - دووشەممە 2018/3/5



## پۆلیسی بەریتانیا سێ گەنجی کورد دەستگیردەکات

**ڕووداو – لەندەن**

سێ گەنجی کورد بە تۆمەتی "ئاگرتێبەردان و کوشتنی نائەنقەستی پێنج کەس" لە سوپەرمارکێتێکی شاری لیستەری بەریتانیا، دەستگیرکران. ڕۆژی 2018/2/25 لە سوپەرمارکێتێکی شاری لیستەر لە بەریتانیا تەقینەوەیەک ڕوویدا. بەگوتەی پۆلیس ئاگرتێبەردان بووەتە هۆی تەقینەوەکە و ڕووخانی باڵەخانەکە. لەو ڕووداوەدا پێنج کەس گیانیان لەدەستدا کە سێ کەسیان ئەندامی یەک خێزان بوون و لە شوققەیەکی سەرەوەی سوپەرمارکێتەکەدا دەژیان. پێنج کەسی دیکەش لەو ڕووداوەدا بریندار بوون. پۆلیسی بەریتانیا ڕایگەیاند، لەسەر ئەو ڕووداوە سێ کەس بە ناوەکانی ئارام کورد، هاوکار حەسەن و ئەرکان عەلی، دەستگیرکراون.

# بۆ ئەڵمانیا چوون، کەچی لە سووریا کەوتنە دەستی بەرەی نوسرە



هەرێم دەڵێ پۆلیسەکانی تورکیا ئاو و خواردنیان بە ژن و منداڵەکان دا، وەلێ هیچیان بە گەنجەکان نەدا

**زامدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

هەرێم لەگەڵ هونەری برای و ئامۆزایەکی و پوورزایەکی، مانگی ئابی ساڵی ڕابردوو بە نیازی گەیشتن بە ئەڵمانیا ڕێی قاچاخیان گرتەبەر و کوردستانیان جێهێشت. دوای مانەوەی مانگێک لە تورکیا، لە ئیستەنبوڵەوە لەگەڵ 150 کۆچبەری دیکە بەرەو کەناری دەریا بەڕێدەکەون، بۆ ئەوەی لە دەریای ڕەشەوە بەرەو ڕۆمانیا بچن و پاشانیش بۆ ئەڵمانیا، بەڵام هەرێم و چەند کۆچبەرێکی دیکە لە سووریا خۆیان بینییەوە.

هەرێم، خوێندکاری زانکۆ بوو، تەنیا چەند کاژێرێکی کەمیان مابوو سنووری ئاویی بولگاریا تێپەڕێنن و بگەنە سنووری ئاویی ڕۆمانیا، بەڵام لە دوای 15 کاژێر ڕۆیشتن، یەختەکەیان گازی تێدا نامێنێ و لە نێو دەریادا پەکیاندەکەوێ.

هەرێم گێڕایەوە دوای ئەوەی یەختەکەیان گازی تێدا نەماوە، چاوەڕوانی پۆلیسیان کردووە، لە دوورڕا، گڵۆپی سەوزی یەختی ڕۆمانییان بەرچاو کەوتووە، کاپتنی یەختەکەیان، لەڕێگەی بێتەلەوە لەگەڵ پۆلیسی ڕۆمانی قسەی کردووە، بەڵام پۆلیسی ڕۆمانی پێیگوتوون ئێوە لە سنووری بولگاریادان، ناتوانین بێینە ئەو سنوورە، تا نەگەنە سنووری ڕۆمانیا.

لەدوای نائومێدبوونیان لە پۆلیسی ڕۆمانی، چاوەڕێی پۆلیسی بولگارییان کردووە. هەرێم گوتی: "پۆلیسی بولگاری گەیشتنە لامان، کاپتنەکانی یەختەکە داوای گازیان لێکردن، ئێمەش منداڵەکانمان بەرز کردەوە و هاوارمان کرد، تا پۆلیسی بولگاری هەستیان بجووڵێ، هەندێک گازیان پێداین و گەیشتینە لای پۆلیسی ڕۆمانی. ئەوانیش گازیان پێداین و ئاوی خواردنەوەشیان بە تەواوی کۆچبەران دا".

دیسان گازیان لێدەبڕێ، بەڵام ئەمجارە پۆلیس گازیان ناداتێ، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، وەک هەرێم باسی دەکات، کەشتییەکی گەورەیان لێ وەدەردەکەوێ و پەنای بۆ دەبەن، بەڵام دواتر دەردەکەوێ ئەوە هێزی دەریاوانیی تورکیایە. هەرێم دەڵێت: "تا کەشتییەکە گەیشتە لامان، نەمانزانی کەشتیی پۆلیسی تورکییە و پۆلیسی ڕۆمانی هەواڵی پێداون. پۆلیسی نێو کەشتییەکە تەواوی کۆچبەرانیان خستە نێو کەشتییە گەورەکە و دانە دانە پرسیاریان لێکردین و ناویان یاداشت کردین".

سەرجەم کۆچبەرەکان خۆیان بە "سووری" تۆمار کرد "چەند کەسێکمان لەگەڵدا بوون، گوتیان: ئێمە پێشتر لە سنووری تورکیا دەستگیرکراین و خۆمان بە سووری تۆمار کردووە، دوای دوو ڕۆژ ئازاد کراین".

ئەو گەنجە تەمەن 22 ساڵە باسی هەڵوێستی پۆلسی تورکیای کرد و گوتی :"پۆلیسەکان بە دەنگی بەرز قسەیان لەگەڵ دەکردین، ئاو و خواردنیان بە ژن و منداڵەکان دا، وەلێ هیچیان بە گەنجەکان نەدا، لەدوای 12 کاژێر مانەوە لەنێو ئاودا، گەیشتینەوە سنووری تورکیا، بردیانین بۆ سەربازگەیەکی تورکیا و پەنجەمۆریان پێ کردین، لەدوای شەو و ڕۆژێ لەو سەربازگەیەوە، بەرەو زیندانێکی حەوت نهۆمییان بردین".

هەرێم و کۆچبەرەکانی دیکە ماوەی 22 ڕۆژ لە گرتووخانەکە دەهێڵدرێنەوە، لەو ماوەیە چەندینجار لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ. هەرێم دەڵێت "هەموو جارێ دەیانپرسی خەڵکی کوێن، دەمانگوت قامشلۆ، وەرگێڕەکەشمان دەیگوت بڵێن خەڵکی سووریان ئازاد دەکرێن".

بە گوتەی هەرێم، دۆخی زیندانیان لەو زیندانە زۆر ناخۆش بووە، پۆلیس بە دار لێیداون. تەنانەت لەگەڵ زللە گوێی کۆچبەرێکی کورد کەڕ بووە.

هەرێم و هاوڕێیانی هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە دیپۆرتی سووریا بکرێنەوە، بەڵام ئەوە ڕوویدا. هەرێم دەڵێت: "دوای 22 ڕۆژ، چوار پاسی گەورەیان هێنا، کۆچبەرەکانیان بەرەو فڕۆکەخانە برد، لەوێ بەرەو سەر سنووریان بردین، سەرجەم کۆچبەرەکانیان تەسلیمی بەرەی نوسرە کرد".

ئەوەی ئەو کۆچبەرانە بینیویانە، بەسەر کەم کۆچبەری ڕێگەی ئەوروپادا هاتووە، بەرەی نوسرە کۆچبەرەکانی خستووەتە نێو بینایەکی حکومی، لەدوای لێکۆڵینەوە وەرەقەیەکیان پێداون و بەڕێیان کردوون، لە بازگە وەرەقەکانیان لێسەندوون و بە 11 پاسی بچووک، بەرەو عەفرین ڕۆیشتوون، لە ڕێگا تووشی بازگەیەکی دیکە دەبن و هەمدیسان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەن، لەوێش دەڵێن: خەڵکی قامیشلۆین، وەلێ بەرپرسانی ئەو بازگەیە، لەڕێگەی مۆبایل و ژمارە تەلەفۆنەکانیانەوە تێدەگەن ئەمانە خەڵکی عێراقن، لە 180 کەس، تەنیا 16 گەنج دەهێڵنەوە و خانەوادەکان بەڕێدەکەن، ژمارەیەک لەو گەنجانە دەست دەکەن بە گریان و ژمارەیەکی دیکە دەڵێن: لەگەڵ ئەو خانەوادە و ئەم خانەوادەین، لەم نێوەدا شەش کۆچبەری دیکە کە گوایە لەگەڵ خێزانەکانن دەرباز دەبن و تەنیا 10 کۆچبەر دەمێننەوە. هەرێم دەڵێت: "لەبەرئەوەی ئێمە دەستمان بە گریان کرد، ئێمەیان ناردەوە نێو کۆچبەرانی دیکە، گریانی ئێمە فریادڕەسێکی کاتی بوو".

هەرێم دەربازبوون لە دەستی بەرەی نوسرە بە موعجیزە ناودەبات و دەڵێت "دەوروبەری کاژێر هەشتی شەو، چاویان بەستین، لەدڵی خۆماندا گوتمان دەمانکوژن، بە چاو بەستراوی ڕۆیشتین تا گەیشتینە زیندان، سێ شەو لە زیندان ماینەوە. تێپەڕینی ئەو سێ شەوە بە ئەندازەی سێ ساڵ زەحمەت بوو، زۆر بە وردی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردین. دواتر ئێمەیان بردە ئەو بازگەیەی لێی دەستگیر کرابووین، لەوێ ئازادیان کردین. لەدوای کاژێرێک لەسەر خەرجیی خۆمان، بەرەو سنووری جوگرافی یەپەگە بەڕێکراین و لە دەستی بەرەی نوسرە ڕزگارمان بوو".

هەرێم دەڵێ: "لە عەفرین پێوەندیمان بە ماڵەوە کرد، لەوکاتەدا هونەری برام گەیشتبووەوە کوردستان، بەڵام چۆن و لەکوێوە، هیچی لێ نازانم! لەدوای ماوەیەک یەپەگە کەسێکی خۆی لەگەڵ ناردین بۆ ئەوەی لە عەفرینەوە بەرەو عەزاز بڕۆین، وەلێ ڕێگەیان نەدا، چونکە سوپای سوریای ئازاد و هێزەکانی قەڵغانی فوراتی لێ بوو، ئەلبابیش چەکدارانی داعشی تێدابوو. بە ناچاری ئێمەیان گەڕاندەوە".

هەرێم و نۆ کۆچبەرەکەی دیکە لە باڵەخانەیەکی حکومی، لەژێر چاودێریی شەڕڤاناندا دەمێننەوە "شەڕڤانەکان دەیانگوت ڕێگای دەرچوون نییە، چواردەورمان پڕیەتی لە هێزی سەربازی، ڕەوشەکە زۆر خراپە، ئێوەش گەنجن، لێرە بڕۆن کێشەتان بۆ دروست دەبێ، جارێ چاوەڕوان بن".

ڕۆژ و دووان، هەفتە و دوو هەفتە، مانگ و دوو مانگ تێدەپەڕێ و ئەوان هەر لەو بینایە چاوەڕێن. هەرێم دەڵێ: "هەمیشە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ ماڵەوە لە پەیوەندیدا بووم و قسەمان دەکرد، بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەکی ڕزگاربوونمان بۆ بدۆزنەوە. کەسوکارمان لەگەڵ برایەکی عوسمان بایدەمیر قسەیان کردبوو بەڵێنی پێدابوون کە هەموو هەوڵێک بۆ ڕزگارکردنمان بدات، ئەو برایەی بایدەمیر بەڵێنەکەی بردە سەر و دواجار یەپەگە لەگەڵ سوپای سووریا ڕێککەوتن و بەڕێگەی سەربازی لە عەفرینەوە ئێمەیان بەرەو مەنبج بەڕێکرد و بەنێو هێزی سەربازیی بەشار ئەسەد دا ڕۆیشتین، کاتێ گەیشتینە مەنبج، لەوێش هەفتەیەک ماینەوە".

دوای نەوەت ڕۆژ مانەوە لە سووریا، لە 22ی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا، ئەوانیان خستە نێو هەلیکۆپتەر و ماوەی سێ کاژێر بە ئاسمانەوە بوون تا گەیشتنەوە سلێمانی. هەرێم دەڵێ "لەوێ باوک و دایک و کەسوکارم لە چاوەڕوانیماندا بوون، بە بینینەوەی ئەوان گریان و پێکەنین، خۆشی و دڵتەنگیمان تێکەڵی یەکدی بوون! بەڕاستی ئەمە شتێکە لەیاد ناچێ".

> **هەرێم و هاوڕێیانی هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە دیپۆرتی سووریا بکرێنەوە، بەڵام ئەوە ڕوویدا**

# بەدەم ڕێگەی کۆچەوە چاوەڕێی لەدایکبوونی منداڵەکەیەتی



دیلڤا دەیەوێت لە کاتی منداڵبوونەکەیدا لە دایک و باوکی نزیک بێت

**"برا"کانی کالێ**

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (گاردیەن) ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی تەنیا، لە کەمپەکەی کالێ- دان، کە بۆ پاراستنی خۆیان لە هەڕەشەی پیاوەکانی کەمپ، لەگەڵ پیاوێکی نێو کەمپەکە ڕێکدەکەون. ئەو جۆرە پیاوانە بە "برا" ناو دەبردرێن، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە بەرامبەر سێکسدا ئەرکی پاسەوانیی ئافرەتە تەنیاکان هەڵدەگرن. یەکێک لە کارەکانی خۆبەخشەکانی ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور ئەوەیە ڕێنمایی تەندروستی لەبارەی سێکسەوە بەو ئافرەتانە بدەن، بەڵام وەکوو خۆیان دەڵێن، لە ڕەوشی سەختی کۆچبەراندا لە دارستانەکانی کالێ، هیچکەس نازانێت ڕێنماییەکانی ئەوان تاوەکو چەندە گوێیان پێدەدرێ.

**ڕووداو – هەولێر**

دیلڤا، تەمەن 25 ساڵ، خەڵکی باشووری کوردستانە، ماوەی حەوت مانگە دووگیانە. منداڵی یەکەمی، چەند ڕۆژێک دوای لەدایکبوونی، مردووە و ئێستاش دڵنیا نییە لەوەی منداڵی دووەمی چارەنووسێکی جیاوازی دەبێ لەوەی یەکەم یان نا.

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی پەردە لەسەر خەمەکانی دایکێک و هەوڵەکانی پزیشکە خۆبەخشەکان بۆ ڕزگارکردنی منداڵی دووەمی دیلڤا هەڵدەداتەوە کە ئێستا لە کەمپێکی کۆچبەرانە لە فەرەنسا.

ئیدویگ پرێل و یوهانی دێپیر، دوو مامانی خۆبەخش، لەناو ئامبولانسێکدا بەرەو گراندێ سینس دەچن کە کۆمەڵگایەکە لە دەرەوەی شاری دونکیرک لە ناوچەی کالێ لە فەرەنسا. بەدەم ڕێگاوە پرێل بەو جۆرە باسی دۆخی دیلڤا دەکات "دژە تەنەکانی خوێنی دیلڤا (-RhD) و دژە تەنەکانی خوێنی منداڵەکەی ناو سکیشی (+RhD). دژە تەنەکانی دیلڤا هێرش دەکەنە سەر خڕۆکە سوورەکانی خوێنی منداڵەکەی".

پرێل و دێپیر وازیان لە 14 ڕۆژ مۆڵەتی ساڵانەی خۆیان هێناوە بۆ ئەوەی وەکوو خۆبەخش لەگەڵ ڕێکخراوی پزیشکانی ئافرەتانی بێسنوور (GSF) کاربکەن کە لە ساڵی 1995 دامەزراوە و هاریکاریی پزیشکی پێشکەش بەو ئافرەتانە دەکات کە بەهۆی شەڕ یان کارەساتی سروشتییەوە تووشی نەهامەتی بوون. مامان و پزیشکانی ئافرەتانی ڕێکخراوەکە لە 2015ەوە هاریکاری پێشکەش بە ئافرەتانی کەمپی کالێ دەکەن. حکومەتی فەرەنسا لە 2016 بڕیاری تێکدانی کەمپی کالێ ی دا، بەڵام خۆبەخشەکانی (GSF) لە هاوکاریکردنی کۆچبەران و پەناخوازانی ئەو ناوچەیە بەردەوامن.

پرێل نیگەرانی ڕەوشی دیلڤا و منداڵەکەیەتی و دەڵێت: "دوایین منداڵی چەند ڕۆژێک پاش لەدایکبوونی مرد. ئێستاش دەبێت بەردەوام چاودێری بکەین بۆ ئەوەی بزانین منداڵەکە زیندووە یان نا". پرێل بە پەلە لە ئامبولانسەکەی دادەبەزێت و بەناو کۆچبەرە پیاوەکان و پۆلیسی فەرەنسیدا بەرەو یاریگایەکی سەرداپۆشراو دەچێت کە کراوە بە بنکەی چاودێریی تەندروستی. بەدەم ڕێکردنەوە بە پەیامنێرەکەی (گاردیەن) دەڵێت: "ئەمڕۆ پشکنین (بۆ منداڵەکەی دیلڤا) دەکەین".

بەڵام جۆری خوێنی دیلڤا تاکە هۆکار نییە کە وای کردووە منداڵبوونەکەی ئەمجارەی مەترسیدار بێت. دیلڤا لە باشووری کوردستانەوە ڕووی لە ئەوروپا کردووە و هاوینی ڕابردوو لە گەرمەی ڕووداوەکانی دوای گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلول، کوردستانی جێهێشتووە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵیشەوە لەو ناوچەیە گیری خواردووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (گاردیەن)، زۆربەی شەوان کاری دیلڤا ئەوەیە هەوڵی دۆزینەوەی بارهەڵگرێک بدات کە خۆی تێدا بشارێتەوە، بەڵکو بارهەڵگرەکە ئاودیوی بەریتانیای بکات. ئەمەش بارگرانییەکی زۆری لەسەر جەستەی دووگیان و باری دەروونیی دیلڤا داناوە.

دیلڤا کە ناوی خوازراوی ئەو کۆچبەرە کوردەیە، یەکێکە لەو کۆچبەرانەی فەرەنسا بە "وڵاتانی بەختەوەری" خۆی نازانێت و چاوی لەوەیە بگاتە بەریتانیا، بۆیەش بە چپە بەگوێی پەیامنێرەکەی ڕۆژنامە بەریتانییەکەدا دەڵێت "دایکم و باوکم لە برمینگهام دەژین، دەمەوێت لەکاتی منداڵبوونەکەدا لەوان نزیک بم".

ناوچەی کالێ دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای فەرەنسا و بەندەری کالێ نزیکترین شوێنی وشکانییە لە خاکی بەریتانیاوە، هەر ئەمەش وای کردووە ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران ڕوو لە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە بکەن و چاوەڕێی دەرفەتێک بکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی تونێلێکی ژێر دەریاوە لە کالێوە بگەنە بەریتانیا. ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران، هاوشێوەی دیلڤا، دەڵێن خزم و کەسیان لە بەریتانیان، بۆیە حەز دەکەن بچنە لای ئەوان.

چارەسەری ڕەوشی ئەو کۆچبەرانە و خەرجییەکانی دروستکردنی کەمپ بۆیان یەکێک لە کێشەکانی نێوان حکومەتی لەندەن و پاریسە، لەکاتێکدا هەردوو وڵات لەسەر ئەوە کۆکن ئەو کۆچبەرانە لە ناوچە سنوورییەکان دووربخەنەوە، بەڵام سەبارەت بە میکانیزم و دابەشکردنی خەرجییەکانی ئەو پرۆسەیە ناکۆکن.

خۆبەخشەکانی ڕێکخراوی پزیشکانی منداڵبوونی بێسنوور دەبێ لە 24 کاژێری شەو و ڕۆژدا لە حاڵەتی ئامادەباشیدابن، بۆیەش کاتێک دەگەڕێنەوە ئاپارتمانەکەی خۆیان، مۆبایل و تەلەفۆنەکانیان لە خۆیان جیا ناکەنەوە. بە گوتەی یەکێک لە مامانەکان دۆخی منداڵەکەی دیلڤا جێگیرە.

دیلڤا، وێنەی دوایین سۆنەری منداڵەکەی لە ناو مۆبایلەکەیدا هەڵگرتووە و دەڵێت "دەمەوێ پێش لە دایکبوونی ئەم منداڵە بگەمە دایکم"، پاشان بە بزەیەکی کورتخایەنەوە دەڵێت "هێشتاش هەندێک هیوام ماوە".

## کچێکی 17 ساڵان خۆی دەکوژێ

**ڕووداو – سلێمانی**

پۆلیسی سلێمانی رایدەگەیێنێ، کچێکی تەمەن 17 ساڵ لە شاری سلێمانی بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

لە راگەیێندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ئاماژەی بەوە کردووە، ئێوارەی رۆژی 2018/3/2، دوای ئاگادارکردنەوەی هێزەکانی پۆلیس، کچە خوێندکارێکی تەمەن 17 ساڵ بە ناوی (ش، ئـ،ح) بە بریندارى گەیێندراوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، دواتر بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستداوە. بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی روونیکردووەتەوە، دوای رووداوەکە پشکنین و هێڵکاریی بۆ شوێنی رووداوەکە کراوە، لەلایەن بنکەی پۆلیسی رزگارییەوە پەراوی لێکۆڵینەوە بۆ رووداوەکە کراوەتەوە.



ژنان
ڕووداو
ژمارە (496) – دووشەممە 2018/3/5

## بە یەکەم کچە فۆتۆگرافەری جەنگ ناسراوە

# ئازایەتی پێشمەرگەیەک کردیە فۆتۆگرافەر



یەکێک لە فۆتۆکانی خۆزگە لەنێو زیاتر لە 20 فۆتۆگرافەر بە فۆتۆی ساڵ دەستنیشانکرا

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – هەولێر**

لەو ماوەیەدا کە هەرێمی کوردستان لە شەڕدا بوو لەگەڵ داعش، ئەو دەچووە بەرەکانی پێشەوە و بە کامێراکەکی وێنەی گیانفیدایی و نەبەردیی پێشمەرگەی دەگرت، هەر بۆیە وەک یەکەم کچە فۆتۆگرافەری جەنگی لە باشووری کوردستان ناوی دەرکرد.

خۆزگە حەسەن تەمەنی 24 ساڵە، ساڵی 2012 وەک باشترین لاوی ساڵ لە بوارەکەی خۆیدا هەڵبژێردراوە. بەشی شێوەکاری لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان تەواو کردووە و ئێستاش جگە لەوەی مامۆستایە، خوێندکاری بەشی سینەماشە لە کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین.

دایکی خۆزگە خەڵکی شاری مهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان و باوکی خەڵکی قەڵادزێیە، ئەو لەبارەی خولیای بۆ کاری فۆتۆگرافی دەڵێت: "ناتوانم بڵێم کاری فۆتۆگرافی حەزی منداڵیم بوو، بەشێوەیەکی ئەکادیمیش لەسەری نەمخوێندووە، ئەگەر شتێکی جوانم ببینیبایە وێنەم دەگرت، بەڵام ئەوەی ئێستا هەمە ناوی دەنێم عاشقی فۆتۆگرافی، لەو باوەڕەشدام هەر کارێک بە عەشقەوە بکرێت سەردەکەوێت".

### بەهۆی پێشمەرگەیەک بووە فۆتۆگرافەر

ئەو کچە فۆتۆگرافەرە چۆنیەتی دەستکردن بە کاری فۆتۆگرافی وەک پیشە بۆ بینینی پێشمەرگەیەک دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "پێشمەرگەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شەڕی داعشدا دەستێکی پەڕیبوو، بەڵام دوای 18 رۆژ گەڕایەوە بەرەکانی شەڕ لە دژی تیرۆریستانی داعش، ئەمەش وای لێکردم بە فۆتۆ چیرۆکی ئەو پێشمەرگەیە بگێڕمەوە و ماوەیەکی زۆر لەگەڵیدا دەچوومە بەرەکانی جەنگ و بەو هۆیەشەوە وێنەی جەنگیم دەگرت، دواتر بەردەوام بووم و کاری فۆتۆگرافیم کرد بە پیشە و ئامانجیشم ئەوە بوو ئەم قارەمانێتییەی پێشمەرگەکان بە زیندوویی بمێنێتەوە".

### یەکەم فۆتۆ و یەکەم خەڵات

لەبارەی یەکەم وێنەی فۆتۆگرافیی خۆیەوە، خۆزگە حەسەن دەڵێت "یەکەمین فۆتۆ کە گرتم، فۆتۆی چاوی منداڵێک بوو کە دواتر خۆشبەختانە بەهۆی ئەم فۆتۆیەوە خەڵات کرام".

خۆزگە رەتیکردەوە ئامانجی لەو کارە خۆدەرخستن و لاساییکردنەوە بێ و دەڵێت: "ئەگەر خەریکی خۆدەرخستن و لاساییکردنەوە بوومایە، کاری فۆتۆگرافیم هەڵنەدەبژارد، چونکە ئێستا رێگای ئاسانتر هەیە بۆ خۆدەرخستن، بەڵام من بە عەشقەوە کامێرام هەڵبژارد، بۆ دەرخستنی ئازایەتی برا پێشمەرگەکانم، بەڵام تاکە پاڵنەر و هۆکارم، پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات بوون کە بە هەموو هەست و عەشقیانەوە لە باشووری کوردستان، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک بکەن، دەستیان دایە چەک و شەڕیان بۆ پاراستنی کوردستان کرد، ئەوە منی زۆر سەرسام کرد، بۆیە بڕیارمدا خۆم و کامێراکەم شانبەشانی هەڵۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرەکانی جەنگ بمێنمەوە و وەک ئەوان بجەنگم بۆ پاراستن و نیشاندانی ناسنامەی کوردایەتیم".



### فۆتۆگرافەری پۆرترێت و فۆتۆجۆرناڵ

یەکێک لە فۆتۆکانی خۆزگە بە فۆتۆی ساڵ دەستنیشان کرا. پاش ئەوەی لە پێشبڕکێیەکی فۆتۆگرافیدا لەناو زیاتر لە 20 فۆتۆگرافەر، پلەی یەکەمی هێنا لە بواری فۆتۆ جۆرنالیست و نازناوی باشترینی پێدرا، هەروەها یەکێک لە فۆتۆکانی کە فۆتۆی پێشمەرگە یەک دەستەکەی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، وەک فۆتۆی ساڵ دەستنیشان کرا.

خۆزگە بەوە ناسراوە کە رێچکەی جیاوازی لە کاری فۆتۆگرافیدا گرتووەتەبەر، ئەو دەڵێت "لە دوو لایەنی جیاوازدا کارم کردووە، لە بواری پۆرترێت، کە زیاتر کارم لەسەر دەرخستنی چاو و روانینە جیاوازەکان کردووە، هەروەها لە بواری فۆتۆ جۆرناڵ، لەمەشیاندا ویستوومە لەرێگەی وێنەکانمەوە ئازایەتیی پێشمەرگە دەربخەم، بەڵام جیاواز لە هەموو فۆتۆگرافەرێک، من تەنیا لەناو هێزە خۆبەخشەکان دەرکەوتووم، بەتایبەت هێزی رۆژهەڵاتی کوردستان".

> "هەر پیاوێک بێتە ژیانمەوە دەبێت وەکو گورگ بە شەهامەت بێت"

خۆزگە بەردەوام سەرسامیی خۆی بۆ پێشمەرگە دەردەبڕێت و دەڵێت "بە پێشمەرگە زۆر سەرسامم، پێشمەرگە هێمای سەربەرزی و سەرفرازی و پارێزەری کەرامەتی کوردە، سەرسامم بەو مرۆڤانەی سەرەڕای نالەباریی ژیان و سەختیەکانی جەنگ و بێ مووچەیی، بەڵام لە سەنگەردا مانەوە و شەڕی تیرۆریان کرد، لەناو پێشمەرگەشدا بەتایبەتی بە برا و خوشکە خۆبەخشەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرسامم".

### گورگ لای خۆزگە لۆگۆ و سیمبولە

گورگ یەکێکە لەو ئاژەڵانەی تاکی کورد حەزی پێناکات، تەنانەت وەک هێمای دڕندەییش دەبینرێت، بەڵام بەپێچەوانەوە خۆزگە کردوویەتی بە سیمبول و لۆگۆی خۆی، ئەو لەبارەی ئەو ئاژەڵەوە دەڵێت: "گورگ وەک بوونەوەر تایبەتمەندیی خۆی هەیە، (ئازایە، دڕە، دەستەمۆ ناکرێ، هەموو بوونەوەرێک لە شەودا بەشێوەیەک لە شێوەکان دەترسێ، بێجگە لە گورگ، هەروەها گورگ بەپێچەوانەی بەشێک لە پیاوانی ئەم سەردەمە، تەنیا یەک مێیینەی هەیە و بەدوای جووتی خۆیدا چەندین کیلۆمەتر دەبڕێت، بەڵام لەگەڵ مێیینەیەکی دیکە جووت نابێت، بۆیە من خۆم وەک چۆلەکەیەک داناوە و پێویستم بە گورگێکە بمپارێزێت، ئەمەش لە لۆگۆی مندا بە روونی دەردەکەوێت".

### پیاو دەبێت وەک گورگ بێت

ئەو لەبارەی پیاوانیشەوە دەڵێت "ئەوەی لە پیاودا گرنگە ئەوەیە کە خاوەن بەڵێن و قسەی خۆی بێت، چاو و دەست و داوێن پاک بێت، دان بە هەڵەی خۆیدا بنێت، بەرپرسیارێتی هەڵەکانی هەڵبگرێ و هاوکات ئازا و بەشەرەف و بە غیرەت بێت، لە داهاتووشدا هەر کەسێک بێتە ژیانمەوە دەبێت وەکو گورگ بە شەهامەت بێت".

# هاوژینەکەی لەسەر مادەی هۆشبەر بە گرتن دا

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

ناز سێ ساڵ بەرگەی توندوتیژی و ئەشکەنجەدانی مێردەکەی گرت، بەهیوای ئەوەی رۆژێک بێت بەخۆیدا بچێتەوە و واز لەو خووە خراپە بهێنێ کە دەستی داوەتێ، بەڵام هاوژینەکەی دەستبەرداری ماددەی هۆشبەر نەبوو، بۆیە ناچار پەنای بردە بەر پۆلیس و بە گرتنی دا.

ناز تاوەکو چەند مانگێک لەمەوبەر لە شاری سلێمانی دەژیا، بەڵام ناوبانگی خراپی مێردەکەی بەهۆی کێشانی ماددەی هۆشبەرەوە، ناچاری کردن بیر لە جێهێشتنی سلێمانی بکەنەوە و روو لە هەولێر بکەن.

ناز، باسی چۆنیەتی ناسینی هاوژینەکەی و شووکردنی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوەوە دەڵێت: "مێردەکەم ئامۆزای خۆم بوو، کاتێک هات بۆ خوازبێنیم، دایک و باوکم رازی بوون و منیش شووم پێکرد، بووین بە خاوەنی 4 منداڵ، سەرەتا زۆر باش بوو لەگەڵم، منداڵەکانی خۆشدەویستن. خاوەن ئیشوکاری خۆی بوو لە کارگەیەکی چیمەنتۆ لە سلێمانی کاری دەکرد. خانووی خۆمان هەبوو".

بەڵام ئەو ژیانە بێ کێشەیە تا سەر نەبوو، کاتێک ماددەی هۆشبەر هاتە نێو ژیانی ئەوان، ئیدی نەهامەتییەکانی ئەو خێزانە دەستیپێکرد. ناز دەڵێت: "دوای ماوەیەک زانیم هاوژینەکەم ماددەی هۆشبەر بەکاردێنێ و دەیکێشێ، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بازرگانیشی پێوە دەکات".

ناز هەوڵی زۆری لەگەڵ هاوژینەکەی دا بۆ ئەوەی دەستبەرداری ئەو خووە بێ، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بێسوود بووە. ئەو دەڵێت "زۆر لێی پاڕامەوە کە دەستبەرداری ماددەی هۆشبەر بێ، بەڵام هیچ سوودی نەبوو. هەر جارێکیش پێمدەگوت وازبێنە، تووڕە دەبوو، هەندێ جار لێیدەدام". بەرە بەرە نەهامەتی رووی لە ماڵی ناز کرد "بەهۆی مێردەکەمەوە خانوومان نەما، باری ئابووریمان رۆژ بە رۆژ خراپتر بوو، مێردەکەم کارەکەی لەدەست دا، توندوتیژانە رەفتاری لەگەڵ دەکردم، دووجار ماڵم جێهێشت و چوومەوە لای براکانم، چونکە دایکم و باوکم لە ژیاندا نەماون، بەڵام ئەوانیش منیان ناردەوە لای هاوژینەکەم و دەیانگوت لەلای ئێمە جێگەت نابێتەوە، بۆیە ناچار بووم بگەڕێمەوە لای هاوژینەکەم".

خووگرتنی ئەو پیاوە بە ماددەی هۆشبەر، تەنانەت کاریگەری لەسەر منداڵەکانیشی هەبووە، کچە 16 ساڵانەکەی ناز کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە گریانەوە بە (ڕووداو) ی گوت: "بەهۆی باوکمەوە دوو ساڵە وازم لە خوێندن هێناوە، چونکە لە ماڵەوە نەمدەتوانی بخوێنم". ئەو ئاواتی ئەوەیە رۆژێک بگەڕێتەوە خوێندن و قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات و بچێتە زانکۆ. ئەو دەڵێت "لە سلێمانی هاوڕێی زۆرم هەبوون، بەڵام بەهۆی باوکمەوە هەموویان لێم دوورکەوتنەوە و قسەم لەگەڵ ناکەن. لە هەولێریش هەر لەبەر باوکم هیچ کام لە خزمەکانمان سەردانمان ناکەن".

بەهۆی ئەو گوشارانەوە ئەو خێزانە دوو مانگ لەمەوبەر شاری سلێمانی جێدێڵن و روو لە ناحیەی دارەتووی سەر بە قەزای دەشتی هەولێر دەکەن. ناز بەو ئومێدەوە هاتە هەولێر، هاوژینەکەی واز لە کێشانی ماددەی هۆشبەر بهێنێ، بەڵام زۆری نەبرد دەستی پێکردەوە.

ئامۆژگاری و شەڕ و هەرا هیچ سوودی نەبوو، بۆیە ناز ناچار بوو پەنا بۆ پۆلیس ببات.

ناز گوتی: "هاوژینەکەم بەردەوام بوو لەسەر کێشانی تریاک و ئازاردانی من و منداڵەکانم، بۆیە ناچاربووم پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەم و بە گرتنی بدەم".

هاوژینی ناز ئەمە یەکەمجاری نییە دەستگیر بکرێ. ناز گوتی "هاوژینەکەم پێشتریش لە سلێمانی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە، بەڵام تەنیا سێ مانگ لە زیندان مایەوە و ئازاد کرا. پاش هاتنە دەرەوەشی لە زیندان دووبارە دەستی بە کێشانی مادەی هۆشبەر کردەوە، بۆیە ناچاری کردم پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکەم".

ناز دەڵێت لەوەتەی مێردەکەی دەستگیرکراوە، ئاسوودەیی گەڕاوەتەوە نێو ماڵەکەی و خۆی و سێ کچەکەی و کوڕە هەشت ساڵانەکەی هیچ کێشەیان نەماوە.

رۆژی 2018/2/17 پۆلیسی بنەسڵاوە رایگەیاند کە هێزەکانیان توانیویانە بەکارهێنەرێکی ماددەی هۆشبەر لە نێو ماڵەکەی خۆیدا دەستگیر بکەن. رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر پشتراستی کردەوە کە ناز سکاڵای لەسەر هاوژینەکەی تۆمار کردووە.

رائید هۆگر گوتی: "دوای ئەوەی لەلایەن ئەو ئافرەتەوە ئاگادار کراینەوە، بنکەی نەهێشتنی تاوانی قەزای بنەسڵاوە توانیان شەوی 2/17 هاوژینی ئافرەتەکە بەناوی (ئا،ع) دەستگیر بکەن، لە ماڵەکەشیدا دەستیان بەسەر بڕێک ماددەی هۆشبەردا گرت کە لە هەردوو جۆری کریستاڵ و حەشیش بوون".

رائید هۆگر گوتیشی "تۆمەتبار تەمەنی 46 ساڵە، پێشتر لە سلێمانی بووە و نزیکەی دوو مانگە هاتووەتە ناحیەی دارەتوو، لە لێکۆڵینەوەشدا دانی بەوەدا ناوە کە بەکارهێنەری مادەی هۆشبەرە و لە هەمانکاتیشدا بازرگانی پێوە دەکات".

ئێستا (ئا.ع) لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی هەولێر راگیراوە و چاوەڕێی دادگاییە. هاوژینەکەشی هەوڵ دەدات کارێکی دەستبەکەوێ، بۆ ئەوەی خۆی و چوار منداڵەکەی بژێێنێ.



هاوژینی ناز دووەم جارە لەسەر بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر دەکرێت

### رۆژانە کەسێک دەستگیر دەکرێ

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر کە دراوەتە (ڕووداو)، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ناوەڕاستی مانگی رابردوو 50 کەس بەهۆی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراون. هەر لەو ماوەیەشدا دەستیان گرتووە بەسەر 7 ملیۆن و 450 هەزار دەنکە حەب لە جۆری (سیوا فردین). هەروەها دەستیان بەسەر کارگەیەکی فەلکردنی حەبدا گرتووە کە یەک تۆن حەبی لە جۆری سیوا فردین، 10 هەزار دەنکە حەب لە جۆری ترامادۆڵ و 2500 دەنکە حەب لە جۆری سۆمەدرینی تێدا فەل کرابوو. هەر لە ماوەی 45 رۆژدا دەستیان بەسەر 250 گرام شیشە، 200 گرام تریاک و 200 گرام هیرۆیینیدا گرتووە.

## پیاوێک لە ماڵی خەزووریدا دەکوژرێ

**ڕووداو– هەولێر**

لە شارۆچکەی دارەتووی سەر بە قەزای دەشتی هەولێر هاووڵاتییەک لە ماڵی خەزووریدا بە گوللە کوژرا. رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئێوارەی ڕۆژی 2018/3/2 لە ئەنجامی دروستبوونی کێشەیەکی کومەڵایەتی، هاووڵاتییەک بە ناوی (ە.ر) لە ماڵی خەزووری کوژراوە. گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەو کەسانەی تۆمەتبارن بە کوشتنی (ە.م) هەڵاتوون و دەستگیرانەکراون. (ە.ر) خێزاندار بووە، دانیشتووی شارۆچکەی پردێ بووە و لە شارۆچکەی دارەتووی سەر بە قەزای دەشتی هەولێر لە ماڵی خەزووری کوژراوە.

# گومان لە مردنی زاواکەی ڕۆڤیا دەکرێ

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

کەسوکاری ئەو گەنجەی دوای پێنج کاژێر لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی سپارد، گومانیان لە ڕووداوەکە هەیە و دەڵێن نازانن ئەو گەنجە بۆچی لەو کاتەدا چووە بۆ بەردەڕەش و بە تەلەفۆنی کێ چووە. ئێستا دوو تەلەفۆنی ئەو گەنجە لەلای پۆلیسن، کەسوکارەکەشی پەلەیانە بزانن دوایین کەس کە پەیوەندی پێوە کردووە کێ بووە و چی گوتووە.

کاژێر نۆی شەوی 2018/2/21 ، گەنجێکی تەمەن 27 ساڵ بەناوی مامەش کە تەنیا پێنج کاژێر بەسەر ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەیدا تێپەڕیبوو، بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لەسەر ڕێگای ڕۆڤیا – بەردەڕەش، گیانی لەدەست دا. بەڵام ڕووداوەکە گومانی لەلای کەسوکارەکەی دروست کردووە و دەڵێن بۆچی و چۆن مامەش لەو ڕۆژەدا بووکی جێهێشتووە و بە تەنیا چووە بۆ بەردەڕەش.

ڕەمەزان عومەر کە ئامۆزای مامەشە، دەڵێت "مامەش 25 ڕۆژ بوو ئەو کچەی مارەکردبوو، چەند ڕۆژێک پێش زەماوەندەکە لە ماڵی ئێمە بوو، پێیگوتم دەسگیرانەکەم دەگوازمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خاڵم نەخۆشە، شایی ناکەین".


مامەش دوای پێنج کاژێر لە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی، بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەستدا

مامەش ڕۆژی 2018/2/21 کەسوکارەکەی بانگهێشت کردبوون بۆ پارکێکی ئاکرێ. ڕەمەزان دەڵێت "تەنیا خزمەکانی خۆی بانگ کردبوون، هەندێک وێنەمان گرتن و دواتر بەڕێکەوتین بەرەو ڕۆڤیا. کاژێر حەوت بوو بە منی گوت بچینە بازاڕ و ئیشم هەیە، پێکەوە چووینە بازاڕی ڕوڤیا، شتێکی لە دوکانێک کڕی، پاشان گوتی با بچینە مزگەوت نوێژ بکەین، پێکەوە چووینە مزگەوت نوێژمان کرد، لە ڕێگا دەیگوت سەرم دێشێ و جارجاریش بە دەنگێکی بەرز پێدەکەنی، جارێک گوتی تەواو دەمرم، دواتر هەر پێکەنی".

دوای ڕووداوەکە چەند دەنگۆیەک بڵاوبوونەوە، گوایە مامەش پەیوەندی لەگەڵ کچێکی دیکە هەبووە و ئەو ڕۆژە تەلەفۆنی بۆ کردووە. بەڵام ئامۆزاکەی دەڵێت "نەمزانیوە کچێکی دیکەی خۆشویستبێ، زۆر بە کەمی دەمبینی، چونکە شوفێری بارهەڵگر بوو، هاتوچۆی تورکیای دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی ئەو کچەی مارە کرد، لەلای من گوتی پەیوەندیم لەگەڵی هەبوو".

مردنی ئەو گەنجە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، بە تایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە چۆن ئەو گەنجە لە ڕۆژی گواستنەوەی دەسگیرانەکەی لە ماڵ دەرچووە. ڕەمەزان دەڵێت: "تەنیا لەلای هاوژینەکەی گوتبووی دەچمە دەرەوە، بەڵام دوای ڕووداوەکە پۆلیس دوو مۆبایلی لە نێو ئۆتۆمبێلەکەی هەڵگرتەوە، ئێستا ئێمە چاوەڕێین بزانین بۆچی چووە بۆ ئەوێ، دوایین کەس کێ پەیوەندی پێوە کردووە و چی پێگوتووە".

مامەش لەسەر ڕێگای بەردەڕەش – ڕۆڤیا، خۆی دەکێشێ بە بارهەڵگرێکدا و گیان لەدەست دەدات. ڕەمەزان دەڵێت "بەگوێرەی هێڵکاریی پۆلیسی هاتوچۆ، مامەش موخالیف بووە، هەر بۆیە شوفێری بارهەڵگرەکە ئازاد کرا".

دڵخواز محەممەد کە تەنیا پێنج کاژێر لەگەڵ مامەش بووە، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە دەڵێت: "سەعات نۆی شەو بوو بە منی گوت دەچمە نێو پیاوان، بەڵام دوای یەک سەعات پێیانگوتم مامەش تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە، نازانم بۆچی بەو شەوە چوو بۆ بەردەڕەش".

### ئامۆزایەکی مامەش

### هەمووومان چاوەڕێین بزانین ئەو کەسە کێ بوو دوایینجار تەلەفۆنی بۆ کردووە

مامەش قەتیش، پێنج خوشک و سێ برای هەن، تاوەکو 2014 و پێش شەڕی داعش ماڵیان لە شاری مووسڵ بوو، بەڵام دوای هێرشی داعش، شارەکەیان جێهێشت و لە ناحیەی ڕوڤیای سەر بە قەزای شێخان نیشتەجێ بوون".

عەبدولغەفور قەتیش برای مامەش بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە کێشەمان لەگەڵ کەس نییە، تەنانەت ئەو شوفێرەی لەگەڵ مامەش دەعمی کردبوو، ئازادمان کرد، چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پۆلیسین بزانین بۆچی چووە بۆ بەردەڕەش".

هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک گوتی: "دەستمان بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کردووە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ شتێک ئاشکرا نەبووە، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

### لە چەندین شوێنی دیکە دزییان کردووە

# دوو گەنج پارەی کۆمەکی نەخۆش و بێسەرپەرشتان دەدزن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو – گەرمیان**

سالار و بەڵێن، دوو مانگ بوو دەستیان بەدزی کردبوو. دەستیان لە هیچ نەدەپاراست و تەنانەت پارەی ئەو کەسانەشیان دەدزی کە خۆیان پێویستیان بە هاوکارییە. ئەوان کە هاوڕێی یەکدی بوون، لەکاتی دزینی سندوقێکی کۆکردنەوەی کۆمەکدا بۆ نەخۆش و بێسەرپەرشتان، دەستگیر کران. پۆلیسی گەرمیانیش دەڵێت حاڵەتەکانی دزی لە سنووری گەرمیان زیادی کردووە.

سالاری تەمەن 24 ساڵ، وەک خۆی دەڵێت بێکارە و لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەناوی بەڵێن، تەمەن 17 ساڵان، کە قوتابی پۆلی دەی ئامادەییە، بڕیاریان داوە دزی بکەن. بەڵێن بە پۆلیسی گوتووە "بەهۆی هەژارییەوە ماوەی دوو مانگ بەر لەئێستا بڕیارمان دا دزی بکەین. لە چەندین شوێنی جیاجیا دزیمان کرد و پاش چەند جارێک دزیکردن لەگەڵ هاوڕێکەم، بەیەکەوە دەستگیرکراین".

### دزینی کۆمەکی نەخۆش و بێسەرپەرشتان

سالار و بەڵێن، ناوی خوازراوی دوو گەنجن. کاژێر حەوتی بەیانی ڕۆژی 2018/2/27 پلانی بڕینی سندوقی کۆمەکی نەخۆش و بێسەرپەرشتان لە بازاڕێک دادەنێن. ئەو دوو گەنجە لە قسەکردنیاندا بۆ پۆلیسی گەرمیان دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوە، بەڵام گوتوویانە کە لەبەر هەژاری ویستوویانە ئەو سندووقە بدزن "بڕینی سندوقی کۆمەک بۆ نەخۆش و بێسەرپەرشتان لەبەر بێویژدانیمان نەبوو، بەڵکو بەهۆی هەژارییەوە بیرمان لەوە کردەوە". سالار دەشڵێت "ئەمە یەکەمین حاڵەتی دزیکردنمان نەبووە، بەڵکو لە شەش کاری دیکەی دزی پێکەوە بووین، لەگەڵ بەڵێن چەند جارێک بەیانیان زوو بۆ دزی دەچووینە عەلوەی کەلار و هەرجارە چەند سندوقێک میوەمان دەدزی، دواتر بە نرخێکی هەرزان دەمانفرۆشتنەوە".

تارق عیماد، نوێنەری ڕێکخراوی ژیان بۆ فریاکەوتن و گەشەپێدان کە ڕێکخراوێکی خێرخوازییە و کۆمەک بۆ خەڵکی هەژار کۆدەکەنەوە، بە (ڕووداو)ی گوت: "ماوەی هەشت ساڵە ڕێکخراوەکەمان بەبێ پشتیوانی هیچ لایەنێک کاری خێرخوازی دەکات، ئێمە کۆمەڵە گەنجێکی خۆبەخشین، ئەو سندوقانە بۆ هاوکاریی کەسانی بێسەرپەرشت و نەخۆش لە سنووری گەرمیان دامانناون".

سەبارەت بەم کارەی ئەو دوو گەنجەش، نوێنەری ڕێکخراوی ژیان گوتی: "ئەو دوو گەنجە لەبەر هەر هۆکارێک بێت، کارەکەیان خراپ بووە و بەپێی یاساش تاوانێکیان ئەنجامداوە، بەڵام لێخۆشبوونی ئێمە پەیوەستە بە لێخۆشبوونی خاوەنی بازاڕەکەوە، چونکە چوونەتە سەر ئەوان و سندوقەکەی ئێمە بەشێکە لە دوکانەکەی ئەوان".

ڕائیدی مافپەروەر عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم دوو گەنجە چەندین تاوانی دزییان ئەنجامداوە کە دوایینیان دزینی سندوقێکی کۆمەک بوو لە بازاڕێک دانرابوو و نزیکەی 100 هەزار دیناری تێدا بووە".

### لە گەرمیان دزیکردن زیادی کردووە

گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان باس لە زیادبوونی حاڵەتەکانی دزیکردن لە سنووری گەرمیان دەکات و دەڵێت "حاڵەتەکانی دزی زیادی کردووە، تەنیا لە دوو مانگی ڕابردوودا 47 حاڵەتی دزی لە سنووری گەرمیان تۆمارکراون کە زۆربەی ئەنجامدەرانی دزییەکان لە ڕەگەزی نێرن و، منداڵ و ژنیشی تێدا بووە".

لەبارەی جۆری دزییەکانیشەوە، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان دەڵێت "زۆربەی دزییەکان چوونە سەر ماڵانن، هەروەها دزینی ئۆتۆمبیل و مۆەلیدە و ئەو شتانەشی تێدایە، نزیکەی 40 کەس لەو تۆمەتبارانە دەستگیرکراون و بەپێی ماددەی 446 لە یاسای سزادانی عێراقی سزادراون، سزاکەشیان لە شەش مانگ بۆ پێنج ساڵ بەندکردنە، جگە لە سزای ماددی".


سالار و بەڵێن دوو مانگ بوو دەستیان بە دزی کردبوو

# باوکە بە تەمەنەکەیان لەسەر شەقام فڕێدا


مام لەتیف لە شەوێکی باراناویدا لەسەر شەقام فڕێدرا

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

مام لەتیف تا ئەوکاتەی هێز و توانای هەبوو، هەموو هەوڵ و کۆششێکی بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی دا، بەڵام دوای ئەوەی لە تاقەت کەوت، منداڵەکانی پشتیان تێکرد، تا کار گەیشتە ئەوەی لە شەوێکی باراناویدا لەسەر شەقام فڕێیاندا.

مام لەتیف، پیاوێکی بەساڵاچووە و باوکی شەش کوڕ و چوار کچە، بەڵام ئێستا لە خانەی بەساڵاچووانی هەولێر خۆی پێ بێکەسترین مرۆڤە. مام لەتیف زۆربەی کات بەرامبەر پەنجەرەیەکی ڕوو لە دەرگای خانەکە دادەنیشێ، هەمیشە چاو لەڕێیە ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێک لە کچەکانی لە دەرگای خانەکە بێتە ژوورێ.

مام لەتیف، بەسەرهاتی خۆی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوە و گوتی: " من خاوەنی شەش کوڕ و چوار کچم، هەموو تەمەنی خۆم بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئەوان تەرخانکرد، لەگەڵ هاوژینەکەم هەموو خۆشی و ناخۆشییەکمان بەش کردبوو، کەچی کاتێک تاقەتم نەما، ئەوان کەوتنە سووکایەتی بە من".

### بەردەوام چاوم لەڕێیە کچەکانم سەردانم بکەن

گڵۆڵەی مام لەتیف لە ماڵەوە بەرە بەرە کەوتە لێژی، سەرەتا سەرزەنشتکردن، دواتر بەندکردن، پاشانیش فڕێدان. مام لەتیف گوتی "ژنەکەم و کوڕەکانم بە هەموو شێوەیەک سووکایەتیان پێدەکردم. دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکەکەمدا گرت، ئەوەی هەمبوو خستیانە سەر ناوی خۆیان. ژنەکەم منداڵەکانی لە دژی من هاندەدا. لە ژوورێک بەندیان کردم، هەر بەشی ئەوە خواردنیان دەدامێ پێی بژیم".

مام لەتیف باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە لە ماڵ دەریانکردووە و دەڵێت "ڕۆژی 2016/12/15 لە ڕۆژێکی باراناوی منیان لە ماڵ بردە دەرەوە و لەسەر شەقامێک فڕێیاندام، دواتر کارمەندانی ئەو خانەیە هاتن منیان هەڵگرتەوە و هێنایانم بۆ ئێرە".

مام لەتیف نزیکەی ساڵێک و سێ مانگە لەو خانەیەیە و هیچ کام لە کوڕ و کچەکانی و هاوژینەکەشی سەردانیان نەکردووە. مام لەتیف باسی هەڵوێستی کچەکانی دەکات و دەڵێت: "کچەکانم منیان خۆشدەوێت، بەڵام لە ترسی دایک و براکانیان نەیاندەتوانی لە من نزیک ببنەوە". مام لەتیف فرمێسک بە چاوەکانیدا دێنە خوارێ و دەڵێت: "زۆر بیری کچەکانم دەکەم، لەوەتەی لێرەم تەنیا یەکجار پەیوەندیان پێوەکردووم، ئەویش بە نهێنی بووە، چونکە دڵنیام ئەگەر دایکیان و براکانیان بزانن، لێیان دەدەن".

مام لەتیف دەڵێت هەموو بەیانییەک کە لە خەو هەڵدەستێ، دوعا دەکات ئەو ڕۆژە دواڕۆژی ژیانی بێ "بەرگەی ئەو ئازارە ناگرم، بەرگەی دووریی کچەکانم ناگرم. بەردەوام بیرم لەلای ئەوانە و دەڵێم خودایە تۆ بڵێی ئەوان لە چ ژیانێکدا بن، ئەوان بەبێ من چ دەکەن!".

بەیان حەسەن کە بەڕێوەبەری بەشی پەککەوتەی خانەی بەساڵاچووانی هەولێرە، لەبارەی مام لەتیفەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "زستانی پارساڵ لەلایەن بنکەی پۆلیسی نەورۆزەوە پەیوەندیمان پێوە کرا کە پیاوێکی بەساڵاچوو لەسەر شەقام فڕێدراوە، منیش بە ئۆتۆمبێلی خۆم چووم بۆ شوێنەکە، بینیم ئەو پیاوە لەگەڵ هەندێک کەلوپەلی، لەسەر شەقام فڕێدراوە. لێمپرسی کێ تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟ گوتی کوڕەکانم فڕێیانداوم".

بەیان باسی باری تەندورستیی جەستەیی و دەروونی مام لەتیفی کرد و گوتی :"لەوەتەی لێرەیە کەس سەردانی نەکردووە، باری دەروونی باش نییە و بەردەوام دەگری و دەڵێت بیری کچەکانم دەکەم، هەردەم چاوی لەڕێیە کچەکانی سەردانی بکەن".

کۆمپانیاکە عێراقی جێهێشتووە

# ئەمریکا تانکە ئابرامزەکانی سوپای عێراق چاک ناکاتەوە

**ڕووداو – هەولێر**

ئەو کۆمپانیا ئەمریکییەی تانکەکانی ئابرامز بۆ سوپای عێراق چاک دەکاتەوە، ستافی خۆی لە عێراق کشاندووەتەوە، ئەم بڕیارەش دوای ئەوە دێت کە زیاتر لە نۆ تانکی ئابرامزی ئەمریکی کەوتبوونە دەست میلیشیاکانی حەشدی شەعبی. بەرپرسانی کۆمپانیاکە دەڵێن ژمارەیەک لە ئابرامزەکانی سوپای عێراق لەکارکەوتوون و هیچ کەسێک نییە چاکیان بکاتەوە.

ساڵی 2008 حکومەتی عێراق بە مەبەستی نوێکردنەوەی کەرەستە سەربازییەکانی سوپا دەستی بە کڕینی تانکی ئابرامز (M1) کرد. لە چوارچێوەی ئەو پلانەدا و لە ماوەی سێ ساڵدا 140 تانکی بە بڕی دوو ملیار دۆلار کڕی. پێشتر حکومەتی عێراق پشتی بە تانکی ڕووسی دەبەست کە بەشی زۆریان لە کاتی هێرشەکانی ئەمریکا لە 2003 تێکشکان.

گرێبەستەکە بە نێوەندگیریی پێنتاگۆن لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیای جەنەراڵ داینامیکس لەند سیستەمز واژۆ کراوە کە دروستکەری تانکەکانە. بەپێی گرێبەستەکە، کۆمپانیای جەنەراڵ داینامکیس ئەرکی چاککردنەوەی تانک و ئۆتۆمبێل و بارهەڵگرە سەربازییەکانی سوپای عێراق دەگرێتە ئەستۆی خۆی و ڕاهێنانیش بە فیتەرە عێراقییەکان دەکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا خۆیان ئەو کارە بکەن. حکومەتی عێراق لە ساڵی 2012ەوە نزیکەی 320 ملیۆن دۆلاری بە کۆمپانیاکە داوە.

بەڵام وەکوو لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکیدا هاتووە، زۆربەی ستافەکانی جەنەراڵ داینامیکس لە کۆتاییەکانی کانوونی یەکەمی 2017 لەناکاو عێراقیان جێهێشتووە. بەڵێندەرێک کە داوای کردووە ناوی بڵاونەکرێتەوە، بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی گوتووە "ئاگادار کراینەوە کە حکومەتی ئەمریکا پرۆگرامەکەی داخستووە (واتە پرۆگرامی چاککردنەوەی تانک و کەرەستە سەربازییە قورسەکانی سوپای عێراق)، تاوەکو ئەو کاتەی تانکەکان نەگەڕێنەوە دەستمان، پرۆگرامەکە دەستپێناکاتەوە".



حکومەتی عێراق لە ماوەی سێ ساڵدا دوو ملیار دۆلاری بە تانکی ئابرامز داوە

بەڵێندەرەکە گوتوویەتی "ژمارەیەکی زۆر لە ئابرامزەکانی سوپای عێراق بۆ شەڕ ئامادە نین". ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر توانای سەربازیی سوپای عێراق دەبێت.

تانکی ئابرامز کە تیمێکی چوار کەسی هەڵدەگرێت، لە چوار ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵێکی باڵای لە ڕووداوەکانی دوای سەرهەڵدانی داعشدا هەبووە. کاتێک داعش لە سەرەتای هاوینی 2014 خەریکی فراوانکردنەوەی سنووری دەسەڵاتی خۆی بوو لە عێراق ، دەستی بەسەر کۆمەڵێک تانکی ئابرامزیشدا گرت کە دواتر هێزی ئاسمانیی ئەمریکا بە هێرشی ئاسمانی لەناوی بردن. هەر ئەم تانکانە لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی وەرزیی هاوپەیمانان کە لە مانگی شوبات بڵاوکرایەوە، لە 2015ەوە ژمارەیەک تانکی ئابرامز لەدەستی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا بینرابوون، ئەو کات هێزەکانی حەشدی شەعبی شانبەشانی سوپای عێراق بەرەنگاری چەکدارانی داعش دەبوونەوە.

لە کانوونی دووەمی 2015 گرتەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوبووەوە کە تێیدا تانکێکی ئابرامز ئاڵای گرووپی کەتایبی حیزبوڵڵای عێراقی بەسەرەوە بوو. ساڵێک دواتر ڤیدیۆیەکی دیکە بڵاوبووەوە کە تانکێکی دیکەی ئابرامز ئاڵای گرووپی کەتایبی سەید ئەلشوهەدای بەسەرەوە بوو. کەتایبی حیزبوڵڵا بە سەرکردایەتی ئەبومەهدی موهەندیس، پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێراندا هەیە و لە لیستی تیرۆری ئەمریکادایە، کەتائیبی سەید ئەلشوهەداش لەو گرووپانەی نێو حەشدە کە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ تاراندا هەیە.

لە کاتی هێرشەکانی سوپای عێراق و حەشد بۆ سەر کەرکووک، هێزەکانی پێشمەرگە تانکێکی ئابرامز (M1)یان لەکارخست. ئەوە یەکەمجاریشە بە بایەخەوە باسی ئەوە بکرێت بۆچی ئەو چەکە پێشکەوتووە ئەمریکییە لەدژی هێزە کوردییەکانی هاوبەشی ئەمریکا بەکاردەهێنرێ، ئەوەش لەلایەن هێزێکەوە کە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سوپای قودسی ئێران هەیە. بەڵێندەرەکەی جەنەراڵ داینامکیس ئاشکرای کردووە کە ماوەیەک دوای ئەو ڕووداوە تانکەکەیان هێناوە بۆ بنکەی جەنەراڵ داینامیکس لە عێراق، بۆ ئەوەی چاکی بکەنەوە.

وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئەمریکا لە شوباتی ئەمساڵدا دانیان بەوەدا نا کە تانکی ئابرامز کەوتووەتە دەست هێزە عێراقییەکانی نزیک لە ئێران. گوتەبێژێکی فەرماندەیی ناوەندیی هێزەکانی ئەمریکاش بە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) ڕاگەیاندووە کە حەشد لە کاتی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش ئەو تانکانەی دەستکەوتووە.

بەپێی ڕێککەوتنێک کە لە نێوان حکومەتی عێراق و ئەمریکادا هەیە، ئەو تانکانە دەبێت بگەنە دەست سوپای عێراق، گوتەبێژێکی فەرماندەیی ناوەندی لەمبارەیەوە بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی گوتووە "عێراق کەرەستەی بەرگریی دروستکراوی ئەمریکای وەرگرتووە، بۆیەش حکومەتی عێراق لەسەریەتی پابەند بێت بەو برگەیە لە ڕێککەوتنەکەی نێوان عێراق و ئەمریکا کە تێیدا باس کراوە بەکارهێنەری ئەو چەکانە کێن".

گوتەبێژەکە ئاشکراشی کرد کە بەغدا توانیویەتی "ژمارەیەکی زۆر" لەو تانکانە وەربگرێتەوە. بە گوێرەی جەنەراڵ داینامیکسیش تاوەکو کۆتایی مانگی شوبات لە کۆی نۆ تانک حەوتیان گەڕاونەتەوە و دوو تانکیش تاوەکو ئێستا دیار نین. بەڵام وادیارە ئەمە بەس نەبووە بۆ ئەوەی ستافی جەنەراڵ داینامیکس بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان لە عێراق.

بەگوتەی بەڵێندەرەکە، گوشارەکانی ئەمریکا لەسەر عێراق لە مانگی کانوونی یەکەم زیادیان کرد، بەڵام عێراقییەکان پێیانوابوو ئەمریکا هیچ ناکات و هەمووی هەر قسەیە. بەڵێندەرەکە لەمبارەیەوە دەڵێت "ئێمە هەفتانە چەندین جار لەگەڵ سوپا و وەزارەتی بەرگریی عێراق گفتوگۆمان کرد، بەڵام تاوەکو کۆتایی کانوونی یەکەم، ئەوان بڕوایان نەدەکرد کە ئێمە عێراق جێدەهێڵین".

ڕێککەوتنی نێوان سوپای ئەمریکا و عێراق بۆ چاککردنەوەی تانکە ئەمریکییەکان تاوەکو ئێستاش لە جێی خۆیەتی. گوتەبێژێکی هاوپەیمانانیش دەڵێت "پرۆگرامی چاککردنەوە و ئاگالێبوونی تانکە ئابرامز (M1)ەکان تاوەکو ئێستاش چالاکە، هیچ پلانێکیشمان نییە بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا پرۆگرامەکە ڕابگرین".

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (فۆرین پۆڵسی)، حکومەتی عێراق لەسەریەتی ئەو دوو تانکەی دیکەش لە ژێر دەستی میلیشیا شیعەکانی نزیک لە ئێران دەربکات و بیگەڕێنێتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. حاڵی حازر تەنیا 10 کارمەندی جەنەراڵ داینامیکس لە عێراق ماون، کاری ئەوانیش تەنیا پارێزگاریکردنە لەو دەیان تانکە شکاوەی لە ئەمباری سوپای عێراق چاوەڕێی چاککردنەوە دەکەن.

بەڵێندەرەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە زۆرینەی ئەو 140 تانکە ئابرامزە لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا سێ جار چاککردنەوەی بنەڕەتیان بۆ کراوە، تانکێکی تەقێنراویشیان لە ماوەی 20 خولەکدا چاککردووەتەوە و ڕەوانەی مەیدانەکانی شەڕیان کردووەتەوە. بە گوتەی بەڵێندەرەکە سوپای عێراق ناتوانێت بەبێ یارمەتی ئەمریکییەکان تانکەکان چاکبکاتەوە یان ئاگاداریان بێت و ئێستاش نیوەی تانکە ئابرامزەکانی سوپای عێراق چاوەڕێی چاککردنەوەن".

# خانەقین لە دوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە

**بەهرۆز فەرەیدوون**
**ڕووداو – خانەقین**

قەزای خانەقین، بەشێکی ڕێککەوتنی 16ی ئۆکتۆبەر و ڕۆژانی دوایی بوو، هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبی هێزی سەربازییان بردە قەزاکە و پێشمەرگە و لایەنە کوردییەکان لە قەزاکە وەدەرنران.

لەو ڕۆژە بەدواوە، زیاتر لە جارێک خەڵکی شارەکە هەوڵی ڕاپەڕینیان داوە لەدژی ئەو هێزانەی ئێستا کۆنترۆڵی شاریان لەدەستە. لەوەتای هێزە عێراقییەکان چوونە نێو خانەقین، میدیا کوردییەکان بە گشتی و بەتایبەتی (ڕووداو) قەدەغە کراون. ئەگەرچی بەرپرسی کورد لەنێو شارەکەشدا هەن، بەڵام بێدەنگی هەڵدەبژێرن لەبەرامبەر ئەوەی لە قەزاکە دەگوزەرێت.

گەیشتن بە خانەقین لەڕێی قەزای کەلار و مەرزی پەروێزخانەوە دەبێت، هێزە عێراقییەکان ڕێگای چوون بەرەو شارەکەیان مەترسیدار و تۆقێنەر کردووە، هێزێکی زۆر و دەمامکدار و نەناسراو مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێ دەکەن.

هەر بە گەیشتنمان بەنێوەندی قەزاکە، چاومان بە پیاوێک کەوت کە بەرامبەر هێزە عێراقییەکان هاواری بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە دەکرد: "دەبێت پێشمەرگە بگەڕێتەوە، پێشمەرگە واتا ئاوەدانی"...

مەحموود خەلیل، تەمەن 42 ساڵ، ڕۆژانە بەم شێوەیە بەبێ ترس و سڵەمینەوە بەگژ هێزە عێراقییەکاندا دەچێتەوە. بەشێکی ئەم تووڕەیی و چاونەترسییەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوو برای پێشمەرگە بوونە و لە شەڕی دژی داعشدا شەهید بوون. مەحموود دەڵێت: "کاتێک هێزە عێراقییەکان لەنێو خانەقین دەبینم، تووڕە دەبم، دەبێت کورد ئەمە قبوڵ نەکات، چونکە لە دوای ساڵی 2004، کورد تەنیا لە خانەقین و سەعدیە 1122 شەهیدی داوە".

کوردی دانیشتووی قەزاکە، بە تامەزرۆییەوە تەماشای تیمەکەی (ڕووداو) دەکەن، وا دیارە ماوەیەکی زۆرە، هیچ تیمێکی میدیایی نەچووەتە نێو قەزاکەوە. میوەفرۆشێک لە شەقامێکی قەرەباڵغ و جەنجاڵی خانەقیندا بە دەنگێکی نزم دەڵێت: "پێش ئەوەی هێزە عێراقییەکان بێنە نێو قەزاکە، دووکانەکەی من تا کاژێر 11ی شەو کراوەبوو، بەڵام لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە دەبێت 7ی ئێوارە دایبخەم".

بەپێی سەرژمێرییەکی ساڵی 2009، ژمارەی دانیشتووانی شارەکە خۆی لە 120 هەزار کەس دەدات، زۆرینە بە نەتەوە کورد و بە ئاین موسوڵمان و بە ئاینزا شیعەن. شیعە مەزهەبەکانی خانەقین مەراسیمە دینییەکانیان لە دوو حوسەینییە بەڕێوەدەبەن "حوسەینییەی بچووک و حوسەینییەی گەورە".

عەباس سەید محەممەد، زانای ئاینیی شیعی لە خانەقین، کاتێک سەردانمان کرد لەنێو حوسەینییەی گەورەی شارەکە، گوتی: "پشتیوان بەخودا، هێزە ئەمنییەکانی خانەقین ناتوانن دووبەرەکی بخەنە نێو پێکهاتەکانی شارەکە، ئەوەی ڕوویدا پێموایە قۆناغێکی کورت و ڕاگوزەرە".

بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن حەشد و پۆلیسی ئیتیحادییەوە ئاوەدان کراونەتەوە. پارتییەکانی خانەقین ئێستا لە ژێرزەمینی لقی پارتیدان لە قەزای کەلار. لەوێ باس باسی خانەقین و دۆخی نوێ و ئایندەی قەزاکەیانە. ئەکبەر حەیدەر، جێگری بەرپرسی لقی پارتی لە خانەقین، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی



پارتییەکانی خانەقین لە ژێرزەمینی لقی پارتی لە کەلار باسی ئایندەی شارەکەیان دەکەن

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

> یەکێتی لە خانەقین زەلیلە، ئێمە بە زەلیلی ناگەڕێینەوە
>
> بەرپرسێکی پارتی

> پارتی هەر لە خۆیانەوە بارەگاکانیان چۆڵ کرد
>
> قایمقامی خانەقین

کە بۆ ناچنەوە خانەقین؟ دەڵێت: "ئێمە وەک پارتی بە مەرجی دەرچوونی هێزە سەربازییەکان دەگەڕێینەوە قەزاکە، یان ئەوەتا بەغدا لەگەڵ هەولێر ڕێکدەکەوێت، ئەگەرنا ئێمە ناگەڕێینەوە جێگەیەک کە کودەتای سەربازیی تێدا کراوە".

بەرپرسەکەی پارتی ئاماژە بۆ ئەو ڕێککەوتنە دەکات کە بەشێکی یەکێتی لەگەڵ سەرکردەکانی حەشدی شەعبی کردیان و دەڵێت: "لەکاتێکدا یەکێتی ڕێککەوتنی لەگەڵ کردبوون، کەچی ئێستا یەکێتی لە شارەکە زەلیلە، بۆیە ئێمە ئامادە نین بە زەلیلی بگەڕێینەوە خانەقین".

قایمقامی خانەقین 14 ساڵە لەسەر کورسییەکەیەتی، 16ی ئۆکتۆبەر و حەشدی شەعبیش نەیانتوانی لەسەر کورسییەکەی دایبەزێنن، بەرپرسەکەی پارتی دەڵێت: "قایمقام هیچ دەسەڵاتێکی نییە و ئێستا پۆستی قایمقامی قەزاکە پۆستێکی کارتۆنییە" بەڵام قایمقام وا ناڵێت، دەڵێت من بەرپرسی یەکەمی کارگێڕیم و هەموو دەسەڵاتە ئیدارییەکان هەر لای منن. محەممەد ئەمین حەسەن، دەشڵێت "پارتی بە ئەنقەست بارەگاکانی خۆی بۆ چەکدارانی حەشد چۆڵ کرد، ئەوەتا ماڵەکەی من لەتەنیشت بارەگاکەی پارتییە و چۆڵیشم نەکردووە".

قسەکانی قایمقام هەر لەنێو بینای قایمقامیەت و لە ژوورەکەی خۆیدا بوو، ئەو بینایەی کە تەنیا ئاڵای عێراقی تێدا هەڵکراوە و ئاڵای کوردستان داگیراوە، بەڵام قایمقام دەڵێت "ناوچەکە ناوچەی ناکۆکی لەسەرە، پێویستە تەنیا ئاڵای عێراق هەڵکرێت".

قسەکانی قایمقامی خانەقین قسەی دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەرە، چونکە پێش ئەو مێژووە، ئاڵای کوردستان بە سەربانی باڵەخانەی قایمقامیەتی خانەقینەوە دەشەکایەوە و قایمقامیش پێداگریی لەسەر کوردبوونی قەزاکە دەکرد، بەڵام ئێستا وا ناڵێت و پێناچێت داکۆکی تەنانەت لەو کوردانەی قەزاکەش بکات کە بە ناحەق دەکوژرێن.

ڕۆژی 8 ی شوباتی ئەمساڵ، چوار چەکدار دەستڕێژی گوللەیان لە ژمارەیەک گەنج کرد و هەشت گەنجیان لە چاوترووکانێکدا کوشت و سێ گەنجی دیکەیان بریندار کرد، باوکی دوو لە قوربانییەکانی ئەو ڕووداوە کە برا بوون، بە چاوی پڕ لە فرمێسک و بەدەم هەنسکی گریانەوە دەڵێ: "ئەوەی ئێستا لە خانەقین دەگوزەرێت، لەدوای ئازادکردنی عێراقەوە ئەم شارە شتی وای بەخۆیەوە نەبینیوە، وا نزیک دەبێتەوە لە مانگێک و تا ئێستا هیچ لایەنێک بەدواداچوونی بۆ کوژرانی کوڕەکانم نەکردووە".

## توێژینەوەیەکی زانکۆی پزیشکیی تاران:

# پزیشکانی کوردستان گوێ نادەنە ڕێکارە تەندروستییەکان بۆ ژیانی خۆیان

سەروەر سالار
ڕووداو - سلێمانی

توێژینەوەیەکی زانستیی زانکۆی پزیشکیی تاران کە لەسەر پزیشکان و کارمەندانی تەندروستیی دەڤەری گەرمیان لە هەرێمی کوردستان کراوە، دەریخستووە ئێجگار کەم پابەندی وەرزش و چالاکیی جەستەیی دەبن کە بۆ تەندروست مانەوە گرنگن.

توێژینەوەکە کە بەمزووانە لە جۆرناڵێکی زانستیی جیهانیدا بڵاودەبێتەوە، لەلایەن توێژەرێکی کورد کراوە، وەکوو پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە تەندروستیی گشتی.

ئارام ساڵح محەممەد ئەمین، خاوەنی توێژینەوەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "پزیشک و کارمەندانی تەندروستی کەسانێکن لەلایەن چینەکانی کۆمەڵگەوە چاویان لێدەکرێ لەڕووی پاراستنی تەندروستی و دەروونددروستی، بۆیە گرنگە سەرەتا بزانین ئایا باری تەندروستیی خودی ئەم چینە چۆنە؟".

بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارە، ئارام فۆرمێکی وەرگرتنی زانیاری بە 460 پزیشک و کارمەندی تەندروستی سنووری قەزاکانی کەلار، کفری و خانەقین پڕکردووەتەوە کە شەش ڕەهەندی تەندروستیی گشتیی لە خۆدەگرن و بریتین لە (وەرزش، خۆراک، گوشاری دەروونی، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، باری ڕۆحی و خودئاگایی لە باری تەندروستی).

ئەنجامەکان دەریانخست بەشدارانی توێژینەوەکە بە گشتی هەڵسوکەوت و ڕێکارە تەندروستییەکان وەک پێویست پەیڕەو ناکەن. نەکردنی وەرزش و ناچالاکیی جەستەیی گرفتی هەرە گەورەی بەشداران بووە و کەمترین پابەندییان پێوەی هەبووە.


نەکردنی وەرزش و ناچالاکی جەستەیی گرفتی هەرە گەورەی پزیشکانی کوردستانە

وەک ئەنجامدەری توێژینەوەکە بە (ڕووداو)ی گوت، خانمان کەمترین پابەندییان بە وەرزش هەبووە و پیاوانیش کەمترین پابەندییان بە خۆراکی تەندروستەوە هەبووە "لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئافرەت وەکوو پیاو ئازاد نییە لە وەرزشکردن لە دەرەوەی ماڵ، پیاوانیش لەکاتی دەوام و ئێشکگریدا زۆرتر ئەگەری هەیە پشت بە فاستفوود و خۆراکی نادروستی بازاڕ ببەستن، بەڵام خانمان زۆرتر ئەگەری هەیە خۆیان خۆراکی خۆیان ئامادە بکەن کە تەندروستانەترە لە فاستفوود".

توێژینەوەیەکی دیکەی زانستی دەریخستووە شوێنکارەکانی سەردەمی ئێستا هاندەری خەڵک نین بۆ ئەوەی ئاگایان لە تەندروستیی خۆیان بێت. چونکە فەرمانگەکان بەزۆری شوێنی گونجاو دابین ناکەن بۆ وەرزشکردنی کارمەندانیان لەکاتی پشووەکاندا، گوشارێکی زۆر دەخەنە سەر کارمەندان و کاتی پێویستی پشوویان نادەنێ و خۆراکی دابینکراویش بەزۆری فاستفوودە.

ئارام هۆشداری دەدات کە ڕەچاونەکردنی نەریت و هەڵسوکەوتە تەندروستانەکان لە ژیاندا، ڕێگا بۆ نەخۆشییە بڵاوەکانی ئەم سەردەمە خۆش دەکات، هەر لە بەرزەپەستانی خوێنەوە تاوەکوو شەکرە و جەڵتەی دڵ و مێشک و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی دیکە "جاران نەخۆشییە گوازراوەکانی وەک سکچوون و مەلاریا و کۆلێرا و هاوشێوەکانیان هۆکاری سەرەکی مردن بوون، بەڵام گرفتی گەورەی مرۆڤی ئێستا، نەخۆشییە درێژخایەنە نەگوازراوەکانە کە پەیوەندییەکی بەهێزیان بەشێوازی ژیانەوە هەیە".

نەخۆشییە درێژخایەنە نەگوازراوەکان چەندین نەخۆشیی بڵاوی ئەم سەردەمە دەگرنەوە. وەکوو بەرزیی گوشاری خوێن، شەکرە، نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن، شێرپەنجە و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی کۆئەندامی هەناسە.

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، نەخۆشییە درێژخایەنە نەگوازراوەکان ساڵانە 40 ملیۆن کەس دەکوژن و هۆکاری 70%ی سەرجەم حاڵەتەکانی مردنن لە جیهاندا. ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەمانە ساڵانە 15 ملیۆن کەس لە نێوان تەمەنی 30 بۆ 69 ساڵی دەمرن کە 80% یان لە وڵاتانی هەژار و مامناوەندن.

بەربڵاویی ئەم نەخۆشییانە و ئەوەی کە دەتوانرێ بە گۆڕینی شێوازی ژیان ئەگەری ڕوودانیان کەم بکرێتەوە، وایان کردووە ئێستا پشکی شێریان پێبدرێ لە توێژینەوە جیهانییەکاندا.

ڕووپێوییەکی تەندروستی کە ساڵی 2006 لە عێراق و کوردستان کراوە. دەریخستووە 70%ی کەسانی پێگەیشتوو کێشیان لە ئاسایی زیاترە و یەک لە سێیان قەڵەون! وەکوو زانراوە قەڵەوی لێکەوتەیەکی دیاری پابەندنەبوونە بە نەریتە تەندروستانەکانەوە، بە تایبەت نەبوونی خۆراکی تەندروستانە و چالاکیی جەستەیی.

هەمان ڕووپێوی دەریخستووە 90%ی خەڵکی عێراق بە بڕی پێویست سەوزە و میوە ناخۆن و 57%یان چالاکیی جەستەیی پێویست ناکەن.

لە توێژینەوەکەی ئارامیشدا دەرکەوتووە لەنێو کادیرە پزیشکییەکاندا، گەنجەکان کەمتر پابەندن بە خۆراکی تەندروست، کۆنترۆڵکردنی گوشاری دەروونی و ئاگابوون لە باری تەندروستیی خۆیان.

### کوردستان کار بە توێژینەوە ناکات

ئارام هیوای خواست ئەو ئەنجامانەی ئەو بەدەستی هێناون، ببنە ڕێنیشاندەری حکومەت بۆ دارشتنی ستراتیجییەکی نیشتیمانی بۆ پەرەپێدانی نەریت و هەڵسوکەوتی تەندروست لەنێو خەڵکی کوردستاندا.

ساڵانە چەندین توێژینەوەی وەک ئەوەی ئارام لە کوردستان دەکرێن کە هەموویان ڕێنماییان بۆ بڕیاربەدەستان هەیە، بەڵام وەک پێویست کار بۆ چەسپاندنیان ناکرێ، پسپۆڕێکیش ئەمە بۆ ناپرۆفێشناڵیی بەرپرسانی کوردستان دەگێڕێتەوە.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، بەرپرسی بەشی توێژینەوە زانستییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستیی سلێمانی، دەڵێت کاری دروست لە بڕیاری دروستەوە دێ، بڕیاری دروستیش لە زانیارییەوە، زانیارییش دەبێ لەسەر بنەمای داتای دەستکەوتوو بێ کە توێژینەوەکان دەیانخەنەڕوو "پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەبێ توێژینەوە ئەستەمە، بڕیاری دروست هەرگیز بە بنەمایەکی نازانستی و بێ داتا دروست نابێ، بڕیاربەدەستانی ئێمە چونکە زۆربەیان کەسانی تەواو ئەکادیمی نین، سەرنجیان لەسەر ڕاسپاردەکانی توێژەران و ئەکادیمیستانی کوردستان نییە".

هەورامی کە دکتۆرای هەیە لە پزیشکیی کۆمەڵ و مامۆستای زانکۆی سلێمانییە، دەڵێ بەرپرسان یان بڕوایان بە توێژینەوە نییە و کەمترین نێوەندی توێژینەوە بۆ دامەزراوەکانیان دادەنێن، یان ڕاسپاردەکانی نێو توێژینەوەکانیان بەدەستناگات "لە هەموو بارێکدا ئەوان کەمتەرخەمن، چونکە لە دەسەڵاتیاندایە هەر بوارێک کە بیانەوێ چاکسازیی تێدابکەن، داوا لە زانکۆکان بکەن توێژینەوەی زانستییان بۆ بەگەڕبخەن لەو بوارەدا، یان لە فەرمانگە و دامەزراوەکاندا نێوەندی توێژینەوە دابمەزرێنن و کار بە داتا و ڕاسپاردەکانیان بکەن".

# مەگنیسیۆم.. سوود و سەرچاوە خۆراکییەکانی

ڕووداو - ئاژانسەکان

مەگنیسیۆم لە ڕەگەزە خۆراکییە گرنگەکانە و لە خۆراکی ئێستادا بەڕێژەی پێویست نییە. بۆیە وا باشە سەرنجتان لەسەر ئەم ڕەگەزە گرنگە و سەرچاوەکانی بێت. مەگنیسیۆم بۆ ڕێکخستنی گوشاری خوێن، پتەویی ئێسک و لێدانی دڵ زۆر گرنگە و جەستەی کەسێکی پێگەیشتوو ڕۆژانە نزیکەی 400 میللیگرامی پێویستە.

مەگنیسیۆم ڕۆڵی لە کارکردنی 300 ئەنزیمی جەستەدا هەیە و گرنگە بۆ پرۆسەی زیندەپاڵی خۆراک، دروستکردنی ترشە چەورییەکان، ترشە ئەمینییەکان و پرۆتین. ڕۆڵێکی کاراشی هەیە لە گواستنەوەی هەستەدەمار و جووڵە دەمارییەکاندا.

دەرکەوتووە ئەو خانمانەی بڕی پێویستی مەگنسیۆم لە خۆراکەوە وەردەگرن، کەمتر تووشی ئازار و گرفتەکانی دیکەی کاتی سووڕی مانگانە دەبن. مەگنیسیۆم یەکێکە لەو حەوت وردە ڕەگەزە خۆراکییەی کە بە بنەڕەتی دادەنرێن، واتە جەستە ناتوانێ پێداویستی خۆی لەنێو خۆیدا بەم ماددەیە پڕبکاتەوە و دەبێ لە خۆراکەوە وەربگیرێ.

ئەو کەسەی مەگنیسیۆمی پێویست لە جەستەیدا نییە، تووشی چەند گرفتێک دەبێ، لەوانە: نەمانی ئارەزووی خواردن، ئێڵنج و ڕشانەوە، هەستکردن بە ماندوویتی، سڕبوونی جەستە، ئازاری ماسولکە و تەنانەت گەشکەلێهاتن و تێکچوونی ڕیتمی لێدانەکانی دڵ.

لەنێو جەستەی مرۆڤێکی پێگەیشتوودا 25 گرام مەگنیسیۆم هەیە کە نیوە زیاتری لە ئێسکەپەیکەردا کۆبووەتەوە. ئەوەی دیکەی دەکەوێتە نێو پێکهاتەی ماسولکەکان، شانە نەرمەکانی دیکە و شلەکانی جەستە.

**ئەمانە هەندێک خۆراکی دەوڵەمەندن بە مەگنیسیۆم:**

**1 مۆز:**



هەر بە پۆتاسیۆم و ڤیتامین (C) دەوڵەمەند نییە، بەڵکو دەرکەوتووە بڕێکی باشی مەگنسیۆمی تێدایە. جگە لەمانە، مۆز هانی دەردانی ڕەگەزی کیمیایی سیرۆتۆنین لە جەستەدا دەدات کە میزاجی مرۆڤ باش دەکات.

**2 ماسی:**



سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی مەگنیسیۆمە، بەتایبەت ماسیی زەریاکان، واتە ماسییە گەورەکان.

**3 پرتەقاڵ:**



پرتەقاڵ بەشێوەی شەربەتی فرێش بیخۆی یان ڕاستەوخۆ میوەکە بخۆی، بڕێکی باشی مەگنسیۆمت دەداتێ، تەنانەت بە گەرمکردنیش مەگنسیۆمەکەی لەناوناچێت، ئەوەش هەواڵێکی خۆشە بۆ ئەوانەی دەیانەوێ بیکەنە پێکهاتەی هەویرەمەنییەکانەوە.

**4 چەرەس:**



چەرەسە جیاوازەکان سەرچاوەیەکی نایابی مەگنیسیۆمن، جگە لە مەگنیسیۆم بە چەندین ماددەی زۆر گرنگ و دەگمەنی وەک زینک دەوڵەمەندن. بۆیە ڕۆژانە چەرەس بخۆ، بەڵام زێدەڕۆییان تێدا مەکە، چونکە بڕێکی زۆر وزە دەدەن و ئەگەر زۆریان لێبخۆی دەبنە هۆی قەڵەوبوون.

**5 نیسک:**



سەد گرام لە نیسک 75 میللیگرام مەگنیسیۆمی تێدایە، ئەوەش بڕێکی باشە. بۆیە شۆربای نیسک لەسەر سفرەکەت، نیشانەیەکی ژیرانە هەڵبژاردنی ژەمەکەتە.

**6 چەڵتووک:**



کاتێک برنج هەندێک لە توێکڵەکەی پێوە دەمێنێ، لە هەر 100 گرامێکیدا 157 میللیگرام مەگنسیۆمی تێدا دەبێت، بەڵام کاتێک تەواو سپی دەکرێتەوە، ڕێژەکەی دادەبەزێت بۆ کەمتر لە نیوەی ئەو بڕە.

**7 گۆشتی باڵندە و پەلەوەر:**



گۆشتی باڵندەکان بەگشتی سەرچاوەیەکی باشی مەگنیسیۆمن، بەڵام قاز و مراوی و قەل بەتایبەت دەوڵەمەندن بە مەگنیسیۆم.

**8 ئاردی بۆر:**



ئاردی بۆر زۆر دەوڵەمەندە بە مەگنیسیۆم، جگە لەوە سەرچاوەیەکی باشی ئاسن، مس، فۆسفۆرە و چەندین جۆر ڤیتامینیشی تێدایە.

**9 هەویری عەلی بابا:**

هاڕاوەی بە هەویرکراوی عەلی بابا ئێجگار دەوڵەمەندە بە مەگنیسیۆم، بەجۆرێک تەنیا 100 گرام لەو هەویرە 120 میللیگرام مەگنیسیۆمی تێدایە.

**10 کەلەرم:**



گەڵاکانی بڕێکی باش مەگنیسیۆمیان تێدایە.

# هەشت هۆکاری دواکەوتنی سووڕی مانگانە

ڕووداو - ئاژانسەکان

دووگیانی تاکە هۆکاری دواکەوتنی سووڕی مانگانە نییە، تاوەکو بە نەبوونی ئەو، دواکەوتنی سووڕی مانگانە بە ئاسایی وەربگری، بەڵکو هۆکاری دیکەش هەن کە سووڕی مانگانە دوادەخەن.

ئەمانە هەشت هۆکاری بڵاوی دواکەوتنی سووڕی مانگانەن:

### 1 گۆڕانی کێش:

گۆڕانی کێشی لەش جا بە زیادبوون بێ یان کەمبوون، سووڕی مانگانە تێکدەدات. پسپۆڕان دەڵێن لەدەستدان یان زیادبوونی کێشی لەش بە بڕی 10%، دەبێتە هۆی دواکەوتنی سووڕی مانگانە. لەدەستدانی کێش دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی هۆرمۆنی مێینە و زیادبوونی کێش دەبێتە هۆی زۆربوونی ئاستەکەی. هەریەک لەو دووانەش کار لە دابەزینی هێلکە و دروستبوونی سووڕی مانگانە دەکەن.

### 2 وەرزشی تاقەتپڕوکێن

وەرزشکردنی تاقەتپڕوکێن دەبێتە هۆی گۆڕانی ئاستی هۆرمۆنە سێکسییەکان. وەرزشی توند هەم ڕاستەوخۆ هۆرمۆنەکان دەشێوێنێ هەم ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی گۆڕانکاریی بەرچاو لە کێش ئەو کاریگەرییەی دەبێت.

### 3 گوشاری دەروونی:

سەرقاڵییەکی نائاسایی و دۆخی تایبەتی ئاڵۆز هۆکارێکی دیاری دواکەوتنی سووڕی مانگانەیە. هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە کاریگەریی گوشاری دەروونی و هزری کاتییە و بە کۆتاییهاتنی گوشارەکە، سووڕی مانگانە ڕێکدەبێتەوە.

### 4 هەندێک دەرمان:

هەندێک دەرمان کە پزیشک بۆ چارەسەری حاڵەتێکی دیکە بۆی نووسیوی، سووڕی مانگانەت تێکدەدەن.

دەرمانەکانی چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان و دەرمانە کیمیاییە دژە شێرپەنجەکان لە نموونەی ئەو دەرمانانەن. هەروەک هەندێک ڕێوشوێنی ڕێگری لە منداڵبوونیش دەبنە هۆی کەمبوونەوەی سووڕی مانگانە. لە سەرەتای ڕاوەستاندنی حەبی دژە سکپڕی و تاوەکوو چەند مانگێک ڕێی تێدەچێ سووڕی مانگانە دوابکەوێ، دواتر خۆبەخۆ ڕێک دەبێتەوە.

### 5 نەخۆشیی ڕژێنی دەرەقی:

تەمبەڵیی یان فرەچالاکیی ڕژێنی دەرەقی دەبێتە هۆی تێکچوونی سووڕی مانگانە. واتە ئاستی هۆرمۆنەکە بەرزبێت یان نزم، سووڕی مانگانە تێکدەچێ. هەواڵە خۆشەکە لەمبارەیەوە ئەوەیە ڕژێنی دەرەقی تەمبەڵ بێ یان زۆر بزێو، دەرمان و ڕێگەچارەی دیکەی پزیشکیی هەیە کۆنترۆڵی بکات.

### 6 نزیکبوونەوە لە سووڕی نائومێدی:

ئەو ماوەیەی هێشتا سووڕی مانگانەت ماوە و نزیکبوویتەوە لەو تەمەنەی سووڕی مانگانەت بوەستێ، سووڕی مانگانە تێکدەچێ و هەندێک مانگ ڕوونادات، یان درەنگ ڕوودەدات. بەگشتی لە چلەکانی تەمەنەوە سووڕی مانگانە تێکدەچێ، بەڵام لە هەندێک خانمدا زووتریش ڕوودەدات. لەو ماوەیەدا جگە لە تێکچوونی سووڕی مانگانە، هەندێک نیشانەی دیکەش دەردەکەون، وەک هاتنی تەزووی گەرمی بە لەشدا و تێکچوونی میزاج. ئەوانەی زۆر بە سەختی نیشانەی نزیکبوونەوە لە سووڕی نائومێدییان تێدا دەردەکەوێ، پێویستیان بە چارەسەری دەرمانی دەبێت.

### 7 جەستە هێشتا لە گۆڕاندایە:

بۆ کچانی نەوجەوان ئاساییە جارجار سووڕی مانگانەیان دوابکەوێ. جەستەی کچان کاتی دەوێ تاوەکو لەگەڵ ئەو گۆڕانە هۆرمۆنییە خێرایەی تازە ڕوویداوە رابێت.

### 8 ساڵی دوو جار ئاساییە:

ئەگەر خانمێک سووڕە مانگانەکانی ڕێکبن، بەڵام ساڵانە یەک دوو جار ڕوویدات کە سووڕی مانگانەی لەکاتی خۆی ڕوونەدات، ئەوە بە نەخۆشیی دانانرێت و حاڵەتێکی ئاساییە و پێویست بە نیگەرانی ناکات.



# کاتالۆنیا واز لە داوای سەربەخۆیی ناهێنێ

**ڕووداو- هەولێر**

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، کارلێس پۆژیمۆنت، سەرۆکی پێشووی کاتالۆنیا ڕایگەیاند، لەمەودوا سەرکردایەتی بزووتنەوەیەک دەکات کە ئامانجی پەرەپێدانی هەوڵەکان دەبێت بۆ دامەزراندنی کۆماری کاتالۆنیا. ئەم لێدوانەی پۆژیمۆنت ڕۆژێک دوای ئەوە هات کە ڕایگەیاندبوو چیدی هەوڵ نادات خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی کاتالۆنیا بپاڵێوێ.

سەرۆکی پێشووی کاتالۆنیا بەنیازی دامەزراندنی "ئەنجوومەنی کۆمار"ە و کاری ئەم ئەنجوومەنەش ڕێکخستنی کارەکان و بەرەوپێشبردنی دۆزی سەربەخۆیی کاتالۆنیا دەبێت. پۆژیمۆنت بە ڕۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی گوت: "ئەم ئەنجوومەنە وەکوو حکومەتێکە لە مەنفا، بەڵام ئەم ئەنجوومەنە بە نهێنی کارناکات، چونکە حەز دەکەین لە فەزایەکی ئازاد و دوور لە ترس و هەڕەشە کارەکانی خۆمان بکەین. ئەنجوومەنەکە دەبێت دوور لە کێشەکانی دادپەروەری و پۆلیسی ئیسپانی، کاری خۆی بکات".

لە هەڵبژاردنی نائاسایی کانوونی یەکەمی ڕابردووی هەرێمی کاتالۆنیادا پارتە جوداخوازەکانی کاتالۆنیا زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. پارتەکەی پۆژیمۆنت (پارتی پێکەوە لە پێناو کاتالۆنیا) ٪21.7ی دەنگەکانی هێنا. هەڵبژاردنە نائاساییەکەی کاتالۆنیا دوای ئەوە هات کە حکومەتەکەی پۆژیمۆنت لە ڕۆژی یەکی تشرینی یەکەمی 2017 دا گشتپرسییەکی بۆ سەربەخۆیی کاتالۆنیا ساز دا و تێیدا زۆرینەی ڕەهای دەنگدەران پشتگرییان لە جودابوونەوەی هەرێمەکەیان لە ئیسپانیا کرد. ئەو گشپرسییە ئیسپانیای تووشی قەیرانێک کرد کە لە 40 ساڵی ڕابردوودا بێ وێنە بووە.

ڕۆژی پێنجشەممە کارلێس پۆژیمۆنت ڕایگەیاند چیدی بەنیاز نییە هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئۆفیسی سەرۆکایەتیی هەرێمی کاتالۆنیا بدات، پشتگیری خۆیشی بۆ جۆردی سانچێز بۆ ئەو پۆستە ڕاگەیاند. سانچێز ئەندام پەرلەمانێکی پارتەکەی پۆژیمۆنتە و لە مانگی تشرینی یەکەمەوە بڕیاری بەندکردنی بۆ دەرچووە، بۆیە دیار نییە ئەویش بتوانێت پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێمەکە وەربگرێت. پۆژیمۆنت هەموو هەوڵەکانی خۆی لەسەر ڕێکخستنی ئەو ئەنجوومەنە نوێیە چڕدەکاتەوە.

سەرۆکی پێشووی کاتالۆنیا لەبارەی پێکهاتەی ئەنجوومەنەکە گوتی "ئەنجوومەنەکە ڕەنگدانەوەی فرەدەنگی کاتالۆنیا دەبێت، داواش لە هەموو لایەنەکان دەکەم بەشداری تێدا بکەن، ئەنجوومەنەکە دەبێت لە هەموو پێکهاتەکان نوێنەری تێدا بێت، چونکە دەمانەوێت لە سیستەمی کۆنی حکومەتکردن بۆ خەڵکەوە بەرەو حکومەتکردنی لەگەڵ خەڵک هەنگاو بنێین". پۆژیمۆنت خۆی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکە دەکات و پێیوایە ڕێژەی دەنگی جوداخوازەکان مەشروعییەتی ئەوەی پێدەدات ڕابەری بزووتنەوەکە بێت.

> **بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازی درێژەی دەبێت**
> سەرۆکی پێشووی کاتالۆنیا

پۆژیمۆنت لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە لە بەلجیکایە، بەڵام لە پەیامەکەی ڕۆژی پێنجشەممەیدا جەختی لەوە کردەوە "دڵنیام ئێمە لە کۆتاییدا سەردەکەوین و ڕۆژێک لە ڕۆژان دەتوانم وەکوو کەسێکی ئازاد بگەڕێمەوە کاتالۆنیا". دادگای ئیسپانیا پۆژیمۆنت بە یاخیبوون، هەوڵی دابەشکردنی ئیسپانیا و خراپ بەکارهێنانی بودجەی گشتی بۆ مەرامی سیاسی تۆمەتبار دەکات و بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکردووە.

هەفتەی ڕابردوو پاشای ئیسپانیا بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی جیهانیی مۆبایل سەردانی بارسێلۆنای کرد، بەڵام کاتالۆنییەکان بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی پێشوازییان لە پاشا کرد، بەرپرسانی باڵای هەرێمەکەش ئامادە نەبوون پێشوازی لێبکەن. لەدوای گشتپرسییەکەی سەربەخۆیی کاتالۆنیا، ئەوە یەکەمجار بوو پاشا فیلیپ سەردانی کاتالۆنیا بکات. پۆژیمۆنت پێیوایە هۆکاری ئەو ناڕەزایەتییەی کاتالۆنییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "پاشا ئەو چەند ملیۆن کاتالۆنییەی پشتگوێ خستووە کە دەنگیان بە سەربەخۆیی هەرێمەکەیان داوە".

پۆژیمۆنت پاشای ئیسپانیای بەوە تۆمەتبار کرد کە نەیتوانی ڕۆڵی ناوبژیوان لە نێوان مەدرید و بارسێلۆنادا بگێڕێت، بۆیەش "گەشتەکەی بۆ بارسێلۆنا گەشتێکی خۆش نەبوو. هەڵەکە لە خۆیەوە بوو". سەرۆکی پێشووی کاتالۆنیا گوتیشی "کۆماری ئیسپانیا پێویستی بە پاشا نییە".

لە ڕۆژانی پێش گشتپرسییەکە و دوای پرۆسەکەش حکومەتی ئیسپانیا هەڵمەتێکی سەختی لێدان و سەرکوتی دامەزراوە و کەسایەتییە جوداخوازەکانی دەستپێکردبوو. لە پاش گشتپرسییەکەش حکومەتی هەرێمی کاتالۆنیا ڕایگەیاند ئامادەیە سەبارەت بە چارەسەری کێشەکانی نێوان مەدرید و بارسێلۆنا دیالۆگ بکەن، داواشیان کردبوو یەکێتیی ئەورووپا نێوبژیوانی دیالۆگەکە بکەن. لە دوای گشتپرسییەکەی یەکی ئۆکتۆبەری کاتالۆنیا، حکومەتی ئیسپانیا بڕیاری هەڵپەرساردنی حکومەت و پەرلەمانی کاتالۆنیای دەرکرد.

پۆژیمۆنت لەو بارەیەوە بە (گاردیەن)ی ڕاگەیاند "کاتێک ئێمە پشتگیریمان لە دیالۆگ دەکرد، لایەنی بەرامبەر (واتە حکومەتی ئیسپانیا) هیچ نوێنەرێکیان لەسەر مێزی دیالۆگ نەبوو، ئەوان ئامادەبوون سێ جار لەگەڵ بزووتنەوەی ئیتا (لە هەرێمی باسک) کۆببنەوە، بەڵام ئامادەنین لەگەڵ ئێمە گفتوگۆ بکەن، لە کاتێکدا ئێمە بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک هەڵبژێردراوین. ئێمە هیچکات دەستمان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی نەبردووە و یەک تاکە کەسمان نەکوشتووە".

لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا، جوداخوازەکانی ئیسپانیا پەنایان بۆ کۆمەڵێک شێوازی دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر حکومەتی ئیسپانیا بردووە، لەوانەش مانگرتنی گشتی و خۆپیشاندان. پۆژیمۆنت ڕەتی نەکردەوە کە بزووتنەوەکەی پشتگیری لە میکانیزمی سەرپێچی مەدەنی بکات و گوتی "سەرپێچی مەدەنی تاوان نییە، چونکە هیچ توندوتیژییەکی تێدا نییە و ئامرازێکی دیموکراتیکە".

یەکێک لەو ڕێگایانەی حکومەتی ئیسپانیا بۆ پەرتەوازەکردنی بزووتنەوەی جوداخوازیی کاتالۆنیا بەکاریهێناوە بەندکردنی سەرکردە باڵاکانی پارتە جوداخوازەکانە، بەڵام پۆژیمۆنت پێش ئەوەی دەستگیر بکرێت کاتالۆنیای بەرەو پایتەختی یەکێتیی ئەورووپا جێهێشت. ئەو لەبارەی بڕیاری ڕاکردن بۆ بەلجیکا بە (گاردیەن)ی گوت "من پێویستم بە ئازادی ڕادەربڕین و جموجۆڵە. ئەمەش لە ئیسپانیا مومکین نییە، هەرچەندە لەڕووی دەروونییەوە ئامادەیی ئەوەم هەیە بچمە گرتووخانە، بەڵام دەمەوێ درێژە بە خەباتی خۆم بۆ کاتالۆنیا بدەم".

خولیای پۆژیمۆنت بۆ سەربەخۆیی بۆ ئەو ئەزموونە تاڵە دەگەڕێتەوە کە خێزانەکەی لە سەردەمی ژەنەراڵ فرانکۆدا پێیدا ڕۆیشتبوون، باپیری لەسەردەمی فرانکۆدا ئاوارەی فەرەنسا ببوو. ئەو خۆی لە سەردەمی فرانکۆ قوتابی بووە و ئەزموونی ئەو قەدەغەیەی کردووە کە لە شوێنە گشتییەکان لەسەر زمان و کولتووری کاتالۆنی هەبووە، بۆیەش دەڵێت "یەک نەوە بەتەواوەتی لە مافی قسەکردن بە زمانی کاتالۆنی بێبەش کرا".

هاوژین و دوو کچەکەی پۆژیمۆنت هێشتا لە شاری گیرونا لە هەرێمی کاتالۆنیا دەژین و چەند هەفتە جارێک یەکدی دەبینن. سەرکردە جوداخوازەکەی کاتالۆنیا پێیوایە ئەزموونی تاراوگەنشینی خۆی و باپیری جیاوازە، چونکە "من دەتوانم لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیاوە خێزانەکەی خۆم ببینم، هەرچەند ئاوات ناخوازم دوژمنەکەشم تووشی ئەو دۆخە بێت کە من و خێزانەکەم تێیداین". پۆژیمۆنت جەخت لەوە دەکاتەوە کە "ئەوەی حکومەتی ئیسپانیا بەسەر ئەوی هێناوە مرۆیی نییە، چونکە من تاوانبار نیم و هیچکاتیش توندوتیژیم بەکارنەهێناوە".

کارلیس پۆژیمۆنت لە ناوچەی واتەرلو لە نزیک بروکسڵ دەژی، بەڵام دەڵێت لای ئەو "واتەرلو شوێنی سەرکەوتنە نەک شکست".




# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاس

# کشانەوەی ئـ

# باڵادەستبوون


تاکە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ئێران ئەوەیە واشنتن هەوڵی ڕێککەوتنێکی ناوچەیی بدات و ئێرانیش تێیدا بەشـ

**ڕووداو- هەولێر**

سەرهەڵدانی جەماوەری و شەڕی نێوخۆیی لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا نەزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان هەڵتەکاندووە. ئیدارەی ئەمریکی پێیوایە ئێران دەستی لە هەموو پشێوییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە و ئەمەش بۆ پرەنسیپی "هەناردەکردنی شۆڕش" دەگەڕێتەوە کە یەکێکە لە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی. بەڵام وەلی نەسر، لێکۆڵەر و سەرۆکی بەشی لێکۆڵینەوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی هۆپکینزی ئەمریکی، پێیوایە سیاسەتی ناوچەیی ئێران بەهۆی کۆمەڵێک بەرژەوەندیی نیشتمانیی ئێرانەوە ئاراستە دەکرێ، نەک ئامانجی ئایدیۆلۆژی بەتەنیا.

ئێران براوەی سەرەکیی ئاڵۆزییەکانی دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە، هیچکاتیش درێغی نەکردووە لەوەی بەربەست بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە دروستبکات. بۆیەش ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پێیانوایە بەرپەرچدانەوەی ئێران دەتوانێت نەزم بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگەڕێنێتەوە. نەسر لە وتارەکەیدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز)ی ئەمریکی دەڵێ ئەم چاوەڕوانییە لەسەر "تێگەیشتنێکی هەڵە بۆ هۆکار"ی ئاڵۆزییەکان دامەزراوە، "چونکە ئێران هۆکاری ڕووخانی نەزمەکە نەبووە، بۆیەش جڵەوکردنی ئێران ناتوانێت سەقامگیری بگەڕێنێتەوە".

سیاسەتی ئێران هەر لە ڕۆژانی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 1979ی ئێران بەسەر دوو باڵی ئایدیۆلۆژیستەکان و پراگماتیستەکاندا دابەش بووە. ئەم دوو باڵە لەسەر کەم پرسی نێوخۆیی کۆکن، بەڵام وەکو نەسر ئاماژەی بۆ دەکات، لە پرسی سیاسەتی دەرەوەدا "هەردوو بەرەکە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ئاسایشی نیشتمانی" هاوڕان.

بەبۆچوونی نەسر سیمای ئێستای سیاسەتی ئێران تەنیا بۆ شۆڕشی 79 ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ سەردەمی دەسەڵاتی خێزانی پەهلەویش دەگەڕێتەوە کە بۆ ماوەی 50 ساڵ حوکمی ئێرانیان کرد "چونکە محەممەد ڕەزا شا، خولیای زاڵبوونی بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەبوو، بۆ ئەمەش دەیویست پشت بە توانای ئەتۆمی، هێزی سەربازیی باڵادەست و بەدەستهێنانی مافی چاودێریکردنی کەنداو ببەستێ".

لێکۆڵەرە ئێرانییەکە پێیوایە لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، خەونە ئایدیۆلۆژییەکان شوێنی ناسیۆنالیزمیان گرتبووەوە، بەڵام لە 15 ساڵی ڕابردوودا، ناسیۆنالیزمی ئێران جارێکی دیکە ڕووی لە گەشەیە و تەنانەت سەرکردەکانی ئێران باسی گونجانی ئەفسانە ناسیۆنالیستییەکانی ئێران و ئایدیاڵە ئیسلامییەکان دەکەن، بۆیە ئێرانیش وەکو چین و ڕووسیا بیرەوەرییەکی ڕوونی لە ئیمپراتۆریەتەکانی ڕابردووی خۆی هەیە و وەکوو ئەو دوو وڵاتەش، نەزمی ئەمریکی وەکو بەربەستێک لەبەردەم تموحەکانی خۆیدا دەبینێ.

لە سەرەتای سەدەی نوێوە، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بوون بە دراوسێی ئێران، واتە لە ئەفغانستان و عێراقەوە. بەپێی وتارەکە تاران دەیزانی "بۆچوونێکی گەمژانەیە ئەگەر پێیوابێت هێزە ئێرانییەکان دەتوانن هێزە ئەمریکییەکان لە عێراق دەربکەن، بەڵام گرووپە سوننەکان و

> **تاکە ڕێگای کۆنترۆڵکردنی تاران ئەوەیە کە واشنتن هەوڵی ڕێککەوتنێکی ناوچەیی بدات ئێران تێیدا پشکدار بێت**
> توێژەرێکی ئەمریکی

# بێکاریی گەنجان؛ بۆمبە چێنراوەکەی ڕۆژهـ

**ڕووداو- هەولێر**

مانگی ڕابردوو کۆنفرانسی لوتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی بەڕێوەچوو، بڕیاربوو پەرەپێدانی "خۆشگوزەرانی" تەوەری سەرەکیی کۆنفرانسەکە بێت، بەڵام لە زۆربەی باسەکاندا فۆکەس لەسەر بازاڕی کار و ڕێژەی بێکاریی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا (ناسراو بە ناوچەی MENA ) بوو. لە مەغریبەوە تا ئێران، هەموو سەرکردەکان کۆک بوون لەسەر ئەوەی بێکاریی گەنجان هەڕەشەیەکی ئابووری و ئەمنیی گەورەیە لەسەر کۆی ناوچەکە.

هەموو سەرکردەکانی وڵاتانی ناوچەی (MENA) لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت ڕێژەی دامەزراندن لە وڵاتەکانیان بەرز بکەنەوە، بەڵام وەکو لە ڕاپۆرتێکی ناوەندی ستراتفۆری ئەمریکیدا ئاماژەی بۆ دەکرێ، ئاستی بێکاریی گەنجان لەو ناوچەیە لە تێکڕای ئاستی جیهانی بەرزترە.

زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا هەوڵدەدەن لە ڕێگەی کەرتی تایبەتی لەرزۆک و پەرەپێدانی کەرتی تەکنۆلۆژیاوە بەرەنگاری کێشەی بێکاری ببنەوە. ڕاپۆرتەکەی ستراتفۆر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە توندوتۆڵکردنی کەرتی تایبەت و تەکنۆلۆژیا تەحەدای گەورە بۆ ئەو "پەیمانە کۆمەڵایەتی"یەش دروستدەکات کە چەندین دەیەیە بەسەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی وڵاتانی ئەو ناوچەیەدا زاڵە. بەپێی ڕاپۆرتەکە، وڵاتانی ناوچەکە چەندین دەیەیە کاتیان لەبەردەست نییە بۆ ئەوەی "کێشەی بێکاری چارەسەر بکەن. ئەگەر هەرچی زووترە چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە نەدۆزنەوە، مانەوەی دەوڵەتەکان دەکەوێتە مەترسییەوە".

## ڕێژەی بەرزی منداڵبوون

بەگوێرەی ڕاپۆرتی سندوقی نێودەوڵەتیی دراو و بانکی جیهانی، لە نێوان ساڵانی هەشتاکان و نەوەتەکاندا ڕێژەی منداڵبوون بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە و لەبەرامبەریشدا ڕێژەی مردنی منداڵان دابەزیوە، بەجۆرێک لە نێوان ساڵانی 1980 بۆ 2000 ڕێژەی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دوو بەرامبەر بووە، بەڵام بازاڕی کار و ئاستی دامەزراندن نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ ئەو بەرزبوونەوەیەی ڕێژەی دانیشتوواندا بگونجێنێ.

لەپاڵ بەرزبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووان، کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش بۆ بێکاریی گەنجان هەیە، لەوانەش لاوازیی کەرتی تایبەت، نەبوونی شارەزایی پێویست بۆ بازاڕی کار، پشتبەستن بە کەرتی گشتی (حکومەت) و بەربەستە لۆکاڵییەکانی وەکوو نەریت و کولتوور.

> **ئەگەر بێکاری چارەسەر نەکرێ، ئەوە خۆپیشاندان و پێکدادانی سەخت و تەنانەت ڕاپەڕین، چاوەڕێی ناوچەکە دەکات**

## ناوچەی مەغریب و میسر

ڕێژەی بێکاری لە وڵاتانی مەغریب، تونس و جەزائیر دەگاتە 30%. مەغریب و تونس بەدەست نەبوونی نەوت و غازەوە دەناڵێنن، کشتوکاڵ و گەشتیاریش ئەو داهاتەیان نەماوە کە بتوانن هێزی کار ڕابکێشن. ئەمە جگە لەوەی هەردوو وڵاتەکە بەدەست گەندەڵییەکی زۆرەوە گیرۆدەن.

جەزائیر بە پێچەوانەی دوو وڵاتەکەی دیکە یەدەکێکی زۆری نەوتی هەیە، بەڵام حکومەتی جەزائیر تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە داهاتی پێ زیاد بکات. حکومەتی جەزائیر سوورە لەسەر ئەوەی سیاسەتێکی سەخت لەگەڵ وەبەرهێنەرە بیانییەکانی بواری نەوت پەیڕەو بکات، ئەم تەکتیکەش وەبەرهێنەرە بیانییەکانی سارد کردووەتەوە، پێشکەوتنی کەرتی نەوتی دابەزاندووە و لەوێشەوە زیانی بە دامەزراندنی گەنجان گەیاندووە.

ناوەندە ئەمریکییەکە پێیوایە کۆمەڵگای مەدەنیی بەهێزی هەرسێ وڵاتەکە (کە وەکو میراتێک لە دەسەڵاتی کۆلۆنیاڵی فەرەنسی ماوەتەوە) هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی ئابوورییان بەهێواشی گەشە بکات. کۆمەڵگای مەدەنی ئەو سێ وڵاتە زۆر چالاکانە دژی پڕۆژە بڕیارەکانی کەمکردنەوەی مووچە، بەرزکردنەوەی باج و سیاسەتی دەستپێوەگرتن کاردەکەن.

لە ساڵی 1990ەوە ژمارەی دانیشتووانی میسر دوو بەرامبەر بووە و گەیشتووەتە 95 ملیۆن کەس. میسر لە لایەکەوە بەدەست نەبوونی سەرچاوەی سروشتیی پێویستەوە دەناڵێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە بەشی زۆری دانیشتووانی وڵاتەکە لە شارەکان دەژین، ئەمەش گوشارێکی زۆری لەسەر بازاڕی کاری میسر دروستکردووە.

ستراتفۆر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حکومەتی میسر بۆ پاراستنی ڕەوایەتی خۆی پشتی بە دامەزراندنی خەڵک لە کەرتی گشتی بەستووە، ئەمەش لەلایەکەوە هێزی کاری شارەزای لە دامەزراوە حکومییەکاندا یەخسیر کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە سندوقی دارایی حکومەتی وشک کردووە. ستراتفۆر بە دووری دەزانێت عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر، ئامادە بێت دەسەڵاتی سوپا بەسەر ئابووریی میسرەوە کەم بکاتەوە و ڕێگە بۆ چاکسازیی جەوهەری لە ئابووریی میسردا خۆشبکات، چونکە تاوەکو ئێستاش مانەوەی درێژخایەنی سیسی بەستراوەتەوە بە پشتگیریی سوپاوە.

# ـت..
# ـــەمریکا و
# ـــی ئێران



ـــدار بێت

میلیشــیا شیعەکان هەمان کاریان بۆ ئێران کرد و ئەمریکایــان گەیاندە ئــەو بڕوایەی هێزەکانی بکشێنێتەوە".

لە ماوەی جەنگی هەشــت ساڵەی ئێران و عێراقــدا، زۆرینەی وڵاتانی عەرەبی پشــتیوانی ڕژێمی ســەدام حوسێن بوون، زۆربەی فەرماندە باڵاکانی سوپا و ئەرتەشی ئێرانیش لەو شەڕەدا ئەزموونیان وەرگرتووە. وەلی نەسر پێیوایە ئەو شەڕە و هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی بوونە هۆی ئــەوەی ئێران هەســت بکات جیهانــی عەرەبی مەترسییە لەسەر ئاسایشــی ئێران. ئەمە جگە لەوەی لەڕووی خەرجییەکانی هێزی سەربازیشەوە ئێران لە پاش ڕکابەرە ناوچەییەکانی خۆیەتی.

بەپێی ڕاپۆرتێکی پەیمانگای ســتۆکهۆڵم بۆ لێکۆڵینەوەی ئاشــتی، لە ساڵی 2016 دا ئێران لــەڕووی خەرجییــە ســەربازییەکانەوە لە پلەی هەشتەمی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووە. هەر ئەم هۆکارەش وای کردووە ئێران پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی میلیشیا شیعەکان و دامەزراندنی سیستەمی مووشەکیی دووربڕ.

لــە ڕابــردوودا ئەمریــکا پشــتی بــەو نەزمە عەرەبییە بەستبوو کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا باڵادەســتە. ئــەم نەزمە یەکەمجار لــە 2003 و لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی ســەدام حوسێندا درزی تێکەوت، ســەرهەڵدانە یەک لە دوای یەکەکانی بەهاری عەرەبیش ئەو نەزمەی لە هەڵوەشانەوەی یەکجــاری نزیک کردەوە. ئەمریکا چەندین دەیە بوو ئەو نەزمەی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی باڵانسی هێز لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت بپارێزێت، لەدوای شۆڕشــەکەی 1979 ئەو نەزمە ڕۆڵی ســەرەکی لە جڵەوکردنی دەســەڵاتی ئێرانــدا هەبوو. لەم ســۆنگەیەوە، وەکو وەلی نەسر دەڵێت، نەمانی ئەو نەزمە و تێکچوونی سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت "دەســەڵات و نفــووزی ئێرانــی لە ناوچەکەدا فراوان کردووە".

لــە چوار دەیەی ڕابــردوودا هیچکات ئێران و ئەمریــکا یان ئێران و وڵاتە زلهێزە عەرەبییەکان هێندەی ئێســتا لە شەڕ و پێکدادانی ڕاستەوخۆ نزیک نەبوون، بەڵام ئەســتەمە ئێران خۆی لەو شــەڕە بدات، چونکە ســەرکردەکانی ئەو وڵاتە هەستیان کردووە کە لەدوای شەڕی داعش و لە ئەنجامی سەرکەوتن لەو شەڕەدا، ئێران لەجاران بەهێزترە.

نەســر پێیوایە ئێران بە ڕاهێنانی میلیشــیا شیعەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕێگەی بۆ ئەوە خۆشکردووە پەرە بە نفوزی خۆی لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتدا بــدات، بەتایبەتیش لەکاتێکدا ئەو میلیشــیایانە دەچنــە ناو کایەی سیاســی و ئیداریــی وڵاتەکــەی خۆیــان، بــەو پێیەش وڵاتــە عەرەبییەکانــی ناوچەکە چیدی ناتوانــن بەتەنیا ئیــدارەی کاروبــاری ناوچەکە بکــەن. نابێت ئــەم هەنگاوەی ئێران تەنیا بە ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکانی تارانەوە ببەسترێتەوە، چونکە لە پشت هەموو ئەو هەنگاوانەوە هەوڵێک بۆ پاراســتنی ئاسایشــی نیشــتمانیی ئێران لە چوارچێــوەی سیاســەتی "بەرگریی پێشــەنگ" هەیــە، واتە بەرگری لە ئاسایشــی نیشــتمانیی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی.

سیاســەتی چوار دەیەی ڕابــردووی ئەمریکا لەبەرامبــەر ئێــران بە سیاســەتی "جڵەوکردن" ناوی دەرکردووە، بۆ ئەوەش پشــتی بەو نەزمە نەریتییە بەســتووە کە لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەمەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا باڵادەستە و چوار کۆڵەکەی ســەرەکی هەبووە کە بریتین لە سعودیە، میسر، عێراق و سووریا.

لێکۆڵــەرە ئێرانییەکــە دەڵێــت حاڵی حازر دوو لەو کۆڵەکانە (عێراق و ســووریا) کەوتوون و چیدی ناکرێت وەکو بەشــێک لەو سیاســەتە بەکاربهێنرێــن "ئەمریکا خۆیشــی ناتوانێت ئەو بۆشــاییە پڕبکاتەوە کە بە هۆی تێکچوونی ئەو نەزمە دروستبووە". بە بۆچوونی نەسر نموونەی ئەو بێدەســەڵاتییەی ئەمریکاش لە ڕووداوەکانی پێش و پاش گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت. بێدەسەڵاتی ئەمریکا و فراوانبوونی بازنــەی نفوزی ئێــران لە ناوچەکە لە کاتێکدایە کە ڕووسیا هاتووەتە نێو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت و تورکیاش خەریکە لە ڕۆژئاوا دوور دەکەوێتەوە.

وەلی نەســر لە کۆتایی وتارەکەیدا ئاماژە بۆ ئــەوە دەکات کە تاکە ڕێگە بــۆ کۆنترۆڵکردنی ئێــران ئەوەیە واشــنتن هەوڵــی ڕێککەوتنێکی ناوچەیی بدات کە ئێرانیش تێیدا پشــکدار بێت، جەختیش دەکاتەوە کە ئەمریکا نابێت ئەم کارە بۆ ڕووسیا جێبهێڵێت.



## بەرپرسانی ئەمنیی کۆشکی سپی ناهێڵن زاواکەی ترەمپ دەستی بە زانیارییە نهێنییەکان ڕابگات

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا (FBI) ڕازی نەبووە پاکانەی ئەمنیی بەردەوام بە کۆشنەر بدات

# مانگی هەنگوینیی ترەمپ و زاواکەی بەرەو کۆتاییە

**ڕووداو- هەولێر**

تــا چەنــد هەفتەیــەک لەمەوبــەر، جارد کۆشنەر، زاوا و ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمریکا، بە بڕواپێکراوترین کەســی ســەرۆک دۆناڵد ترەمپ دەزانــرا و هەندێکجاریش بە وەزیری دەرەوەی دووەمــی ولایەتــە یەکگرتووەکان و شــازادەی کۆشکی ســپی ناودەبرا، بەڵام ئاشــکرابوونی پەیوەندییەکانــی کۆشــنەر لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانییەکان و بەکارهێنانی دەســەڵاتی سیاســی بۆ بەرژەوەندی دارایی شەخسی، پێگەی زاواکەی ترەمپی هێناوەتە لەرزە.

هەفتــەی ڕابــردوو ڕۆژنامەی (واشــنتن پۆســت)ی ئەمریکــی ئاشــکرای کــرد کــە بەرپرســانی چــوار وڵات هەوڵیــان داوە بزنــس و پــارە و بێ ئەزموونیی کۆشــنەر، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لە کۆشــکی ســپی بەکاربهێنن. ئەو چوار وڵاتە ئیمارات، چین، ئیســرائیل و مەکسیکن. دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریــکا ئــەو زانیارییەیــان دوای ئــەوە دەســتکەوتووە کــە بــە نهێنی گوێیــان لە پەیوەندییــە تەلەفۆنــی و دیجیتاڵییەکانــی بەرپرسانی ئەو چوار وڵاتە گرتووە.

پەیوەندیی کۆشنەر لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتانە بەبــێ ئاگادارکردنەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشــتمانیی کۆشکی سپی بووە، هەر ئەمەش وای کردووە بەرپرسانی ئەمنیی کۆشــکی ســپی بڕیار بدەن زاواکەی ترەمپ چیدی دەستی بە زانیارییە "زۆر نهێنییەکان" ڕانەگات.

هەر لەسەرەتاشەوە بەرپرسانی کۆشکی سپی هۆشدارییان دابوو کە دەشێت وڵاتانی جیهــان بێئەزموونــی و قەرزەکانــی کۆشــنەر بقۆزنــەوە بۆ ئەوەی پەرە بــە بەرژەوەندییەکانی خۆیــان لە واشــنتن بــدەن. ڕاپۆرتەکانی میدیای ئەمریکــی لەســەر زاری بەرپرســانی حکومــەت ئاشــکرای دەکەن کە زۆرجار بەرپرســانی وڵاتان داوایــان کــردووە ڕاســتەوخۆ و بــێ بەشــداری دیپلۆماتە بەئەزموونەکانی واشنتن لەگەڵ کۆشنەر دانوستاندن بکەن.

ترەمپ لــە لێدوانە میدیاییەکانیدا پشــتگیری لە "کارە باشــەکان"ی کۆشــنەر دەکات و پێیوایە مامەڵەیەکــی "نــاڕەوا"ی لەگەڵ دەکرێــت، بەڵام لــە کۆبوونــەوە تایبــەت و داخراوەکانــدا ڕەتــی نەکردووەتەوە کە پێی باشــترە کۆشــنەری زاوای و ئیڤانکای کچی واز لە پۆستی حکومی بهێنن و بگەڕێنەوە نیویۆرک و لەوێ خەریکی کاری خۆیان بن.

لە ماوەی چەند مانگــی ڕابردوودا جۆن کێلّی، ســەرۆکی دیوانی کۆشــکی ســپی و ژەنەراڵ ئێچ ئاڕ مەکمەســتەر، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی، لە هەوڵدا بوون بۆ ئەوەی "پاکانەی ئەمنــی" ســتافی کۆشــکی ســپی بەشــێوازێکی پرۆفیشناڵانەتر دابنرێت. هەموو ستافێکی کۆشکی ســپی پێش دەســتبەکاربوونی، پێویستی بەوەیە "پاکانەیەکــی ئەمنــی" بــکات، لەو پاکانەیەشــدا دەبێــت پەیوەندییــە دیپلۆماتیــک و بازرگانــی و سەربازییەکانی ڕابردووی خۆی بەوردی بخاتەڕوو.

هەرچــی پۆســتی بەرپرســێک باڵاتــر بێــت، مەرجەکانی نێو پاکانە ئەمنییەکەش سەختتر دەبن. کۆشنەر پێشتریش "پاکانەی ئەمنیی کاتی" هەبوو، بەڵام بەو پاکانە کاتییەوە دەستی بە زانیارییە زۆر نهێنییەکانی کۆشکی سپی ڕادەگەیشت. لە ماوەی یەک ســاڵی ڕابردوودا نووسینگەی لێپرسینەوەی فیدراڵــی (FBI) ڕازی نەبــووە پاکانــەی ئەمنیی بەردەوام بە کۆشنەر بدات.

کەســانی نزیک لە ترەمپ پێیانوایە دابەزاندنی متمانە بە کۆشنەر بەشێک لەو شەڕەیە کە کێلّی لــەدژی هەندێک لە داودەســتەی نزیک لە ترەمپ دەســتیپێکردووە. بەڵام بەرپرسە تەکنۆکراتەکان دەڵێن هەموو هەوڵی کێلّی بە هاوکاریی مەکمەستەر بۆ ئەوەیە کۆشــکی سپی ڕێکبخەنەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی (نیویۆرک تایمز) و (واشنتن پۆست)، خێزانــی ترەمپ گلەییان لە کێلّــی کردووە کە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ دۆســیەکەی کۆشــنەر نەکــردووە، بۆیەش زانیارییەکان دزەیان کردووەتە دەرەوەی کۆشکی سپی.

جارد کۆشنەر یەکێک لەو دەگمەن کەسانەیە کە لــە کاتی کەمپینی هەڵبژاردن لەگەڵ ترەمپ بوون و ئێســتا لە کۆشکی سپی ماونەتەوە، لە کاتێکدا لە ماوەی یەک ســاڵی ڕابــردوودا چەندین ئەندامی تیمەکــەی ترەمپ لــە کار لادراون یان دەســتیان لەکارکێشاوەتەوە.

ئەوە یەکەمجار نییە پاکانەی ئەمنیی کۆشنەر گومانی لەســەر دروســت ببێــت. ســاڵی ڕابردوو میدیــای ئەمریکــی ئاشــکرایان کرد کــە زاواکەی ترەمپ پێش دەســتبەکاربوونی ئیدارەی ترەمپ، پەیوەنــدی لەگەڵ دیپلۆماتە باڵاکانی ڕووســیا لە ئەمریــکا هەبووە و ئــەو زانیارییەشــی لە پاکانە ئەمنییەکــەی خۆیدا بــاس نەکــردووە. هەر بۆیە کۆشنەر تاوەکو ئێستاش یەکێکە لەو بەرپرسانەی ئیدارەی ترەمپ کە لە دۆســیەی دەستتێوەردانی ڕووسیا لە هەڵبژاردنی ئەمریکا لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی کە نەیویستووە نــاوی ئاشــکرا بکرێت، بە (واشــنتن پۆســت)ی ڕاگەیاندووە "هەندێک لە هاوکارانمان لە کۆشــکی سپی هەوڵ دەدەن ئەوەندەی بۆیان بکرێت لەگەڵ کۆشنەر گفتوگۆ نەکەن، چونکە نازانن ئاستی تێوەگلانی لە دۆســیەی دەستتێوەردانەکانی ڕووسیا چەندە".

یەکێک لە پۆستەکانی کۆشنەر لە کۆشکی سپی چاودێری و ئاراستەکردنی دانوستاندنی ئاشــتیی نێــوان ئیســرائیل و دەســەڵاتی فەلەســتینییە. ئــەم پۆســتە لەلایەکــەوە پەیوەندییەکی بەردەوامی لە نێوان کۆشنەر و بەرپرسانی زلهێزەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دروســتکردبوو، لەلایەکی دیکەشەوە وەهای دەخواســت بــە وردی ئــاگای لە سیاســەتە نهێنییەکانی کۆشکی سپی بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســت بێــت. بــە گوێــرەی ڕاپۆرتێکی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، تاوەکو ئێستا دیار نییە ئاخۆ کۆشــنەر دەتوانێت لەو ڕۆڵە دیپلۆماتیکەی بەردەوام بێت یان نا.

ژمارەیەک لە بەرپرسانی کۆشکی سپیش بــە (نیویــۆرک تایمز)یــان ڕاگەیانــدووە کە دڵنیا نین لەوەی چارەنووســی کۆشــنەر چ کاریگەرییەکــی لەســەر دەســەڵاتی ئیڤانکا ترەمپ یان مانەوەی لە ئۆفیسەکەی دادەنێت. ئیڤانکا، ڕاوێژکاری باڵای باوکیەتی و دەستی بە زانیارییە هەرە نهێنییەکانی نێو کۆشــکی ســپی ڕادەگات. پرســیارەکە ئەوەیــە دوای دابەزاندنی ئاستی پاکانەی ئەمنیی کۆشنەر پاکانەی ئەمنیی ئیڤانــکاش دادەبەزێت یان نا؟ هەرچەندە سەرۆکی دیوانی کۆشکی سپی جەختی لەوە کردووەتەوە کۆشنەر دەتوانێت لــە هەمــوو ئەرکەکانــی خــۆی بــەردەوام بێــت، کە دووانەکــەی دیکەیــان بریتییە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و مەکســیک و ڕێکخستنەوەی سیستەمی گرتووخانەکانی ئەمریکا.



# ـــەڵاتی نێوەڕاست

### ئێران.. دەستی درێژی سوپا لەنێو گیرفانی حکومەتدا

هاوشێوەی میسر، لە ئێرانیش سوپا دەستێکی باڵای لە ئابووریی وڵاتدا هەیە، ئەمەش گوشارێکی زۆری لەســەر گەشــەی ئابــووری دروســتکردووە، چونکــە ئاراســتەی بەکارهێنان و وەگەڕخســتنی ســەرچاوە داراییــەکان دەگــۆڕن. بەگوێــرەی ڕاپۆرتەکەی ســتراتفۆر، ئێران بەدەســت ڕاکردنی هێزی شارەزا و کارامەی خۆیەوە دەناڵێنێ، ئەمەش وای کــردووە نەتوانێــت بەرهەمی ئــەو خەرجییە زۆرەی بواری پەروەردە و پێگەیاندنی وڵاتەکەی لە کەرتی ئابووریدا ببینێتەوە.

### کەنداو.. مەترسییەکانی کەرتی گشتی لەسەر سامانی وڵاتان

وڵاتانــی کەنداو بەپێچەوانــەی وڵاتانی ناوچەی مەغریب بەدەست کەمیی سەرچاوە سروشتییەکانی داهاتەوە ناناڵێنن، وەکو ئێران و میسریش نین کە باڵێکی سەربازی ئابووری و سیاسەتە ئابوورییەکان بۆ مەبەستی خۆی بخاتەگەڕ. بەو حاڵەشەوە ڕێژەی بێکاریی گەنجان لە زۆربەی وڵاتانی کەنداو دەگاتە 30%. ناوەندە ئەمریکییەکە بەشێک لە کێشەکە بۆ بەرزیی مووچەی کەرتی گشتی و لاوازیی دامەزراوە پەروەردەییەکانــی وڵاتانی کەنــداو دەگەڕێنێتەوە چونکە نەیانتوانیوە ئەو شارەزاییە بە خوێندکاران بدەن کە کەرتی تایبەت پێویستی پێیەتی.

حکومەتەکانــی کەنــداو چەندیــن دەیــە بۆ بەهێزکردنی شوێنی خۆیان لە دەسەڵاتدا پشتیان بە سامانی نەوت و غاز بەستووە و کەرتی گشتییەکی بەهێزیان دروستکردووە. ئەم سیاسەتە لەلایەکەوە خەرجییەکی زۆری لەســەر دەســتی حکومەتەکان داناوە و لەلایەکی دیکەشــەوە هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی لەســەر بــازاڕی کار دانەنــاوە. بەهێزی و بەرزبوونــی مووچــەی کەرتی گشــتی وای کردووە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو وڵاتانە بە چاوی ســووک ســەیری دەرفەتەکانی کارکردن لە کەرتی تایبەت بکەن. دانیشتووانی ئەو وڵاتانە لە چەندین دەیەی ڕابردوودا لەســەر ئەوە ڕاهاتوون حکومەت بارگرانی گوزەرانیان لەســەر شــان سووک بکات، هەر ئەم مێژووەش حکومەتەکانی ناچارکردووە بۆ پاراستنی پەیمانی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی سیاسی هەنگاوی هێواش بهاوێژن.

### ڕەوشەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت

ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت و باکــووری ئەفریقــا هێشــتاش بەدەســت ئاســەوارەکانی بەهــاری عەرەبییــەوە دەناڵێنــن، حاڵــی حــازر پێدەچێت دانیشــتووانی ئەو ناوچەیــە مەیلێکی ئەوتۆیان بۆ بەهارێکــی دیکــەی عەرەبی نەبێت. بــەڵام ئەگەر دۆخی ئابــووری و بازاڕی کاری وڵاتانی (MENA) بەو شێوەیەی ئێستا بمێنێ، ئەوە خەڵک جارێکی دیکە سیســتەمی سیاســی و ئابووریــی وڵاتەکەی خۆیان دەبەنەوە ژێر پرســیار. ناوەندی ســتراتفۆر پێشــبینی دەکات ئەگەر چارەســەرێک بۆ بێکاری نەدۆزرێتــەوە، ئــەوە خۆپیشــاندان و پێکدادانــی ســەخت لە نێــوان خەڵک و حکومــەت و تەنانەت ڕاپەڕین، چاوەڕێی وڵاتانی ناوچەکە دەکات.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# کەرکووک لەبەردەم مەترسییەکی دیکەدا

ساڵی 2005 لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، پارێزگای کەرکووکیش هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامدرا، ئەوکات بەهۆی بایکۆتی بەشێک لە هێزە عەرەبیە سوننەکان و لە بەرانبەردا بەهۆی ئەو سۆز و حەماسەی کورد بۆ کەرکووک، بەشدارییەکی زۆر گەرموگوڕی کورد هەبوو، بە تایبەتیش بەهۆی ئەوەی کورد هەموو پێکەوە بە یەک لیست چوونە هەڵبژاردنەوە، بەشی هەرە زۆری کوردی کەرکووک بەوانەشەوە کە دەرفەتی گەڕانەوەیان بۆ شارەکە بۆ نەرەخسابوو، بەشداربوون و دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە بە قازانجی لیستی برایەتی کەوتەوە، لە کۆی 41 کورسی توانی 26 کورسی بهێنێ و عەرەب کە لەڕووی ژمارەوە پێکهاتەی دووەم بوون، تەنها 6 کورسییان دەستەبەرکرد و تورکمان بوونە خاوەنی 9 کورسی ئەنجوومەنەکە.

لەو کاتەوە پارێزگاکانی عێراق دوو هەڵبژاردنی تریان ئەنجامداوە و لەبەردەم خولێکی تری هەڵبژاردنی پارێزگاکاندان. بەڵام لە 2005 وە تورکمان و عەرەب ڕێگربوون لەوەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئەنجام بدرێت. لێرە شتێک جێگەی تێڕامانە، لە کاتێکدا زۆرینەی ئەنجوومەن بە دەستی کوردەوەیە، هەموو لایەکیشیان دەیانزانی ئەگەر هەڵبژاردن بکرایە کورد ئەو دەنگەی یەکەم هەڵبژاردنی بەدەست نەدەهێنایەوە، تورکمان و عەرەب ناڕازی بوون لەوەی ئەنجوومەنەکە بە قازانجی پرۆژەی کوردی کار بکات، ئەی پرسیار ئەوەیە بۆچی ڕێگەی هەڵبژاردنیان نەدەدا، کە دەشیانزانی کورد ناتوانێ زۆرینە بهێنێتەوە؟

عەرەب و تورکمان نەیاندەویست ئەو دەسەڵاتانەی لە یاسای تایبەت بە ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە ساڵی 2008 لە پەرلەمان دەرچوو بوو، بگوازرێتەوە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک. ئەوان لە دۆخێکدا ئامادەبوون ئەو دەسەڵاتانە بدرێتە کەرکووک، کە دڵنیایی ئەوەیان بەدەستهێنابێت خۆیان تیایدا دەبنە زۆرینە. بۆیە لە دوای 2005 ـەوە نوێنەری تورکمان و عەرەبی کەرکووک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کاتێ یاسای تایبەت بە ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەردەچوو، یاخود بڕیار لەسەر وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەدرا، ڕێگر دەبوون لە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکووک.

هەروەها بەهۆی ئەوەی ئەو ڕێوشوێنانەی لە یاسای تایبەت بە پێکهێنانی هەرێمەکان و ڕێکارە دەستوورییەکانی مادەی 140 دا هاتبوو، ترسی ئەوەیان هەبوو ئەنجوومەنی پارێزگا بە زۆرینەی دەنگ بڕیار لەسەر چارەنووسی کەرکووک بدات، بە جۆرێک کە پێچەوانەی ستراتیژی عەرەب و تورکمان بکەوێتەوە. بۆیە هەر لە سەرەتاوە بە پاساوی ئەوەی گوایا کورد لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستانەوە خەڵکیان هێناوە بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردن، کەوتنە لۆمەکردنی هەڵبژاردنەکە و گومان خستنە سەر ئەنجامەکانی، لە ماوەی ئەو 13 ساڵەشدا هەر بڕیارێکی ئەنجوومەن لە بەرژەوەندی خۆیان نەبووبێت، بە ناشەرعی لە قەڵەمیان داوە و بەغداش هەمیشە پشتیوانی لەوان کردووە.

ئەوەی ئێستا وەک مەترسییەکی دیکە ڕووبەڕووی کەرکووک دەبێتەوە، ئەوەیە کە نوێنەرانی کەرکووک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە 12 کەسن و تا ئەندازەیەک پەرلەمان ئەوانی سەرپشک کردبوو بۆ یەکلاکردنەوەی ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە کەرکووک، ڕێککەوتوون لە کۆتایی ساڵی 2018 لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی تری عێراق، ئەمجارە هەڵبژاردن لە کەرکووکیش بکرێت. جارێ ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە بەردەوام نوێنەرە عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک لە بەغدا کە لە ڕووی ژمارەوە لە نوێنەرە کوردەکانی کەرکووک کەمتر بوون، ئەوکاتانەی کە پێیان وابوو لە بەرژەوەندیان نییە، دەیانتوانی ڕێگربن لەوەی هەڵبژاردن لە کەرکووک بکرێت، بەڵام ئێستا کە هاوکێشەکان بەزیانی کوردن، دەتوانن ئیرادەی خۆیان فەرز بکەن و بڕیار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بدەن.

بڕیارەکە لە هەلومەرجێکدایە نەک هەر بە قازانجی کورد نییە، بەڵکوو ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ئێستادا و بەم دۆخەی کەرکووکەوە، دەبێتە خاڵی چەسپاندنی ئەنجامەکانی 16ی ئۆکتۆبەر. پرسیار ئەوەیە بۆچی نوێنەرە کوردەکانی کەرکووک کە 8 کەسی ئەو گرووپە 12 کەسییە پێکدێنن، نەیانتوانی ڕێگربن لەوەی لە دۆخێکی وەک ئێستای کەرکووکدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت. یاخود بۆچی تورکمان و عەرەب کە هەریەکەیان 2 نوێنەریان هەیە، دەتوانن ئەو مەرجەی خۆیان کە 13 ساڵە تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە، بچەسپێنن، کە تۆماری دەنگدەران پێداچوونەوەی تێدا بکرێت و مەبەستەکەشیان ڕوونە لەوەی پێیانوایە کورد خەڵکی دەرەوەی کەرکووکی بە کەرکووکی نووسیوە. بەڵام بۆ کوردیش ئەوەیان نەکردە مەرج کە ئەو داگیرکارییەی سەر کەرکووک هەڵبگیرێت و ئەو سەتان هەزار عەرەبەی بەپێی دەستووری عێراق مافی ژیانیان لە کەرکووک نەماوە، بڕۆنەوە، ئەوکات هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا بەڕێوەبچێت؟

ئێستا سەرباری ئەو داگیرکارییەی بەسەر کەرکووکدا سەپێندراوە لە ڕووی سەربازییەوە، لە ڕووی سیاسیشەوە تا ئەندازەیەک کورد کەرکووکی دۆڕاندووە، هەروەها بەهۆی کۆنترۆڵکردنەوەی کێڵگە نەوتیەکانی شارەکەش لەلایەن بەغداوە، کورد لە ڕووی ئابووریشەوە کەرکووکی دۆڕاندووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی ژمارەی کورسیەکانی کەرکووک لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق زۆرینەی کوردن و بەهۆی ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا زۆرینەی لیستی برایەتی پێکی دەهێنێ، دەتوانین بڵێین لە ڕووی یاساییەوە هێشتا لە کەرکووک دەرفەتی مناوەرە بۆ کورد ماوە.

ئێستا دوو مانگمان لە پێشە تا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و 9 مانگیش بۆ کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک. کورد چی پێدەکرێت و چۆن دەتوانێت مامەڵەیەکی ورد لەگەڵ ئەو مەترسی و پێشهاتانە بکات کە دێنە پێشی و ئەم نۆ مانگە دەتوانێت چۆن سوود لەو هێزە یاساییەی خۆی وەربگرێ کە بەدەستیەوە ماوە؟ دەبێت کورد ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە لە بەردەم دوو پرۆسەی هەڵبژاردنی چارەنووسسازدایە. هەمووان پێمانوایە نابێت کەرکووک بەم شێوەیە بمێنێتەوە، یان وەک دۆخێکی کاتی لە ئێستای کەرکووک دەڕوانین. بەڵام ئەم دوو هەڵبژاردنە واقیعی ئێستای کەرکووک لەڕووی شەرعیەتی یاساییەوە دەچەسپێنێ و ئەوەش ڕوویدات لە قۆناغی دواتردا، پارێزگاکانی تری هەرێمیش دەکەونە بەر مەترسی پاکتاوکردن. بۆیە دەبێت کورد پلانی وردی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم مەترسیانە.

بەڵام مەترسی گەورەی بەردەم کورد پێش دوژمنەکانی، کورد خۆیەتی. ئەوەی وادەکات پلانی نەیارانی سەرکەوێت، ناتەبایی ناوماڵی کوردستانە. بۆ داهاتووش ئەو مەترسیانەی دێنە سەرمان، بەشی زۆری بەهۆی پێکەوە نەبوونمانە. چونکە یەکنەبوونمان چەند لاوازمان دەکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرانبەرەکانمان، هێندەش دەرفەتی دەستوەردان و بەکاربردنمان بۆ نەیارەکانمان دەڕەخسێنێ. ئێستا سەرکردەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لەبەردەم بەرپرسیارێتی گەورەدان، مەسەلەی کورد لە ناوچەکە لەبەردەم هەڕەشەی زۆردایە، ئەرکی ئەوانە ئەم قۆناغە تێپەڕێنن و مەرجی سەرکەوتنیشمان پێکەوە بوونمانە. بەڵام ئەوەش ڕاستییەکی تاڵە کە هیچ کات کورد بە ئەندازەی ئێستا لێکترازاو نەبووە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# چی لە عێراق بکەین؟

لە ڕواڵەتدا کالاّیەکە شایانی ئەو بالاّیەیە، بەڵام بە کردەوە هەم تەنگە هەم درێوە. عێراق لە دروستبوونییەوە ئەوەی تێدا چەسپێندراوە کە دەبێ مافی "کوردەکانی ویلایەتی موسڵ"ی تێدا پارێزراوبێت، بەڵام وەک شەممەی ڕابردوو دەرکەوت، تەنانەت دەستوورێکی فیدراڵیی پڕ لە قسەی بریقەداریش ناتوانێ بیری شۆڤێنیی بەغدایی بەرامبەر کوردستان بگۆڕێ. دنیا ئەمە لە خۆمان باشتر دەزانێ، کەچی هەر ئامۆژگاریشمان دەکات کە "لەسەر بنەمای دەستوور" مافەکانمان وەرگرین. بەڵام دیارنییە گەرانتۆری جێبەجێکردنی دەستوور کێیە و شەریکە بچکۆلەکەی "عێراقی نوێ" چۆن دەتوانێ پارووە دزراوەکەی لە قوڕگی شەریکە گەورەکە دەربهێنێتەوە؟

لەو ڕۆژەوە کە عێراق دامەزراوە، لەسەر کاخەز مافی کوردی تێدا سەلمێنراوە. ئەوەی لە سەردەمی ئینتیداب و دواتر لە دەستوورە کاتییەکاندا و لە یاسای تایبەت بە ئۆتۆنۆمی و بەدواشیدا لە دەستووری هەمیشەیی و فیدراڵی دووپاتکراوەتەوە، ئەوەیە کە کورد و عەرەب شەریکە سەرەکییەکانی نیشتمانێکن ناوی عێراقە، بەڵام لە هیچ قۆناخێکدا ئەوەی عەرەب لەسەر کاخەز بۆ کورد پێی ڕازی بووە، بەکردەوە بۆی هەزم نەکراوە. بۆیە ئەوە درۆیەکی گەورەیە کە دەڵێن عەرەبە شیعەکان بۆیە ئێستا دژی هەرێمی کوردستانن، چونکە دەستوور لەسەردەمی بێدەسەڵاتیی ئەواندا نووسراوەتەوە و ئێستا دەیانەوێ ڕاستی بکەنەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە عەرەب بە شیعە و سوننەوە زانیویانە ئەوەی لەسەر کاخەز دەنووسرێ بۆ چاوبەستەکێیە و عیبرەت لە جێبەجێکردنیدایە، کە قەت ناکرێت.

ڕاستیتان دەوێ، ئەگەر بەڕاستی کرابووایە دەستوور جێبەجێ بکرێت، نموونەییترین چارەسەر بۆ کێشەی کورد لە باشوور بۆ ئەم قۆناخە فیدراڵی بوو. چونکە دەرکەوت جارێ لە هیچ بوارێکدا پشتبەخۆبەستوو نین و ناتوانین لەم قۆناخەدا لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستین. بەڵام ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە عەقڵییەتی عەرەبی عێراق، جا عرووبیی سوننە یان شیعە، ئیسلامی و مەزهەبگەرا یان عەلمانی بن، ناتوانن و بۆیان هەزم ناکرێ لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەدا نیشتمانێک بەش بکەن. خۆ ئەو عەرەبی شیعەیەی ئێستا لە عێراق لەسەر حوکمە، هێندەی ساڵانی شەست و حەفتای حیزبی بەعسی عەلمانیی سۆسیالیستیی دواتر سوننەی مەزهەبگەرا، بەڕاشکاوی دانی بە مافی کوردستاندا لەسەر کاخەز نەناوە، بەڵام هەمان ئەو بەعسەش ئەو کوردە خاوەن مافەی ئەنفال و کیمیاباران کرد. بۆیەش پێت سەیرنەبێ ڕۆژنامەڤانی بیانی لەسەر حەیدەر عەبادیی سەرکردەی عرووبیی شیعە ئەوە بگێڕنەوە کە کاتێک بەتەنیا لەگەڵی دانیشتوون، بەسەرسامییەوە باسی سەرکردایەتیی عرووبیی سەدام حوسێنی کردووە. ڕێچکەی ئاوەکان جیاوازن، بەڵام لە یەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن، کە بڕوانەبوونە بە شەریککردنی غەیرەعەرەب لە "نیشتمانی عەرەب"دا.

ئەو تێزەی لەنێو عەرەبە نەتەوەگەراکاندا بەگشتی لەبارەی "کەمینەکان"ەوە هەیە ئەوەیە کە "هێزە ئیستیعمارییەکان بەکاریان دەهێنن بۆ شکاندن و بچووککردنەوەی ئۆمەتی عەرەبی و ئیسلامی، بۆیە نابێ بەرامبەریان نەرمی بنوێنرێ و ڕێگەیان بدرێ پێ لە بەرەی خۆیان درێژتر بکەن". ئەوان لەمەشدا زۆرتر نموونە بە کورد دەهێننەوە کە گوایە ئینگلیز و سۆڤیەت و ئەمریکا و ئیسرائیل لە قۆناخی جیاجیادا لەدژی عەرەب بەکاریانهێناون. هەر هەمان بیرکردنەوەشە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە کورد خەریکی دروستکردنی ئیسرائیلی دووەمن. بانگەشەکە کڕیاری هەیە و شەقامێکی جۆشدراو بە بیری شۆڤێنی هەیە کە بڕوای پێدەکات!

هەندێک کەس دەڵێن ئەوەی وادەکات قەت کورد نەبێتە شەریکی ڕاستەقینە لە عێراقدا و فیدراڵی جێبەجێ نەکرێت، ئەو کاریگەرییەیە کە تورکیا و ئێران لەسەر بەغدا هەیانە. ئەمە ڕەنگە بەشێکی ڕاست بێت، بەڵام هەمووی نا. بۆنموونە ئێران بەپێچەوانەی تورکیاوە ترسی زۆری لە دەستەواژەی فیدراڵی هەیە و وەک کۆنسێپتێک بۆ لاوازکردن و پارچە پارچەکردنی خۆی دەیبینێ، بەڵام تورکیای سەردەمی ئاکەپە، کە بەئاشکرا خەونی گەڕانەوە بۆ سیستمی عوسمانی دەبینێ، دەزانێ ئەو سیستمی فیدراڵییەی لە سەردەمی عوسمانیدا هەبووە، لە زۆر سیستمی فیدراڵیی دیکە کە ئێستا لە دنیادا هەن، فراوانتر و کراوەتر بووە. هەم لە حەفتاکان و هەم لە هەشتاکانیشدا ئەنقەرە گوشاری زۆر گەورەی دروستکرد بۆئەوەی بەغدا و جووڵانەوەکانی باشووری کوردستان نەگەنە ڕێککەوتن، بەڵام لە ساڵانی ڕابردوودا ئەنقەرە زۆرتر لە تاران لە قەوارە فیدراڵییەکەی کوردستان هاتەپێشەوە و تەنانەت دوای گشتپرسیش نەرمتر بوو لەگەڵی. کەواتە ئەگەر سەرکردە شیعە عەرەبە دەسەڵاتدارەکانی بەغدا پاساوی بنپێکردنی دەستوور و جێبەجێنەکردنی سیستمی فیدراڵی یان بەقەولی خۆیان "ئیتیحادی"یان بەوە هێنایەوە کە وڵاتانی دراوسێ گوشار دەکەن، بزانن کە درۆ دەکەن و ئەوەی دەیڵێن بۆ شاردنەوەی بیرکردنەوەی ڕاستەقینەی خۆیانە کە تەنانەت نایانەوێ بزانن مانای وشەی ئیتیحادیش چییە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەداخەوە بژارەکانی کوردستان زۆر نین و جارێ، تا ماوەیەکی دیکە و دەرفەتێکی گونجاو، دەبێ دەستوپەنجە لەگەڵ ئەو شەریکە زۆردارەی لە عێراقی بەناو فیدراڵیدا نەرم بکات. بەڵام نابێ وەک ڕەجەب لەژێر دارەکە دانیشێ و چاوەڕوانی بەربوونەوەی هەنجیرەکە بکات. لەسەر ئەوەی کە دەبێ چی بکەین زۆرمان گوتووە و هەموومان دەیزانین، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەر دەیڵێین و هیچ ناکەین!



پۆڵ دەیڤیس*

# چاوشارکێی داعشی ژمارە دوو

ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ گۆڕانکاریی گەورە لە عێراقدا دەکەن و لەپاڵ ئەمەدا دەشێت پەیوەندییەکانی ئەمریکا و عێراقیش گۆڕانکاریی وەهایان تێدا ڕووبدات کە شایانی وردبوونەوەن. هەندێک لە ڕاپۆرتەکان وای دەردەخەن کە یەکەکانی سوپای عێراق خەریکن بنکەکانی خۆیان لە کەرکووک و دیالە چۆڵ دەکەن، بەمەش ئاسایشی ناوچەکە دەکەوێتەوە بەر مەترسی. هەندێک ڕاپۆرتی پشتڕاستنەکراوەش دەڵێن ئەمریکا بیر لەوە دەکاتەوە هێزەکانی خۆی لە بنکەی ئاسمانیی ئینجەرلیکەوە بۆ هەولێر بگوازێتەوە.

جیا لەمە ڕاپۆرتە پشتڕاستنەکراوەکانی دیکە باس لەوە دەکەن کە برێت مەکگۆرک، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، لە کارەکەی لادەدرێت و پۆستەکەی بەتەواوەتی هەڵدەوەشێنرێتەوە، ئەمەش دەکرێت ئاڵۆزییەکی زیاتر بۆ پەیوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دروستبکات. هەموو ئەمانە پێش هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق دێن، کە تێیدا یان سەرۆکوەزیرانێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت، یانیش حەیدەر عەبادی جارێکی دیکە پۆستەکە وەردەگرێتەوە.

کاتێک هێزە عێراقییەکان کەرکووکیان کۆنترۆڵ کرد، بە هۆی دەرچوونی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە ئاستی توندوتیژی تایفی بەرزبووەوە، لە کاتێکدا ئەو ناوچەیە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام ژمارەیەکی زۆر کەم ڕووداوی ئەمنی بە خۆیەوە بینیبوو.

بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی کە بەهۆی هێزەکانی حەشدی شەعبی نزیک لە ئێران هاتووەتە ئاراوە، نەک هەر ناکۆکی نێوان هەولێر و بەغدای گەورەتر کردووە، بەڵکو ململانێی نێوان شیعە و سوننەشی زیاترکردووە. بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێی عەرەبی سوننە و شیعە گرنگە، لەبەر ئەوەی هەر ئەمەش بوو ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی داعش خۆشکرد. ئێستاش وادیارە داعش خەریکە دەگەڕێتەوە، دووریش نییە تەکتیکەکەی جارانی قاعیدە بەکاربهێنێت، واتە هێرشی یەکە بچووکەکان و پەلاماری لەناکاو.

هەرچەندە تاکتیکەکانی داعش گۆڕاون، بەڵام پێدەچێت دەرکەوتنەوەی ئەو گرووپە لە کەرکووک و دیالە بەس بێت بۆ ئەوەی سوپای عێراق جارێکی دیکە ڕابکەن. تاوەکو ئێستا دیار نییە ئاستی کشانەوەی سوپای عێراق چەندەیە.

ڕووسیا دەشێت گومانلێکراوی سەرەکی بێت نەک هەر لە تێکچوونی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا، بەڵکو لە دروستبوونی ناکۆکی نێوان ئەمریکا و عێراقیش، چونکە ڕووسیا زیاترین قازانجی لەمە دەستدەکەوێت. هەڵبەت عێراق خۆیشی دەکرێت یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو ناکۆکییە بێت، چونکە لە ژێر ڕێنمایی ئێراندا پەرە بە گوتارێکی دژە-ئەمریکایی دەدات، تورکیاش بەهەمانشێوە درێژە بە هاتوهاوارە دژە-ئەمریکییەکەی خۆی دەدات.

ڕێی تێناچێت ئەمریکا دەست لە بنکە سەربازییەکەی لە تورکیا هەڵبگرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا جووڵەپێکردنی هێزە ئەمریکییەکان بۆ قووڵایی خاکی کوردستان خاڵێکە زۆر پێشنیار دەکرێت. ئەگەر برێت مەکگۆرک لە کارلابدرێت، ئەوە دەکرێت کێشەیەکی سەرەکی لە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا لابدرێ، پەیامێکیشە بۆ هەرێم کە کاروبارەکان وەکوو پێشتر بەڕێوە ناچن.

هەڵوێستەکانی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا پێشبینی ناکرێن، بەڵام هەر ئەم ئیدارەیە پیشانی داوە کە هەرکاتێک بڕیارەکان دران، بە خێرایی جێبەجێکراون. حاڵی حازر چاوەڕێی یەکێک لەو سێ بڕیارە دەکرێت: یەکەم هیچ شتێک لە سیاسەتی ئەمریکا ناگۆڕێت. دووەم، واشنتن لە هەولێر نزیک دەبێتەوە و لە بەغدا دووردەکەوێتەوە. سێیەم، ئەمریکا بە تەواوەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پشتگوێ دەخات.

لەسەرووی هەموو ئەمانەوە هەڵبژاردنی گشتیی عێراق دێت، کە تێیدا ژمارەی ئەو سیناریۆیانەی کورد قازانجیان لێبکات کەمن. دوو کاندید لەسەرەوەی لیستی پێشبینییەکانی سەرکەوتنن، یەکێکیان نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقە و ئەوەی دیکەیان هادی عامری، سەرکردەی ڕێکخراوی بەدرە. هەردوو سەرکردەکە دژە-ئەمریکی و لایەنگری ئێرانن. ڕەنگە عامری زیاتر بتوانێت مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی کورددا بکات، بەڵام هەرکام لەو دووە سەربکەون، پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و تاران بەهێزتر دەکەن کە لە کۆتاییدا لەگەڵ ئامانجی ڕۆژئاواییەکان بۆ چەسپاندنی عێراقێکی یەکگرتوو ناگونجێت.

ناوچەکە خەریکە گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت و ناسەقامگیری بووەتە نۆرم. ئەمەش دەشێت دۆخێکی مەترسیداری بەردەوامی لێبکەوێتەوە. لە عێراق سوپایەکی یەکگرتوو لەئارادا نییە، پێشتر سوپا لە عەرەبی سوننە، کورد و شیعە پێکدەهات، ئێستا تەنیا شیعەی تێدایە. ئەوەشی کە دۆخەکە خراپتر دەکات دەسەڵاتی میلیشیا شیعەکانە، کە خەریکە ڕێگە بۆ سەرهەڵدانەوەی داعشی ژمارە دوو خۆشدەکات. ئەمریکا و ڕۆژئاوا نفوزی خۆیان لە ناوچەکە لەدەستداوە، ئەم ڕەوشەش لەدوای هەڵبژاردنەکان خراپتر دەبێت.

لە دۆخێکی ئاوادا ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەبێت بیر لە ڕێچکەیەکی نوێ بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت پێش هەموو شتێک لە کاریگەرییەکانی ئەو شەپۆلە دژە-ڕۆژئاواییە لە ناوچەکە تێبگەن.

جیا لەمەش تورکیا سوپایەکی بەهێزی هەیە کە بە هۆی هەوڵی کودێتاکەوە فەرماندەییەکەی لاواز بووە، سووریا چەکی کیمیایی هەیە و سەلماندوویەتی لەبەکارهێنانی سڵ ناکاتەوە، ئێرانیش دەشێت دەست بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بکاتەوە، لەو نێوانەشدا ئیسرائیل هەیە کە هێزێکی ئەتۆمییە.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم ڕەوتەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەوە دەرچووە بوەستێنرێت؟ نەخێر. بەڵام بۆ وەستاندنی ئەو ڕەوتە ڕۆژئاوا پێویستە ڕۆڵێکی ئەکتیڤتر بگێڕێت و بە دوای ئاکامی باوەڕپێکراوتر و کرداریتردا بگەڕێت.

دەبێت لەوە تێبگەین کە هەنگاوی وەکوو کوردستانی ئازاد و سەربەخۆ یان دابەشبوونی سووریا هۆکاری تێکدانی دۆخەکە نین، بەڵکو دەریچەیەکە بۆ ئەوەی ئەو گوشارە زۆرەی دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرببێت. هەرکاتێک گوشاری زۆر دەریچەیەکی لەو جۆرەی دەستکەوت، ئەوە دەکرێت بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین.

***پۆڵ دەیڤیس خانەنشینێکی بەشی هەواڵگری سوپای ئەمریکا و راوێژکاری دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکایە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتیش شارەزای کاروباری کوردە. ئێستاش سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی (JANUS)ە لە واشنتن.**



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بارزانی بۆچی گوتی ئەو کەسە نیم؟

**1**

ئەگەرچی سەرۆک بارزانی وای دانابوو کە هەر دوای ئەنجامدانی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان، دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێت، بەڵام مردنی جەلال تاڵەبانی یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە ئەو کارە نەکات. ئەوەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تاڵەبانی پێش گشتپرسی مردبوو! بەڵام ڕانەگەیەندرابوو. ئینجا بە ڕازینەبوونی بە درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتییەکەی (هەرچەندە پێش ئەوەش لە بەلاغ و ڕاگەیەندراوەکانیدا دەستەواژەی سەرۆکی هەرێمی بەکار نەدەهێنا) وەک پێشەوا قازی محەممەد لە پێناوی پاراستنی میللەتەکەی چووە بەر پەتی سێدارەی سیاسی، بەڵام دڵنیا بوو لەوەی کە سەرکردایەتی گەورەترین هەنگاوی بەدەوڵەتبوونی کوردی کردووە. ئەگەر شەڕی بارزانی بۆ مانەوەی بایە لە کورسیی دەسەڵات، (وەکو ئەوانەی پێش گشتپرسی ئەو ئیدیعایەیان دەکرد) بژارەکانی بارزانی لە نێوان ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و لە بەرامبەریشدا پاشگەزبوونەوە و حوکمڕانی تا کۆتایی تەمەن فەراهەم بوو.

تا لە نزیکەوە جەنابی سەرۆک بارزانی نەبینی و گوێی لێنەگری، ڕەنگبێ قەت قووڵایی ئەو کارەساتە نەبینی کە لە ئەنجامی خیانەتی 16 ئۆکتۆبەردا، شکۆی میللەتێک وا بە ئاسانی تەسلیمی قەدەر کرا. قەت لەوەش تێنەگەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چەند زاڵمانە و لەپێناوی بەرژەوەندیدا، مامەڵەی لەگەڵ سەرەتاییترین بنچینەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیدا کرد.

کاتێک سەرۆک بارزانی لە دوایین میتینگی جەماوەری لە هەولێر گوتی "من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم"، پشتی پەردەی ئەو قسەیە، ئەو بەڵێنانە بوو کە لە پای پاشگەزبوونەوەی ئەو لە بڕیاری ڕیفراندۆم (وەک بنچینەی دیموکراسی!) پێی درابوو؛ لە ئەگەری ڕازیبوونی بە پێشنیازی پاشگەزبوونەوە. سەرۆک بارزانی لە کۆشکی سپی لەلایەن ترەمپەوە پێشوازیی لێدەکرا و لەوێ ڕادەگەیەندرا کە گشتپرسی دواخراوە، ئێران و تورکیاش هەمان پێشنیازی ڕاخستنی فەرشی سووریان بۆی هەبوو (بۆ ئەوەی بارزانی ئیحراج نەبێت!). ئینجا بەیاننامەیەک لەو وڵاتانەوە دەردەچوو کە پشتیوانی لە مانەوەی سەرۆک بارزانی دەکەن بۆ قۆناغی دانوستاندن لەگەڵ بەغدا! بەڵام بارزانی ئەوەی نەکرد.

دەشێ ڕەخنە لەسەر تەوقیتی ئەنجامدانی گشتپرسی هەبێ، بەڵام کێ دەیتوانی زەمانەتی ئەوە بکات کە ئەوەی ئێستا بەسەر کوردستاندا هاتووە، قۆناغ بە قۆناغ ڕووی نەدەدا؟ ئایا دوای حەویجە، سوپا و حەشدی شیعی ڕوویان بەرەو کەرکووک وەرنەدەسووڕاند؟ ئایا هەمان ئەوانەی جەلەولا و سەعدیەیان تەسلیمی حەشد کرد، لە 16ی مانگێکی جگە لە ئۆکتۆبەر، وەک ئێستا کەرکووکیان تەسلیم نەدەکرد؟

## دەرفەت بە نێچیرڤان بارزانی بدەن

**2**

هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی بۆ نیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی پێشێلکارییە دەستوورییەکانی سەرانی مەزهەبیی بەغدا بەردەوامە. ڕەنگبێ کەسانێک وا بیر بکەنەوە کە ئەو هەوڵێستانە تەنازول و ملکەچبوونە بۆ بەغدا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر عەبادی بەڵێنی بەتاڵی بەخەڵک دابێت، نێچیرڤان بارزانیش لە دەرەوەی دەستوور، هیچ شتێکی ڕادەستی بەغدا نەکردووە. هەر بۆیەشە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ماهییەتی ئەو بەغدایەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە خۆی وەک فریادڕەس نیشان دەدا، هاوکات کوردستانیان ئیمانیان بەوە پتەو دەبێ کە بەشدارییان لە گشتپرسی و دەنگدانیان بە بەڵێ چەند ڕاست و درووست بووە؛ چونکە دەرکەوت دەستوور تەنها مەرەکەبی سەر کاغەزە. وەکو مینیۆی چێشتخانە وایە کە بەغدا بە کەیفی خۆی ماددەی لێ هەڵدەبژێرێت.

ئەرکی نێچیرڤان بارزانی تەنها بریتی نییە لە ڕزگارکردنی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی، بگرە پاراستنی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی و، بەرگریکردنە لەو ڕوئیا ستراتیژییەی کە بۆ ئایندەی کوردستانی هەیە. ڕاستە زۆربەی هەنگاوەکانی بەغدا بەرامبەر کوردستان قابیلی قەبووڵ نین، بەڵام وەک فارس دەڵێن "کە باڵندەی زیرەک کەوتە داوەوە، دەبێ تەحەمولی هەبێ" و، پەلەقاژەی حیساب بۆ نەکراو هێندەی دیکە گرفتاری دەکات. بەردەوامیی ئەو سیاسەتە کە لە یەک کاتدا، بەشێوەی تەریب، دووپاتکردنەوەی پابەندبوون بە دەستوور و ڕەتکردنەوەی ئەمری واقیعی نادەستوورییە، بەغدای لای کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سووک کردووە، بۆیە ئێستا کە ئابڵۆقە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی سەر کوردستان شکێندراون و هێشتا ناوماڵی کورد هیچ پێشڤەچوونێکی لەچاو پێش 16ی ئۆکتۆبەر پێوە دیار نییە، هەر سەرکێشییەکی بێ بەرنامە کارەساتی لێدەکەوێتەوە. بەتایبەتیش کە هێشتا نیوەی ئەو میللەتە وا دەزانێ سەد ساڵ خەباتی نەتەوەیی تەنها لە پێناوی مووچە بووە!

## نوێژە کۆنگرە!

**3**

پێنج ساڵی ڕەبەق، ماڵباتی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد سیاسەتیان بە جەستەی نەخۆش و پەککەوتووی تاڵەبانی کرد. سەیر ئەوە بوو کە دوای مردنی (یان مراندنی) وەک لینین مۆمیایان نەکرد! ڕەنگبێ حیسابیان بۆ نەریتە ئاینییەکان کردبێ، دەنا ئەوەشیان لەدەست دەهات. ئێستا کە دەزانن وا بە ئاسانی قسە و ڕاسپاردەکانیان بۆ بەستنی کۆنگرەی یەکێتی ناچێتە سەر و (چەپکە گوڵ)ەکانی مامیان دەمێکە بەئاودا داوە، جگە لەوەی پەنا بۆ نمایشی سەربازی و عەرزی عەزەڵات دەبەن، وێستگەیەکیشیان بووەتە مەزاری تاڵەبانی لە دەباشان و حازر نین لەناو گۆڕیش واز لە تاڵەبانی بێنن.

دوور نییە وەک چۆن خەڵک لەکاتی وشکەساڵیدا، پەنا بۆ بووکە بەبارانە و نوێژە بارانە دەبەن، ئاواش ماڵی تاڵەبانی و برایم ئەحمەد، لەسەر مەزاری تاڵەبانی (نوێژە کۆنگرە) بکەن. بەڵام پێناچێ ئەو نوێژانەیان قەبوڵ بێت، چونکە تاڵەبانی قەت خیلافاتی حزبەکەی نەدەبردە ناو کۆنگرە، لە دەرەوە چارەسەری دەکردن و لەناو کۆنگرە چارەسەرەکانی ڕادەگەیاند. ڕێگای دیکەش کودەتایە!



چۆلی فایەق

# هەولێر و سلێمانی لە ڕۆخی مەرگدا

لە شارە دێرینەکانی دنیادا، گۆشەیەک هەیە، بە یادگەی شار (City memory) دەناسرێ، کتومت وەکوو خۆیان، پارێزییان لێ دەکرێت. هەر شتێک بکەوێتە نێو خانەی یادگەی شارەوە، خۆ ئەگەر لا-دیوارێکیش بێت، بە ئامانجی پاراستن و مانەوەی، هەموو ئامرازەکان بەکار دەهێنرێن. هەولێر و سلێمانی، لەو شارانەی دنیایەن کە خاوەنی یادگەی شارن. هەولێر جگە لە [قەڵات و منارە] کەی، خاوەنی گەڕەکە کەلەپوورییەکانی [خانەقا، تەعجیل، سەعدووناوە، عارەبان] و دەیان گرد و گۆڕستانی دێرینە. ئەگەر قەڵات هەزاران ساڵ تەمەنیەتی، ئەم شوێنانەی دیکەش، مێژوویان لە هەزار ساڵ نزیک دەبێتەوە، چیرۆکی شارستانیەکت بۆ دەگێڕنەوە. سلێمانی خاوەن گەڕەکە کەلتوورییەکانی وەک مەڵکەندی و قەزازەکان و ئەوانی ترە، نێزیکی سەت خانوو لەو خانووانەی کە لە دروستکراوی (گوڵ محەممەدی سنە)ن، دەکەونە نێو یادگەی شارەوە.

بەگوێرەی دوایین بەدوواداچوون، بەشێکی قەڵات لەژێر هەڕەشەی داڕمانە. گەڕەکەکانی خانەقا، تەعجیل و عارەبان، دوای ئەوەی بە خەڵکیان چۆڵ کرد و ڕادەستی (UNESCO) کران، ماڵوێرانی ڕووی تێکردن و ڕووە و خاپوور بوون دەچن، کە دەیان دیزاینی زۆر جیاواز و تایبەتمەندی تەلارسازی و چەندان شوێنی دێرینی دینیی موسڵمان و یەهوودی و ئەوانی دیکەشیان تێدان. گەڕەکە کۆن و شوێنە دێرینەکانی سلێمانی، خاوەنی 106 خانوو و تەلاری کەلەپوورین، کەچی 17یان کران بە موڵکی گشتی و لەم حەڤدەیەش تەنیا چواریان نۆژەن کرانەوە.

سێ ساڵە هاوارمانە، تکایە گەڕەکە دێرینەکانی هەولێر و خانووە کەلەپوورییەکانی سلێمانی بپارێزن، کەچی نە بایە نە باران، کەس ئاوڕیان لێ نەداتەوە. دەستەڵات بە بەهانەی نەبوونی بودجە، پشتی تێکردوون، سەرمایەداری چاوچنۆکی کوردیش، بە مەبەستی ڕووخاندن و کردنیان بە گەراجی ئۆتۆمبێل و کۆگەی شتومەک و باڵاخانەی بازرگانی، دەیانکرێتەوە.

ئەوەی بەرانبەر شوێنە کەلەپوورییەکانی هەولێر و سلێمانی دەکرێت، قەڵاچۆکردن، سڕینە و لەنێوبردنە. ئەو شارانەی خاوەن یادگەی شارن، بەو خەسڵەتە جیا دەکرێنەوە کە بێ گەڕانەوە بۆ کتێب و ڕیوایەتە مێژووییەکان، لەڕێی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ و دیتن، مێژوو و کەلەپووری شارەکە دەزانیت، یەک دەلاقە و دەرگە، بۆ سەتان ساڵ لەمەوبەرت دەگەڕێننەوە. یەک کۆڵانی دێرین، چەندان حیکایەتی دێرینت بۆ دەگێڕنەوە.

ئیدی بە هۆی بێباکی و بێ ماریفەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەبەنگیی سەرمایەداران، هەولێر و سلێمانی لە ڕۆخی مەرگن و وەها بچێتە دووێ، یادگەی ئەم دوو شارە دەمرن و دوو شاری دیکە لەنێویان سەر قیت دەکەنەوە، دوو شاری نوێی بێ یادگە و یادەوەری!

نووسەر و تیۆلۆژیست میرسا ئەلیادە (Mircea Eliade)ی ئیتاڵیایی، بۆ ئەو بابەتەی لەمەڕ خۆمانەوە، لەبارەی یادگەی شارەوە دەنووسێت:

"موقەدەس دەشێت لە دار و دیوار، خۆی دیارخات و تەجەلای هەبێت، کە ئەمەیان بۆ مرۆڤی مۆدێرن، بۆی هەیە ماقووڵ نەبێت و دەرک بە ئەدگاری موقەدەسانە نەکات. دیدی قودسیانە بۆ دار و دیوار، پەیوەستی بە پیرۆزکردن و بانباڵایی خودی دار و بەردەکەوە نییە، هیچ کاتێک، دار و دیواری موقەدەس بەپێی سیفەتەکانیان، نەپەرستراون. ئەوێندەر، تەنیا گۆشەی دەرکەوتن و تەجەلای چیرۆکی قودسیانە بوون. بۆ ئەو کەسەی ئەزموون و چیرۆکی وجوودی هەیە، سرووشت، بە تایبەتمەندیی قەداسەتی گەردای، ئەگەری تەجەلا و کەشفی هەیە، گەردوون بە گشتی، بۆی هەیە ببێتە تەجەلایەکی قودسییانە. مرۆڤی مۆدێرن کە چیرۆکی قودسیانەی لە دونیای خۆی داماڵیوە، بە سرووشتی حاڵ، بەبێ ویستی خۆیشی بێت، تووشی چیرۆکی قودسیانە دەبێتەوە. گۆشەی سرووشتیی (شوێنی لەدایکبوون) .. گۆشەی (یەکەم دیداری خۆشەویستی) .. شەقام و کۆڵان و گۆشەیەک لە یەکەم شاری دەرەوە کە لە گەنجیی سەردانی کردووە... هەموو ئەم شوێنانە، لە زەینی مرۆڤدا - جا سەر بە هەر نەریتێکی بیرکردنەوە و ترادسیۆنێکی دینی و فەرهەنگێکی ئیدۆلۆژیی بێت - بە جۆرێک لە پیرۆزیی، دەچەقێنرێن. لێرەوە "سرووشت" ماڵە گەورەکەی گشت ئەم یادەوەری و یەکەمین بەرکەوتنەکانە، بەمەش پیرۆزیی سرووشت هەموو ئادەمزاد قەرزدار دەکاتەوە و هەردەم چیرۆکی خۆیان بیردەخاتەوە" ..

دیدەکەی ئەلیادە بۆ ئەوە پەلکێشم دەکات، بیر لە عەوداڵی و مەراقی مرۆڤی نوێ بۆ یادگەی شار بکەمەوە. مۆدێرنێتێ چونکە دابڕان (قەتیعە)یەکی ڕیشەیی چێکرد، مرۆڤی ئەم سەردەمە، لەباری خەیاڵەوە، هەردەم تینووی قومە ئاوێکی یادەوەری و حیکایەتە کۆنەکانە. ئەوەی مایەی لەسەر وەستانە، مرۆڤی کورد ئەم حیکایەتەی لەبەردەستە کە ئەوانی تر بەدوویدا وێڵن، کەچی توڕی هەڵدەدات و نایخوێنێتەوە و بۆ ئەوانی دیکەی ناڵێتەوە!

ئەگەر تاکی ئێمە هۆشیاری هەبووایە، ئەم بابەتە لە سەتان بابەتی دیکەی پووچ لەپێشتر بوو تا هەڵای لەسەر دروست بکەن و بەردەم بارەگای لایەنە پێوەندیدارەکانی بۆ بگرن. ئەگەر خوێندەوارانی ئێمە زڕڕۆشنبیر نەبووان، ئێستە بەشێکی باشی نووسین و دەرکەوتنەکانیان بۆ ئەم پرسە تەرخان دەکرد و بە بەهانەی [بواری من نییە] خۆیان کڕ نەدەکرد. ئەگەر زانکۆش زانکۆ بووایە لەو هەرێمە، هەنووکە زانکۆی سەلاحەدین و سلێمانی، بۆ ئەم باسە، حەشریان بەرپا دەکرد و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە هانای ئەو بابەتەوە دەهاتن. یادگەی شار هیی هەمووانە، هیی هەموو ئایین و مەزهەبەکان، هیی خوێندەوار و نەخوێندەوار، سیاسی و سادە، هونەرمەند و نووسەر، ژن و پیاوە... مردنی ئەو، مردنی هەمووانە. من ئەو باسەم بە سۆزەوە وەرنەگرتووە، نا، دەمەوێت ڕێکارێکی عەقڵانی لەگەڵ جێبەجێ بکرێت. ئەو شوێنانەی کەلەپوور نین و ڕێگرن لە بەرەوپێشەوەچوونی شار، هیچ جێی گلەیی نین بڕووخێنرێن، وەلێ ئەو شوێنانەی کە گشت لایەکی پێوەندیدار کۆکن لەسەر ئەوەی کەلەپوور و شوێنەوارن، تاوانێکی گەورە و هەڵسوکەوتێکی چەتەییانەیە، دەستی ڕماندنیان بۆ درێژ بکرێت.

هیچ گەلێکم نەدی، لە کورد خراپتر بێت لەبەرانبەر یادگەی شار و خاڵی بێت لە هۆشیاریی شوێنەوارپارێزی.

هەزار داخ و ئەفسووس!



مەجید نیزامەدین گلی*

دیپلۆماسی

بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# ئەوەی ئێران لێی دەترسێ، ڕوودەدات؟

باڵیۆزی ئێران داوای لە عەبادی کردووە کە ئیتر بەسە و دەبێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگاتە ڕێککەوتن. کاتێک پێش 10 ڕۆژ بەرپرسێکی باڵا ئەمەی پێگوتم، من بەگومان بووم و لە وەڵامدا گوتم کە تاران زۆربەی جاران لە عێراق پەیام و هەڵوێستی ڕاستی خۆی لە ڕێگای دیپلۆماتکارانەوە ئاراستەی بەرپرسانی عێراق ناکات، ئەگەر لە کۆبوونەوەیەکدا باڵیۆزی ئێران ئەم قسەیەی بە عەبادیش گوتبێت، لەوانەیە جددی نەبێت و مەبەستەکەی ئەوە بێت کە ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان بگەنە ئەو باوەڕەی ئێرانیش هاوهەڵوێستە لەگەڵیان. بەڵام ئەو بە دڵنیاییەوە لە وەڵامدا گوتی، ئێستا ئێرانییەکانیش ترسی ئەوەیان هەیە کە زیاتربوونی گوشارەکان لەسەر هەرێمی کوردستان دۆخەکە بباتە "ئاستێکی مەترسیدار".

دیار نییە تا چەندێک ئەمە بۆچوونی بڕیاربەدەستانی ئێرانە یاخود تا چەندێک ئەم دۆخەی ئێستا بە مەترسی دەبینن، بەڵام ئەمەی عەبادی بەرامبەر بە کورد دەیکات، دەکرێت ببێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ ئێران. گەورەترین مەترسی بۆ باڵادەستیی ئێران لە عێراق بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتیە لە عێراق. ئەوەی عەبادی بەرامبەر بە کورد دەیکات، ئینتیمای نەتەوەیی کورد و هەستی نەفرین لە نێوياندا بەرامبەر بە دەوڵەتی عێراق، بەهێزتر دەکات و تەنیا سەرکردەیەکیان پێویستە کە سوود لەم دەرفەتە وەرگرێت و ئەم خەڵکە تووڕەیە لە خۆی کۆبکاتەوە. لەبەرامبەردا ئەو دەنگدانەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بۆ پرۆژەی بودجە لە پەرلەمانی عێراق، نموونەیەکی دیاری هاوهەڵوێستیی سوننە و شیعەی عەرەبی بوو لە دژی کورد.

ئەمە لە بەرژەوەندیی عەبادییە، بەڵام لە درێژماوەدا بە زیانی تارانە. عەبادی ناتوانێت تەنیا بە گوتاری تائیفی لە ڕکابەرەکانی بباتەوە. لەکاتێکدا دڵنیا نییە لە پشتگیریی ئێران، ئەو تاوەکو ئێستا بژارەی یەکەمی ئەمریکا و هێزە ڕۆژئاواییەکان و نەتەوەیەکگرتووەکانە. ئەمە زانیارییە نەک بۆچوون. بەڵام پەیامی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش بۆ عەبادی ڕوونە: دەبێت لەم هەڵبژاردنەدا دەنگی باش بهێنێ، چونکە وەکو 2014 ئەمریکا ناتوانێت بە بیانووی کەوتنی موسڵ، ئێران ڕازی بکات کە مالیکی یان کەسی براوەی هەڵبژاردنەکان پەراوێز بخرێت و عەبادی ببێتەوە سەرۆک وەزیران.

بەهەرحاڵ، با لێرەدا "مەترسی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی" ڕوون بکەمەوە. ئەمە مانای ئەوە نییە نەجەفییەک و تکریتیەک ڕق و کینە تائیفییەکانیان بەرامبەر یەکدی لەبیردەکەن، بەڵام مەترسییەکە بۆ تاران ئەوەیە کە زۆربەی سوننە و شیعە بەهۆی هەستی دژ بە غەیرە عەرەب بڕیار بدەن دەنگ بە کێ دەدەن و لە ئەنجامی ئەو دەنگدانە سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق دیاری بکرێت. ئینجا با ئەو سەرۆک وەزیرانە تائیفیترین کەسیش بێت لە عێراق، لەو حاڵەتەدا بۆ یەکەمین جار لە دوای سەدام حوسێنەوە، کەسی یەکەمی عێراق- سەرۆک وەزیران- دەزانێت یەکێک لە بژارەکانی بەردەمی بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری، دژایەتیکردنی غەیرە عەرەبە. ئەمڕۆ کوردە سبەینێ فارس.

ئەمە خەیاڵ نییە و بڕوا ناکەم بڕیاربەدەستانی تاران مێژووی عێراقی عەرەبییان لەبیرچووبێت کە بە چەکی ڕۆژئاوایی لە ساڵانی هەشتاکاندا زۆری پێکردن. من ناڵێم هەمان شت دووبارە دەبێتەوە، بەڵام عێراق دڵی پرۆژە ئیقلیمییەکەی ئێرانە و هەر کەمبوونەوەیەک لەو باڵادەستیەی ئێستای ئێران کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو پرۆژەیە. بیهێنە پێش چاوت لە کەرکووک شەڕی عەرەب و کوردە و عرووبە دووبارە بووەتەوە بە دراوی سیاسیی عێراق و ڕۆڵی ئێران لە ڕێکخستنی نێوماڵی شیعی ئەوەندە گرنگ نییە، ئەو کات بڕیاربەدەستانی بەغدا هەست دەکەن کە بژارەی ئەوەیان هەیە یەک تۆز لە تاران دووربکەونەوە و لە بەرامبەر چاوپۆشیی ئەمریکا لە چەوساندنەوەی کورد، عێراق کێشە دروستبکات بۆ ئەو پارە و چەک و چەکدارەی کە بۆ دیمەشق و باشووری لوبنان دەڕوات. لەوە خراپتر عێراقی عەرەبی جگە لە چەکی ئەمریکی، پارەشی لە ئیمارات و سعودیەوە بۆ بێت.

هەڕەشەیەکی دیکەی ئەم دۆخە بۆ تاران سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەیە کە لە 25ی سێپتەمبەری 2017 لە کوردستان دەستپێکرد و ئێستا سڕکراوە. ئەم دۆخە بووەتە هۆی تووڕەبوون و هەستێکی بەهێزی مەزڵومیەت لەنێو زۆربەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە دەکرێت بە شەو و ڕۆژێک ببێتە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بێ وێنە لە مێژووی مۆدێرنی کورددا کە:

1- پێگەی هاوپەیمانە کوردەکانی ئێران لە عێراق لاواز دەکات

2- لە ئەنجامدا پاڵ بە کوردەوە دەنێت شەڕێکی سەرتاسەری بکات.

ئەوەی وای کردووە کە ئەم تووڕەیی و هەست بە مەزڵومیەتە نەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو بزووتنەوەیە، نەبوونی سەرکردەیەکی کوردە کە ئەم دۆخە بە دەرفەت ببینێت بۆ نوێکردنەوە و دووبارە سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کە ئەمجارە لە جیاتی شەرعیەتی شاخ، بە شەرعیەتی ملیۆنان دەنگ لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی قسە دەکات و داوای سەربەخۆبوون دەکات. ئەو کات، مەگەر بە کیمیاباران و کۆمەڵکوژی، تاران و بەغدا بتوانن دابەشبوونی عێراق ڕابگرن، چونکە هاوپەیمانە کوردەکانیان ئەوکات زۆریان لەدەست نایەت بیکەن.

نەبوونی قازی محەممەدێک یان مستەفا بارزانییەک بۆ وەبەرهێنانی ئەم هەستی مەزڵومییەتە و پڕ لە تووڕەییەی ئێستا تەنها ڕێکەوتێکی مێژووییە کە کات بە تاران دەدات بۆ ئەوەی دۆخەکە باش بکاتەوە پێش ئەوەی پرۆسەیەکی ئاڵۆز دەستپێبکات لە عێراق کە

دەرئەنجامەکەی عێراقی عەرەبی و کوردستانێکی سەربەخۆ دەبێت .

***بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان**

WWW.RUDAW.NET
RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



کۆمسای لە دوو ئەلبوومەکەی پەشیمانە « 10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

28-02-2018

# W A N - I F R A



## وان ئـــیـــفـــرا

WAN IFRA

بە مانای یەکێتیی جیهانیی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان دێت. لە ساڵی 1948 دامەزراوە و بنکەی سەرەکی لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیایە. ساڵانە چەند خەڵاتێکی بۆ باشترینەکانی دیجیتاڵ میدیا لە جیهان، ئەوروپا، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقا هەیە

RUDAW.NET

## پۆرتاڵی ڕووداو خەڵاتی باشترین سۆشیاڵ میدیای لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدەستهێنا










ئاکۆ محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی ڕووداو و هێمن لهۆنی، بەڕێوەبەری پۆرتاڵی ڕووداو